# حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو


بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٤) پێنج شەممە،
تەمووزی ٢٠١٠/٧/٨ زایینی
بەرانبەر بە پووشپەڕی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com




له ژمارەی داهاتوودا، دیدارێک لەگەڵ قوباد تاڵەبانی سەبارەت بە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکاو ڕەوەندی کوردو چۆنیەتی کارکردنی بەمەبەستی دروستبوونی لۆبی کوردی لە ئەمریکا بخوێننەوە

## جین ساسۆن گەورە ڕۆماننووسی ئەمریکی لە دیدارێکی تایبەتی بە بەدرخان دەڵێ:

بە ڕای من پێش هەموو شتێک نەتەوەی کورد دەبێت بەدڵنیاییەوە یەکریزبن. هیچی تر لە نێوان خۆیان شەڕ نەکەن، ئەمە کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن و تراژیدییە

ل ١٥





## میوانانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە بەردەم کۆشکی سپی

## فیلمی هەرمان لە واشنتۆن نمایش کرا



لەمیانی چالاکییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن فیلمی سینەمایی "هەرمان" لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن لە ڕۆژی یەکەمی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان و بە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆری کورد و ئەمریکی نمایشکرا.

## زیرەک .. ژیانێک پڕاوپڕ لە داهێنان .. لێوانلێو لە دەربەدەری

**نووسینی دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن**

زیرەک: هەر کاتێ دڵم لە شتێ شکابێ و کاری تێکردبم، ئەوسا داری غەم لەنێو دڵما بەری شیعرو ئاوازی گرتووەو تا ئارەزووم کردبێت چاکترین شیعرو جوانترین ئاوازم بەخۆشترین دەنگ و سەدا وتووەو تا وتبیشم هەر بۆم هاتووە

ل ١٢-١٣



## مەدالیای ئیفتیخار بۆ گەردەنی فارس باوە

ل ٦





ئاراستەی سێیەم

سمکۆ عەبدولکەریم

## ئەولەوییەت

ئەگەر بە ئامانجی بوونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و دواتر قایمکردنی پێگەی دەوڵەتی سەیری پڕۆژەی ستراتیژی بکەین، ئەوە بێشک جێبەجێکردنیان لە ئایندەدا وەک سەروەرییەکی گەورە تەماشا دەکرێ، هەرچەندە لە ئێستادا بە هۆی کۆمەڵێک بابەتی لێکتێنەگەیشتن و سیاسییەوە لەسەر ئاستی نێوخۆی و جەماوەرییەوە ڕەنگە وەک سەرکەوتن تەماشا نەکرێ و هەستی پێنەکرێ، چونکە تا ئەم ساتەش کۆمەڵێک گرفتی گەورە هەن، کە ناکرێ لەم قۆناغەدا ئاوڕیان لێنەدرێتەوە، کێشەکانی ئاو، کارەبا، نیشتەجێبوون، کە سێ کێشەی درێژبووەوەی دوای ڕاپەڕین تا ئێستاش بە شێوەیەک چارەسەر نەکراون بتوانیین پشتی خۆمانی لێبکەینەوە .

بۆیە ناکرێ پلان و ستراتیژییەتی کارەکان لەوەدا قەتیس بکرێ، تەنها بەتەنگ پڕۆژەی ستراتیژییەوە بین، دەکرێ هەموو پڕۆژەکان بەو پڕۆژانەشەوە، کە بە لاوەکی لە قەڵەم دەدرێن بە پلان و ئەقڵێکی ستراتیژییەوە دابڕێژرێن و جێبەجێبکرێن، لە ڕابردوودا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک فەرامۆش و وێران کراوە تا ئێستاش نەتواندراوە پشت لە هەندێ پڕۆژە بکەین، کە لە زۆربەی وڵاتاندا دەمێکە کۆتاییان بەو جۆرە پڕۆژانە هێناوە، بۆیە بە هۆی بارۆخی سیاسی و ئابووری دواکەوتنی جێبەجێکردنی زۆربەی پڕۆژەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە مانا سیاسییەکەیەوە وای کردووە کەمتر بیر لە پڕۆژەی ستراتیژی بکرێتەوە .

ڕەنگە زێدەڕۆیی تێدا نەبێت ئەگەر بڵێم لە کۆی نزیکەی ۱۸۰ گوند و قەزاو ناحییەی ناوچەی باڵەکایەتی، کە یەکێکە لە ناوچە بەرفراوانەکانی کوردستان، تەنیا چەند ناوچەیەک کارەبای نیشتمانی گەیێنراوەتێ، شوێنەکانی دیکە تا ئەم کاتەش لە ڕێگەی مولیدەوە کارەبایان بۆ دابینکراوە، تا ئێستاش نەتوانراوە تۆڕی کارەبای کوردستان بە شاری دهۆک ببەسترێتەوە، ئەمە جگە لە کێشەکانی دیکەی نیشتەجێبوون و ئاو کە ئەو دوو کێشەیەش بە شێوەی جیاجیا لە تەواوی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە .

زۆرجار ئەنجامدانی هەندێ پڕۆژەی ستراتیژی، لە ئایندەدا دەبنە هۆکارێکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی دیکەی لاوەکی، دەکرێ بڵێین لە جیاتی ئەوەی حکومەت خۆی بە هەندێ پڕۆژەی ماوەکورتی کاتی خەریک بکات باشتر وایە دووربینانەتر بڕوانێت، ئەمەش لە پێناو تەمەن درێژی و سەرکەوتوویی ستراتیژی پڕۆژەکان، کە لە ڕابردوودا بە هۆی نەبوونی پلانی ستراتیژی پارەیێکی زۆر بەهەدەر دراوە .

دەکرێ حکومەت هەمیشە لەو پڕۆژانەوە دەست پێبکات، کە پێویستن و پەیوەندییان بە هەموو چین و توێژێکەوە هەیە، ناکرێ لە وڵاتێکدا کێشەی نیشتەجێبوون هەبێت، ئەولەوییەت بە جوانکاری بدرێ، کێشەی کارەبات هەبێت لە هەوڵی قیتکردنەوەی باڵەخانەو ڕووناککردنەوەی جادەوبانەکاندابین.

# حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆنیش سەرکەوتوو بوو

## ڕاگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن

**بە سروودی بەدرخانی خاکپەروەرم، حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان دەستی پێکرد**

بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەری کوردو ئەمریکی لە ماڵی سویدی لە واشنتۆن حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان دەستی پێکرد.

ئەم فێستیڤاڵە کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری بەشی کلتوور و هونەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن سازیکردووە و ماوەی ۲ ڕۆژ دەخایەنێ، ڕۆژی یەکەمی فێستیڤاڵەکە کۆتایی بە چالاکییەکانی هێنا.

لە دەستپێکی فێستیڤاڵەکەدا سروودی بەدرخانی خاکپەروەرم لە هۆنراوەی جەمال عەبدول و ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی پێشکەش کرا، دواتر وتاری بەڕێز قوباد تاڵەبانی بەرپرسی نووسینگەی واشنتۆنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم پێشکەش کرا، کە تێیدا باسی لە گرنگی سازکردنی ئەو فێستیڤاڵانەو دروستکردنی پردی ڕووناکبیری لەنێوان کورد و ئەمریکییەکان کرد، هەروەک جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئیتر ڕووە گەشەکانی کلتوور و هونەر و ڕۆشنبیری گەلی کورد بە گەلانی دنیا بناسێنین.

پانێلی دووەمی ڕۆژی یەکەمی فێستیڤاڵ خواردنی خواردنێکی کوردەواری، کە بۆ ئامادەبووان و میوانان ئامادەکرابوو.

حەمید بەدرخانیش وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانی خوێندەوە، کە تێیدا باسی لە ئامانجی دەزگای بەدرخان کرد لە سازکردنی ئەو فێستیڤاڵانە، ئەویش دروستکردنی پردی ڕووناکبیری لەنێوان گەلی کورد و گەلانی دنیا، هەروەک باسی لە چالاکییەکانی دەزگای بەدرخانیش کرد.

خاتوو فریال حاجۆ بە نوێنەرایەتی سینەم جەلادەت بەدرخان وتاری بنەماڵەی بەدرخان و سینەم بەدرخانی خوێندەوە، کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی لە سازکردنی ئەو فێستیڤاڵە و گرنگیدان دەزگای بەدرخان بە بنەماڵەی بەدرخانیان هیوای سەرکەوتنی بۆ فێستیڤاڵەکە خواستبوو.

فیلمی دیکۆمێنتی ئێرە کوردستانە لە دەرهێنانی هەوراز محەمەد نمایش کراو دواتر هەریەک لە "د. ئازاد حەمە شەریف، د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی، د. ئاکۆ شوانی، شەهلا تاهیر حەیدەری، فریال حاجۆ، د. کەمال مەزهەر، د. عیسام فەیلی" سیمیناری تایبەتی خۆیان پێشکەش کردو بە گفتوگۆی ئامادەبووان کۆتایی بە سیمینارەکان هات.

کۆتایی ڕۆژی یەکەمی فێستیڤاڵەکە نمایشکردنی فیلمی سینەمایی "هەرمان" بوو لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن.

**وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە دیداری یادی ۱۱۲ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی**

میوانە بەڕێزەکان...

بەڕێز... بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن

یادی ۱۱۲ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیتان پیرۆز بێ

ئیمڕۆ ڕۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی، مەبەستمان ڕۆژی "۱۸۹۸/٤/۲۲"ە،کە دەبووایە لەو ڕێکەوتە ۲۰۱۰/٤/۲۲ ئەو یادە پیرۆز بەرزڕاگیرابووایە، بەڵام بۆ ئەم ڕۆژە واتا ۲۰۱۰/٦/۲۹ دواخرا.

ئەمڕۆ یادی ۱۱۲هەمین ساڵوەگەڕی یەکەمین ڕۆژنامەی دایک "نۆبەرە"کوردستان دەکەینەوە، کە ئەوێ ڕۆژێ واتە ۱۸۹۸/٤/۲۲لە قاهیرە لە چاپخانەی دار الهلال لەسەر دەستی جووتەبرا "میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان" بە هاوکاری جۆرج زێدان کە خاوەنی دار الهلال بوو هاتە چاپکردن.

دەزگای بەدرخان هەر لە یادی ۱۰٤ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی ساڵی ۲۰۰٤ وەکو نەریتێکی ساڵانەو دوور لە لاساییکردنەوە ئەو یادەی پیرۆز کردووەو سەرەتا لە ۲۲-۲۰۰٤/٤/۲۳ لە سەنتەری گەنجانی شاری سلێمانی یەکەمین فێستیڤاڵی سازدا. دیارە ئەویش پاش ئەو کارە لەخۆبووردووەی، کە لەشاری موسڵ ئەنجامیدا بە هێنانی نەخشەی عوسمانلی کە هاوڕێ لەگەڵ فارسی برام و ئەبو عیمادی نیشتیمانپەروەری خوالێخۆشبوو کە نەخشەکە پاش ئەوەی گەیەنرایە شاری سلێمانی و تەسلیم بە سکرتارییەتی بەڕێز مام جەلال کرا، لە بەرامبەر ئەم کارە گەورەیەدا دەزگای بەدرخان داوای کرد، کە ساڵانە بتوانرێ فێستیڤاڵێکی ڕۆژنامەنووسی شایستە بەو ڕۆژە ئەنجامبدرێت، مامی ڕۆژنامەنووسان "پیرۆت" ئەم داوایەی قبووڵکرد و لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا لەتەک "د. کەمال مەزهەر، سینەم خان، خوالێخۆشبوو سەلاح سەعدوڵلا، خوالێخۆشبوو ئەورەحمانی حاجی مارف، حەمەی مەلا کەریم، فەرهاد عەونی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، د. مۆفەق دەرگەڵەیی، جەوهەر کرمانج، جەمال عەبدول...." کە فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان بەناونیشانی "هەموومان قەرزاری بەدرخانییەکانین" لەشاری بەغدا ڕێک بخرێ، لەپاشان بەهۆی پشێوی و باری ئەمنی نەتوانرا ئەنجامبدرێت گواسترایەوە بۆ شاری سلێمانی.

هەر لەیەکەم فێستیڤاڵی بەدرخاندا توانرا دوو شتی نوێی دوور لە لاساییکردنەوە ئەنجامبدرێت، ئەمیش شانازییەکی گەورەیە، کە: هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و دەرهێنەری بەتواناو فیلمساز لە کۆمپانیای ئەڤین فیلم هەریەکەیان بە کارێک بەشداری کرد:

۱-سروودی بەدرخانی خاکپەروەرم یا سروودی ڕۆژنامەنووسان ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی، هۆنراوەی م.جەمال عەبدول بۆ یەکەمینجار بەشێوەی ڕاستەوخۆ بە کۆرس گوترایەوە.

۲- فیلمی "پێناسەیەک بۆ ماڵباتا بەدرخانیا" لەلایەن دەرهێنەر جانۆ ڕۆژبەیانی ئامادەکرابوو.

۳- هەر لەو ڕۆژەدا بەڕێز مام جەلال وتارێکی لە هۆڵی عەلی عەسکەری لە دوکان پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسان کردو هەر لەوێدا پشتگیری لە سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخان کرد.

*- دووەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە دهۆک بەناونیشانی "چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم پەیامی بەدرخانییەکانە" لە ۲۱-۲۰۰٥/٤/۲۳توانرا چەندین کار و چالاکی و لێکۆڵینەوە پێشکەش بکرێ لەوانە.

۱- چاپکردنی ئەلبوومی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

۲-دۆزینەوەی ژمارەکانی "۱۰و۱۲"ی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک کە لەلایەن د. جەلیلی جەلیل لە نەمساوە هێنرایەوەو هەر لەو ڕۆژەدا لەنێو ئاپۆرەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا ڕاگەیەنراو پێشکەش بە فێستیڤاڵ کرا.

* -سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە شاری هەولێر بەناونیشانی "لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و بەرز ڕاگرتنی ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسی" ۲۱-۲۰۰٦/٤/۲۳کە لەو فێستیڤاڵەدا توانرا زیاتر لە ۱٥ کتێب چاپ بکرێت جگە لە چاپکردنەوەی هەر"۳۰"ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک، کە لە ۱۸۹۸/٤/۲۲ دەرچوو، لەدوو توێی دوو کتێب لە قاهیرە و تاران چاپ بکرێت و پێشکەش بە میوانان کرا، سەرەڕای چاپکردنی کتێبی "الکرد فی الصحافه العربیه"بە هاوبەشی لەگەڵ کتێبخانەی مەدبولی لە قاهیرە.

* فێستیڤاڵی چوارەمی بەدرخان بەناونیشانی "ئازادی و زۆر لێکردن" لە ۲۲-۲۰۰۷/٤/۲۳لە بەرلین و داوەت کردنی زیاتر لە ٥۰کەس لە کوردستانەوە بۆ ئەڵمانیاو بەشدارییەکی چالاک لە یادی ۱۰۹ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەنجامدرا.

* فێستیڤاڵی پێنجەمی بەدرخان بەناونیشانی "پێش ۱۱۰ساڵ لە قاهیرەخاوەنشکۆی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەدایکبوو " ۲۲-۲۰۰۸/٤/۲۳ لە قاهیرە بە میوانداری ۲۰ کەس لە کوردستانەوە، بۆیە دەزگای بەدرخان شانازی بە لە چاپدانی ژمارەکانی بەدرخان"٥۹، ۷۱، ۹٤"لە چاپخانەی روز الیوسف بۆ سێ ساڵ لەسەر یەک چاپ و بڵاوبکاتەوە، جگە لە چەندین چالاکی هونەری و ڕۆژنامەنووسی.

* فێستیڤاڵی شەشەمی بەدرخان بەناونیشانی "لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلیس" ۱۹-۲۰۰۹/۱۰/۲۰ لە ئەسینا بە میوانداری۱۷کەس لە کوردستانەوە بە دابەشکردنی و چاپکردنی سەرجەم بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، کە لە چاپێکی قەشەنگی پڕۆفیشناڵ لەلوبنان چاپکرا.. جگە لە ئەنجامدانی:

۱- فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ڕۆژنامەنووسی کوردی لە یۆنان نیشاندرا.

۲- فیلمی گۆڤارا هاوار- لە تورکیا بەرهەم هات و لە چالاکییەکی لەندەن نیشاندرا.

۳- فیلمی هاوارا کوردان –لەتورکیا بەرهەم هات لە چالاکی ستۆکهۆڵم نیشاندرا.

سەرەڕای چاپکردنی زیاتر لە ۱۰۰ کتێب و ناردن و میوانداری زیاتر لە"۱٥۰"ڕۆژنامەنووس بۆ وڵاتانی"ئوردن، ئێران، سوریا، فەرەنسا، بەرلین، سوید، قاهیرە، لوبنان،ئەسینا"بەهیواین ۲۰۱۰/٥/۲۲ لە واشنتۆن بە کۆمەڵێک چالاکی وەکو پردێکی ڕووناکبیری لەنێوان گەلاندا پێشکەش بکەین.

ناشیکەین بە منەت بەسەر کەسەوە، هەموو ئەو چالاکییانە یا لەسەر گیرفانی خۆمان و میوانان بووە، یا بڕێکی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، یا لەلایەن کەسەکانی نێو سەرکردایەتی سیاسی کورد پاڵپشتی کراوە، نایشیارینەوە هەردەم گوتوومانە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە ۲۰۰۰/۱۰/۲۲ لەشاری سلێمانی خۆشەویست دامەزراوەو تاکو ئەمڕۆش، کە لە هەولێری پایتەخت کارەکانی بە ڕێک و پێکی ئەنجامدەدات.

سەرەڕای تۆمارکردنی باشترین کتێبی نێو کتێبخانەی کوردی بۆ ساڵی ۲۰۰۹"ئینسکلۆپیدیای هەولێر"بوو، کە بەرهەمی شەونخوونی و ماندووبووونی لیژنەیەکی ئەکادیمی باڵاو کارمەندانی دەزگای بەدرخان بوو، کە لەخۆبووردووانەو ماندوونەناسانە بۆ ٥ساڵ ئەو کارەیان بە ئەنجام گەیاند.

لەیادی ۱۱۲ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بانگەوازی ئەوە دەکەم کە ڕۆژنامەنووسان و هەموو دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان پشکنین و گەڕان بەدوای:

* هەموو ئەو بڵاوکراوە ونبووانەی کە تاکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە، بەتایبەتی ژمارە ۱۹ی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک.

* لێکۆڵینەوەو سۆراغکردن لەسەر بڵاوکراوە کوردییەکان.

* گەڕان و کۆکردنەوەی وێنەی فۆتۆگرافی ڕۆژنامەنووسە نەمرەکان لە هەر کوێیەکی کوردستان بێت.

* بە زووترین کات بتوانین ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕێگای لیژنەیەکی پسپۆڕو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان دروست ببێ و چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

نەمری بۆ قەڵەمە سەربەرزەکان لەم یادەدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ "بەدرخانییەکان، پیرەمێردی نەمر، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، حوسێن حوزنی موکریانی، مستەفا پاشا و مستەفا شەوقی و شێخ نوری شێخ ساڵح ڕەفیق حیلمی و ساڵح حەیدەری و مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا و ساڵح یوسفی و نافیع یونس و گیو موکریانی..."و سەرجەم ڕۆژنامەنووسە زیندووە بە هەڵوێست و ماندووەکان.

بەو بۆنەیەوە مژدە بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەدەین، کە لە ئاییندەیەکی نزیک هەرسێ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک بە چاپێکی تازەو پڕۆفیشناڵ دەخەینە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی و بڵاو دەکرێتەوە.

بەڕێزان:

لەم یادەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی بکەم، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنە سەرپێی عێراقێکی تازە. دیارە ئەم قۆناغە وەرچەرخانێکی باش بوو بۆ گۆڕینی ڕەوشی میدیاو ڕاگەیاندنی کوردی، کە توانای لەڕووی تەقەنیاتی ڕۆژنامەوانی و سیمینار و خول و وۆرکشۆپەکانەوە چ لەناوەوەی هەرێمی کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات، توانای کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ بەسەر بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بهێنێت.

پێموایە بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی وڵاتانی پێشکەوتوو و کوردستان جۆرێکی دیکە لە ئیتکی ڕۆژنامەگەریی، کە زیاتر پشت ئەستوور بوو بە قوتابخانەی لیبراڵی ڕۆژئاواوە، کە وای لە بەشێک لە ڕاگەیەندکاری کوردستان کرد ئاشنا بین بە

←



دیمەنێک لە فێستیڤاڵەکە



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان



جین ساسۆن و د. ئیسماعیل قەرەداغی



عەبدولقادر حەمەد ئەمین و عەبدوڵلا حەسەن زادە



د. کەمال مەزهەرو قوباد تاڵەبانی

شێوازی پرۆفیشناڵانەی ئەوان، بۆئەوەی پرۆسەی رۆژنامەگەریی کوردی بەرەو پێشەوە بەرن، لەم سۆنگەیەوە وەک دەزگای بەدرخان پێمانوایە دەستکەوتی زۆری رۆژنامەوانیمان بۆ دنیای راگەیاندنی کوردی بەدەستهێناوە، بۆیە هەقی خۆمانە لەم یادە پیرۆزەدا ئاماژە بە بەشێک لە کارو چالاکییەکانمان بکەین.

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**


## بەیاننامەی کۆتایی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن - ۲۹و۲۰۱۰/٦/۳۰

بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندی رووناکبیری لەنێوان کورد و ئەمریکییەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری بەشی هونەر و کلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا لەژێر دروشمی "لە کوردستانەوە بۆ ئەمریکا... دروستکردنی پردی رووناکبیری لەنێوان کورد و ئەمریکییەکان" حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخانی لە رۆژانی ۲۹و۲۰۱۰/٦/۳۰ لە کاتژمێر ۱۲ تا ۸ی ئێوارە لە هۆڵی ماڵی سویدی سازکرد. ئەم فێستیڤاڵە بە ئامادەبوونی ئەندامانی شاندی بەدرخان و ژمارەیەک لە میوانانی ئەمریکی کە هەندێکیان سەر بە دەزگا حکومییەکانی ئەمریکا بوون و ژمارەیەکیشیان نوێنەری رێکخراوە ناحکومییەکان بوون و کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و رووناکبیری کورد و بیانی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.
سەرەتا فێستیڤاڵەکە بە سروودی "بەدرخانی خاک پەروەرم" کرایەوە، پاشان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا "قوباد تاڵەبانی" وتاری کردنەوەی فێستیڤاڵی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، کە تیایدا باسی لە پێویستی دروستکردنی پردێکی پتەوی رووناکبیری لەنێوان کورد و ئەمریکییەکان کرد. لە هەمانکاتدا هاوخەمی بەشدارانی ئەم فێستیڤاڵەی بە بنەماڵەی رۆژنامەنووسی جوانەمەرگ ئازاد سدیق محەمەد راگەیاند، هەر لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ناکرێت تەنیا لەرێگای سیاسەتەوە کورد و کوردستان و دۆزە رەواکەی بە دۆست و لایەنگرانمان و میللەتانی سەرانسەری جیهان بناسێنین، بەڵکو سازدانی فێستیڤاڵی لەم بابەتە، کە کلتوور و ئەدەب و هونەری کوردی بە دنیا دەناسێنێت، کاریگەریی یەکجار بەهێز و سەرنجراکێشی دەبێت، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و کۆششی جوامێرانەی هەموو لایەنێکە بەتایبەتی نووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بن.
دواتر حەمید بەدرخان وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانی وەک رێکخەری فێستیڤاڵەکە پێشکەش کرد، کە تیایدا ئاماژەی بە بەردەوامی کاری حەوت ساڵەی دەزگای بەدرخان کرد بۆ سازدانی فێستیڤاڵی هونەری و کلتووری و رۆژنامەنووسی.
تا ئێستا دەزگای بەدرخان لە وڵاتانی "ئەڵمانیا، میسر، یۆنان و ئەمریکا" و لە ناوەوەی وڵاتیش لە شارەکانی "سلێمانی، دهۆک و هەولێر" لەنێوان ساڵانی "۲۰۰٤-۲۰۱۰" بە بەردەوامی و ساڵ لەدوای ساڵ فێستیڤاڵی خۆی سازداوە.
فیلمێکی دیکۆمێنتی بە زمانی ئینگلیزی بەناوی "ئێرە کوردستانە" لە دەرهێنانی هەوراز محەمەد نمایش کرا، کە باسی لە مێژووی کورد بەگشتی و بزاڤی رووناکبیری بە تایبەتی دەکرد.
وتاری بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە لەلایەن شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان بە تایبەتی بۆ ئەم فێستیڤاڵە ئامادەکرابوو باسی لە رۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی بەدرخانییەاکن کرد و هەر لەو وتارەدا سینەم خان پڕ بەدڵ هیوای ئەوەی خواست، کە ئەم فێستیڤاڵە سەرکەوتووبێ و رۆڵی خۆی ببینێت لە ناساندنی کلتووری گەلەکەمان بە میللەتانی دنیا. خاتوو فریال حاجۆ بە نوێنەرایەتی سینەم خان ئەم وتارەی پێشکەشی ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکە کرد.
لە پانێلی یەکەمی رۆژی ۲۰۱۰/٦/۲۹ "د.ئازاد حەمەشەریف باسێکی بەناونیشانی "کاریگەری مێژووی کورد لەسەر ئەدەب... بەراوردکارییەک لە رۆمانی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا" کە لە نووسینی خانمە رۆماننووسی ئەمریکی "جین ساسۆن" بوو، کە رۆماننووسەکە خۆشی ئامادەی فێستیڤاڵەکە بوو.
گرنگی ئەم رۆمانە لەوەدایە کە باس لە مێژووی پڕ کارەساتی میللەتی کورد دەکات و بەشێوەیەکی یەکجار کاریگەر و دڵتەزێن ئەو نەهامەتیانەی بەسەر نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی ۱۹۸۰- ۱۹۸۸ هاتووە لەرێگای خۆشەویستی نێوان پێشمەرگەیەکی کورد و دولبەرە ئازاکەی وێنا کردووە.
هەر دوای تەواوبوونی باسەکەی د. ئازاد حەمە شەریف، خاتوو "جین ساسۆن" لە چەند وتەیەکی بایەخدار و پڕ نرخدا پشتگیری و هاوخەمی خۆی بۆ دۆزی رەوای نەتەوەی کورد دەربڕی و بە خۆشحاڵییەوە باسی لە چۆنیەتی ناسینی کیژە کوردی پاڵەوانی رۆمانەکە کرد و ئەوەشی درکاند، کە رۆمانەکەی بۆ سەر "۱۷" زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە و بەمزووانە لە هۆلیود دەکرێتە فیلم.
دواتر "د. ئیسماعیل قەرەداغی" باسێکی گرنگی بەناونیشانی "کاریگەریی ئەدەبی ئەمریکی لەسەر ئەدەبی کوردی" پێشکەشکرد، کە تیایدا رۆڵی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و هونەری بۆ سەر زمانی کوردی بەرز نرخاند.
لە پانێلی دووەمی هەمان رۆژدا "د. ئاکۆ شوانی "بابەتێکی بەناونیشانی "پەیوەندی کورد و ئەمریکا" خستە بەر باس و لێدوان، پاشتر خاتوو "شەهلا حەیدەری" لەبارەی رۆڵی ژن لە مێژوودا باسێکی پێشکەش کرد، خاتوو "فریال حاجۆ"ش لەبری "د. زەردەشت حاجۆ" بابەتێکی بەپێزی لەبارەی "ژیان و بیروباوەڕی میر جەلادەت بەدرخان" پێشکەش کرد.
پانێلی سێیەمی هەمان رۆژ تەرخان کرابوو بۆ کێشەی کەرکووک، کە تیایدا فیلمێکی دیکۆمێنتی لەبارەی ئەو شارە نمایشکرا، پاشان "پرۆفیسۆر د. کەمال مەزهەر" باسێکی لەبارەی شاری کەرکووک و دەوروبەری، کە بابەتێکی گرنگی مێژوویی بوو پێشکەش کرد، دواتر "عیسام فەیلی" بابەتێکی لەبارەی "رۆڵی سیاسی و ئابووری و کلتووری فەیلییەکان لەمێژووی عێراقدا" پێشکەش کرد.
رۆژی یەکەمی فێستیڤاڵەکە بە نمایشکردنی فیلمێکی کوردی بەناونیشانی "هەرمان" لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن بەکۆتایی هات.
رۆژی دووەمی فێستیڤاڵ کاتژمێر ۲.۳۰ پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد. لە پانێلی چوارەمی رۆژی دووەم "د. نەرمین عەلی" لەبارەی رۆڵی ئەمریکییەکان لە پاراستنی شوێنەواری کوردستان" بابەتێکی پێشکەش کرد، هەر لە هۆڵی فێستیڤاڵدا پێشانگایەکی پارچە سواڵەتی شوێنەوارەکانی کوردستان پیشاندرا.
دوای ئەمە عەتا قەرەداغی بابەتێکی بەناونیشانی "کاریگەریی کلتووری ئەوان لەسەر کلتووری کورد" پێشکەش کرد، کە باسی کاریگەریی خراپی کلتووری ئەو میللەتانە دەکات، کە کوردستانیان داگیرکردووە، پاشان "د. سەروەر عەبدوڵڵا" باسێکی بەناونیشانی "کێشەکانی ناسنامەی کلتووری کورد" خستەڕوو.
پانێلی پێنجەمی رۆژی دووەمی فێستیڤاڵ بۆ قسەودوان و نیشاندانی فیلمی کوردی بوو، هەوراز محەمەد وتەیەکی کورتی وەکو پێشەکی بۆ نمایشکردنی چوار کورتە فیلمی کوردی پێشکەش کرد، فیلمەکان بریتی بوون: لە "ماسی سوور- دەرهێنانی هەوراز محەمەد، باران- دەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت، نەورەس- دەرهێنانی کامەران جەمال، ماڵی مێرووڵەکان- دەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵڵا". دوابەدوای ئەوەش هونەرمەند سەرکەوت تارۆ نمایشێکی مۆنۆدرامی بەناونیشانی "دایک"، کە باسی لە کێشەی کورد بە گشتی و مەسەلەی کەرکووک بە تایبەتی دەکرد، نمایشەکە سەرکەوتووانە پێشکەش کرا.
پاش ئەم نمایشە فیلمی "وڵاتی بەفر" لە دەرهێنانی "هیشام زەمانی" پێشکەش کرا، دوای ئەوەش لە کەشێکی خۆش و مۆسیقایی شاعیرانەدا شیعری دڵشاد عەبدوڵڵا و قوبادی جەلیزادەو سامی هادی و جەلیلی ئازادیخواز بە زمانی کوردی و ئینگلیزی خوێندرانەوە.
دواتر خەڵاتی بەدرخان بەسەر بەشداربووە دیارەکانی ئەم فێستیڤاڵە دابەشکراو بڕوانامەی بەشداریکردنی فێستیڤاڵیش بە سەرجەم بەشداربووانی کوردو ئەمریکی بەخشرا.
هەر لە هۆڵەکەدا "گروپی میوزیکی کوردی لە ڤێرجینیا" لەگەڵ دەنگە بە خرۆشەکەی "رەنجە"ی هونەرمەندبەشدارانی فێستیڤاڵیان هێنایە سەماو هەڵپەڕکێ.
لە دوا وتەیدا قوباد تاڵەبانی وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە گرنگی و پڕ بایەخی و سەرکەوتوویی فێستیڤاڵەکە کردو دەستخۆشی لە بەشی هونەر و کلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کرد.
لە کۆتاییشدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان سوپاسی بێ پایانی خۆی ئاراستەی بەشی هونەر و کلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا کرد، کە رۆڵی زۆر جوامێرانەیان گێڕاوە لە سەرخستنی ئەم فێستیڤاڵە، دوا مۆژدەش کە بە ئامادەبووان درا سازدانی هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بوو لە ساڵی ۲۰۱۱ لە وڵاتی فەڕەنسا.

**نەجات عەبدوڵڵا**
**واشنتۆن - ۲۰۱۰/٦/۳۰**



حەمید بەدرخان و هەوراز محەمەد



بەشێک لە چاپکراوەکانی دەزگای بەدرخان لە واشنتۆن

## بە هەڵپەڕکێ و سەمای کوردی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن کۆتایی هات

دوای دوو رۆژ لە چالاکی بەردەوامی هونەری و کلتووری و ئەدەبی ئێوارەی رۆژی ۲۰۱۰/٦/۳۰ بە هەڵپەڕکێ و سەمای کوردەواری و دابەشکردنی خەڵات بەسەر میوانان و بەشدارانی فێستیڤاڵ کۆتایی بە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن هات.
ئەم فێستیڤاڵە کە لە رۆژانی "۲۹و۲۰۱۰/٦/۳۰ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری بەشی هونەر و کلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن سازیکردبوو، تێیدا لە ماوەی ۲ رۆژدا چەندین چالاکی گرنگ پێشکەشی میوانانی کورد و ئەمریکی بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی کرا.
لە دووەم رۆژی ئەو فێستیڤاڵەدا هەریەک "د. نەرمین عەلی، عەتا قەرەداغی، د. سەروەر عەبدوڵڵا" لێکۆڵینەوەیەکیان پێشکەشکرد و بە سەرنج و راو پرسیاری ئامادەبووان بابەتەکان دەوڵەمەندتر کران.
دواتر چوار کورتە فیلم "ماسی سوور، باران، نەورەس، ماڵی مێرووڵەکان" و فیلمێکی درێژ "وڵاتی بەفر "نمایش کرا، سەرکەوت تارۆ بە شانۆگەری "mom- دایک" درێژەی بە فێستیڤاڵەکەداو خەڵات دابەشکردن و بەخشینی بڕوانامەی رێزلێنان بە بەشدارانی فێستیڤاڵ بەشێکی دیکەی چالاکییەکانی رۆژی دووەم بوو، بەیانی کۆتایی فێستیڤاڵ لەلایەن حەمید ئەبوبەکر بەدرخان خوێندرایەوە، قوباد تاڵەبانیش سوپاسی ماندووبوون و ئامادەبوونی میوانانی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ بەدرخان خواست.
کۆتایی فێستیڤاڵەکە بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی کۆتایی هات، کە گروپی میوزیکی کوردی لە ڤێرجینیا چەندین بەرهەمی جوانیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.



نەجات، کاترین پۆتەرو حەمید بەدرخان



د. ئازاد حەمە شەریف

## کاکم گۆتی



سەرتیپ جەوهەر

## ژینگەو مانگاو ئۆتۆمبێل

کاکم گۆتی لەمرۆژانە برادەرێکم بینی لە وەزارەتی نەوتی ئوستراڵیا کاری دەکرد، باسی لەوەکرد ئەوان ساڵانە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار خەرجدەکەن لەپێناو کەمکردنەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، چونکە مەترسییە بۆ سەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەویء تەنککردنی پەردە یان تەبەقەی ئۆزۆن، وتی لەرێی کونکردنی زەویی تا قووڵاییەکی زۆر گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەکەینەوە هەناوی زەوی.
هەر لەم چوارچێوەیەدا روونیکردەوە کە پیاوێک پێشنیازێکی هەبوو بۆ کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەویش بە لەناوبردنی تەواوی مانگاو چێڵ لەسەر گۆی زەوی لەبەرامبەردا کەنگارۆ بەخێوبکرێ، بەو پێیەی مانگا (قلپ)ی گەورەو زۆر دەداتەوەو رێژەیەکی ئێجگار زۆر دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، بەڵام بیرۆکەی ئەم پیاوە مەنتقی نەبوو، بۆیە نەتوانرا بەهەند وەربگیرێت.
هەرچۆنێک بێت وڵاتانی دنیا پارەیەکی زۆر خەرجدەکەن بۆ کەمکردنەوەی پلەی گەرماو خاوێنکردنەوەی ژینگەو ژیانی خۆیان لەپاشەڕۆو گازی خراپ، چونکە ئێستا مەترسییەکە بۆ هەموانەو بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە تا ۲۵ ساڵی دیکە دەیان شارو وڵات ژێرئاو دەکەون، وەک سیرالیۆنە مۆریتانیاو ئەگەری هۆڵەنداش هەیە.
لەوڵاتی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ مەبدەئی پاککردنەوەی ژینگە رۆژانە سەدان ئۆتۆمبێل دێتە وڵاتەکەمان، بەوتەی ئەفسەرێکی پۆلیس مانگانە زیاتر لە پێنج هەزار ئۆتۆمبێل لەکوردستان زیاد دەکاتء کەسیش ناپرسێتەوە ئاخۆ ئەم زیادبوونە خراپە یان نا، خەریکە جادەوبانەکان ئەوەندە قەرەباڵخ دەبن هاتوچۆ تەواو نەفەسبڕدەبێت، پلەی گەرمای ناوشار ئەوەندە زیاترە لەدەرەوەی شار بە روونی هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە پلەی گەرمای ناو هەولێر لەگەڵ ۸ کیلۆمەتر باکووری هەولێر نزیکەی سێ بۆ چوار پلە جیاوازی هەیە.
مەترسییەکی گەورەیە تائێستا لایەنی پەیوەندیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لەوە نەکردبێتەوە ئەم زیادبوونە بێبەرنامەیە چەندە مەترسییە بۆ سەر پلەی گەرمای کوردستان، بەتایبەتیش هەولێر، کە سەوزایی کەمەو ئامادەیە بۆ گۆڕانێکی خێرای پلەی گەرما، چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام ئۆتۆمبیل گەرمی دەداتەوە، بەتایبەت لەکاتی کارپێکردنی ساردکەرەوە، ئەمە جگە لەوەی بڕێکی زۆر گازی ژەهراویی دەردەداتء دەبێتەهۆی ژەهراویی کردنی ژینگەی کوردستان.
کۆی ئەم قسانە بۆئەوەیە کە وڵاتان بەملیارەها دۆلار خەرجدەکەن لەپێناو کەمکردنەوەی پلەی گەرمیء راگرتنی هاوسەنگی پێکهاتەکانی ژینگەو لابردنی پیسییەکان لەپێناو ژینگەیەکی تەندروست، بەڵام لە وڵاتی ئێمە هێشتا بیر لە مەترسی دیاردەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی نەکراوەتەوە، بەتایبەت کوردستان لەداهاتوویەکی نزیکدا کێشەی وشکبوون ء بە بیابانبوونیشی دەبێت ئەگەر چارەیەک بۆ دابەشکردنی ئاوو ئاودێریی کردنی خاکەکەی نەکرێت.

# حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان سەقامگیرو باڵا دەست نابێ

پارێزەر: کەمال محێدین

گومان لەوەدا نییە، کە پێویستیە بنەڕەتییەکانی ژیانی ئاسایی واتا نەمری و نەژی بریتین لە هەواو ئاوو خۆراکی پاک، بۆیە مسۆگەکردنی ئەم پێویستییانە نەک تەنها گەورەترین ستوونی ژیانن، بەڵکو لە بناغەدا ژیان بوونی نەدەبوو بەبێ ئەم پێویستیانە، هەربۆیە داهێنەری ئەرز و ئاسمان پەروەردگاری خۆشەویست خودای گەورە لەماوەی ٦ ڕۆژ هەموو پێویستییەکانی ژیان و پەرەپێدانی دروستکرد بۆ ئادەمیزاد بەپێی زانیارییەکان"کتێبی تەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆز" لە ڕۆژی یەکەم خودای گەورەو خۆشەویست ئەرز و ئاسمانی دروستکرد لەگەڵ رووناکی و تاریکی، واتا شەوو ڕۆژ، لە ڕۆژی دووەم بۆشایی ئاسمان و هەوری پرکرد لە ئاوو هەوای پاک، لە ڕۆژی سێیەم گیاو سەوزەو گوڵ و درەختی میوەی جۆراوجۆر و بەنرخ بۆ ژیان، لە ڕۆژی چوارەم ڕۆژو مانگ و ئەستێرەکان و ڕۆژ و مانگ و ساڵ و چوار وەرزی ساڵی دروستکرد و لەڕۆژی پێنجەم دەریاکانی دروستکردو پڕی کردن لە ماسی و حووت و ئاسمانیشی پڕکرد لە باڵندەکان، لە ڕۆژی شەشەم گیانلەبەرەکانی دروستکردو پاش هەموانیش ئادەمیزادی یەکەمی دروستکرد، کە ئەوانیش حەزرەتی ئادەم و حەوا بوون، ڕۆژی حەوتەم خودای مەزن کارە گەورەکەی خۆی تەواوکردو پشوویدا.

لەم ڕاستیانە بۆمان دەردەکەوێت، کە مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی ژیان پێشی داهێنانی ژیانە، ئەمەش دەستوور و یاسای داهێنەری ئەم جیهانەیە بە ئەرزو ئاسمان و هەواو خۆراک، بۆیە دەبێ ئێمەش لە یاسای ژیان و پەرەپێدان و پێشخستنی بەردەوام بین و لە مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی درێخی نەکەین، بۆ نەبوونیان هیچ پاساوێک قبووڵ نییە.

بەڵام بەداخەوە لەهەموو کۆمەڵگاکانی جیهان پڕە لە خۆپەرستی و دڕندایەتی و فرت و فێڵ و زۆرداری و هەڵپەرستی زۆر لە دەسەڵاتدارە خوا نەناسەکان دەستیان گرتووە بەسەر تەواوی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ژیان، هەربۆیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر نزیکەی زیاتر لە١،٥ یەک ملیار و نیو مرۆڤ لەژێر پلەی هەژاری و برسییەتی نەمری و نەژیی ڕۆژگار بەسەر دەبەن، ئەم چارەنووسە ڕەش و گران و بێ ئەندازەش لە مەترسی مانەوەی ژیانیان گەلێ هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، تەنها زوڵم و زۆرداری و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ژیان نییە، بەڵکو زۆرجار ئەم ڕەوشە دەگەڕێتەوە سەر کەش و هەوای سروشتی وەک سەرماو گەرمای زۆر یا وشکەساڵی یاخود نەبوونی هەندێ لەو سەرچاوانەی ژیان لە هەندێ وڵاتانی دنیا لە هەمووشیان مەترسیدارتر بێکاری و تەمبەڵی و بێ خەمی دەوڵەت و کاربەدەستانی وڵاتە لە چارەنەکردنی ئەم چەشنە قەیرانە بە کۆمەڵکوژە.

ئێمەی کوردیش لە سەرانسەری کوردستان بەهۆی جۆراوجۆر دێنێ، ڕاستە ئێمە بە بودجەی کاتی واتا مسۆگەر نەکراو دەوڵەمەندین، بەڵام ئەو دەوڵەمەندییە ڕەنگە هەتا سەر و درێژخایەن نەبێت، بۆیە دەبێ زۆر بە وردی و بە جدی و لەخۆ بوردنەوە بیر لەخۆمان بکەینەوە.

کاک د. بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەڵێت: لە ٦٠٪ لە سەدا شەستی بودجە دەدەینە مووچەخۆران، کە زیاتر لە نیوەیان ڕەنگە پێویست نەبن یا شایستەی ئەو پارە نەبن، کە لەو حکومەتەی خۆمان وەریدەگرن، لەم ڕۆژانە سەرۆک وەزیرانی یۆنان گوتی: ئێمە لە ١١٪ی بودجە دەدەینە مووچەخۆران، خەریکبوو وڵاتی یۆنان سەرەوژێر بێت، هەروەها لەهیچ وڵاتێکی دنیا ئەم ڕێژەیە سەرف ناکرێت بۆ مووچە خۆران وەک لە کوردستان هەیە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری ماوەی بودجەکە سەرف دەکرێت لە هێنانی کاڵای جۆراوجۆر و هەمە چەشنە، کە زۆریان لەئاستی پێویست زیاترن، وەک ئۆتۆمبێل و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی موبایل و کەلوپەلی کارەباو خواردەمەنی و جگەرەو خواردنەوەو جلوبەرگ بەرزبوونەوەی باڵەخانەکان زیاد لە پێویست و دروستکردنی مەلەوانگەی زل بۆ ژن و پیاوان و گۆڕانکاری ڕۆژانە لە تێکدان و دروستکردنەوەی شەقام و باخچەو مەیدانەکانی هاتووچۆکردن و برەودان بە بازاڕی نا ئازاد و بەرەڵلاو زیادە ڕووی لە بەخشینی پلەو پایەو مووچەی زۆر و دروستکردنی بارەگاو شوێنی فەرمانگەکان بە پارەیەکی یەکجار زۆر و خەیاڵی ئەمانەو زۆری دیکەش ڕەنگە لەکاتێکی شیاوو گونجاو خۆش و باش بن، بەڵام لەپێش دابینکردنی ئەمجۆرە زیادە سەرفکردنە دەبێ ڕوو بکەینە داخوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا ئێستا زیاتر لە٥٠٪ لە سەدا پەنجای خەڵکی کوردستان هەوای پاک ئاوی پاک خواردنی پاکی دەست ناکەوێت، زۆربەی خەڵکی کوردستان هاوار هاوارییەتی لە بێکاری و هەژاری و نەخۆش و نەخوێندەواری لەهیچ وڵاتێک لە دنیا دەرمانی چاک و خراپ نافرۆشرێت بۆ نەخۆش دەرمانەکە چاکەکە بۆ دەوڵەمەندو خراپەکەش بۆ هەژاران، دەک خودا قبووڵی نەکات لە چینی نا شەعبی خراپترین کاڵاو دروستدەکرا، لەگەڵ پێڵاوی جۆراوجۆر وەک: کڵاش، کارەک، یەمەنی، سۆل، لاستیک، قاپ قاپ لەگەڵ فەرش و جاجم و بەڕەو جوال و ڕەشماڵ و خرارو لباد و ڕانکو چۆغەو خام و قوماشی چیت، هەروەها گۆشت و مریشک و هێلکەو شیر و پەنیر و ماست سەرەڕای هەموو بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وەک: گەنم و جۆو برنج و ڕەشکەو کونجی و پەمۆ و تووتن و نیسک و ماش و فاسولیاو بامیەو تەماتەو سەوزەو... هەنار و هەنجیر و ترێ و هەرمێ و هەروچکەو سێو گوێز و باوی و سماق و مازی و بەڕوو... هەموو ئەم بەرهەمانە ونبوون و پاشەکشەیان کرد و ئێستا بە ملیارەها دۆلار هاوردە دەکرێن، بەڵێ ڕەنگە هۆی ئەوەبێت لە قاتی ساڵانی شەستەوە پاش شۆڕشی ئەیلوولی مەزن سووتاندنی وڵات و دەربەدەری خەڵک و هەژاری و زۆرداری ئەم بەرهەمانەی پەک خستبێ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، کە خەڵک لە هەموو کوردستان ئامادەو بەتوانایە بۆ بەرهەمهێنان ئەگەر پارەو ئارامی هەبێت، ئێستاش لەسایەی خوێنی پێشمەرگەکانی کوردستان و

## بۆ دابینکردنی تەواوی فیدراڵییەتەکەمان و مسۆگەرکردنی هەمیشەش هەموو پێویستییەکانی ژیان و سەربڵندی و سەروەری کوردستان پێویستە لەمەودوا هەنگاوی کاک د. بەرهەم ساڵح لەپێشەوە بۆ بەرهەمی ساڵح بێت

تووشی ئەم قەیرانە هاتووینە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا، دیارە کە زوڵم و زۆری حکومەتەکانی "ئێران و تورکیا و سوریا"هۆکاری گەورەو کاریگەرن بۆ دروستکردنی هەژاری گەلی کورد لەم بەشانەی کوردستان، بەڵام لە کوردستانی باشوور واتا لە کوردستانی عێراق لەسایەی خەباتی سەختی خوێناوی گەلی کورد و عەرەب وڵاتمان ئازاد و سەربەخۆیە، زوڵم و زۆرداری تا ڕادەیەکی زۆر نەماوە بودجەی ساڵانەی عێراقی فیدراڵ نزیکەی "٥٠"پەنجار ملیار دۆلار بە باج و کۆمەکەکانیشەوە، کە ڕەنگە لە بودجەی وڵاتانی وەک ئوردن و سوریاو لوبنان زیاتر بێت، کە هەریەکەیان ژمارەی دانیشتوانیان زۆر لە ئێمە زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ژمارەیەکی یەکجار هەژار و لێقەوماومان هەیەو نانی ڕۆژانەیان نییە ئەگەر وەزع باش نەکرێ ئەو ژمارەیە لە زیادبووندا دەبێت و کارەساتی خراپ لەگەڵ خۆی و پێڵاو و ئاڵتوون و زیوو و زێدەڕۆیی لە مانگانەی پلەو پایە بەرزەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەریەکێک لە ئێمەی کورد تەماشای ناو ماڵەکەی خۆی بکات بە کەول و بەپێی ناو ماڵ و جلوبەرگ و خواردەمەنی دەبینێت لە ٩٥٪ یان هاوردەن واتا لە دەرەوە بۆمان دێت و هیچمان بەرهەمی خۆمان نینە، ئەمە دەبێتە هۆی چوونە دەرەوەی پارە قورسەکانمان، دواییش کاریگەری ڕاستەخۆ دەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری و برسییەتی زووتر لە سەرانسەر وڵات.

واتا سەرفکردنی لە ٦٠٪ی بودجەی کوردستان بۆ مووچەخۆرانەو ئەوەی دەمێنێتەوەش بۆ هیچ کارێکی وەبەرهێنان سەرف ناکرێت، بەڵکو لە ڕازانەوەو جوانکردنی هەندێ لە شارەکانی کوردستان و دیوەخانە گەورەکانی خوا پێدراوان سەرف دەکرێت.

بەڵێ جوانکردنی شارەکان و جلوبەرگ و خواردەمەنیمان بۆ دێت بە باشترین پارەی قورسی خۆمان "دۆلار" خۆ وڵاتانی دراوسێ کوردستانیان کردووە بە بازاڕی شەعبی "هەژاران"ی خۆیان، خراپترین کەلوپەل و خواردنمان بۆ هاوردە دەکەن بە باشترین پارەی خۆمان، هەموو ئەو دەردەسەری و هەژاری و نەخۆشییەمان سەرەڕای بودجەی زۆرو کەمی دانیشتوانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پیلان و دڵسۆزی و بیرکردنەوە لە دوارۆژە نزیکە تاریکەکەمان.

خوێنەری بەڕێز تا ساڵانی پەنجاکان لەشارێکی وەک شاری کۆیە تا ڕادەیەکی زۆر خەڵکی ئەم شارە هەموو پێویستییەکانی ژیانی خۆیان مسۆگەرکردبوو، لەم شارە هەموو ئامێرەکانی کشتووکاڵ دروستدەکرا لە جەنجەر و گاسن و داس و خاکەناس و پێمەڕەو دوو دەوو تەورداس و بیورو خەنجەر و تفەنگسازی و قاپ و مەنجەڵ و کەوچک و سینی و مەسینەو.... هەروەها چوار جۆرە سابوون خەباتی ٦٠ شەست ساڵەی گەلی کورد پارەو ئارامی و سەربەخۆیی بەقەرارە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش کاربەدەست و لێپرسراوە دڵسۆزەکانمان بەتایبەتی جەنابی مام جەلال کاک مەسعود بارزانی و د. بەرهەم و پەرلەمانی کوردستان وەک پێویست نەچوونەتە ناو ووردەکاری خراپییەکانی ژێرخانی ئابووری کوردستان و چۆنییەتی چارەسەرکردنی، بەڵێ زۆر کاری باشیان کردووەو دەستیان خۆشبێت، زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیگریان دەکەن، بەڵام ئەم پشتگیرییە سنووردارە بە بووژانەوەی ئابووری تەواوی کوردستان، ئەگینا هەموومان دەکەوینە ناو قەیرانی برسییەتی و هەژاری، کە ڕەنگە زۆربەمان نەتوانین بەسەربڵندی و دەم ڕاستانە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان قسە بکەین، نەبادا بودجەکەمان ببڕن لە بەغداوە بۆمان نەیەت خۆشمان خاوەنی هیچ بەرهەمێک نین و دەڵێن: لەماوەی یەک مانگ بەبێ مووچەی بەغدا لەبرسان دەمرین، ئەمە کاری بێکارانە بۆیە دەبێ ئێمە کاری وەبەرهێنان بکەین، دەبێ هەوڵبدرێت هەموو مووچەخۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببنە بەرهەمهێنەر، دەبێ هەموو کارگەو کێڵگەو ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بخرێنەوە گەڕ، دەبێ ڕوو بکەینە کشتوکاڵ و پیشەسازی و مەڕداری، دەبێ لەکاری بچووکەوە دەست پێبکەین پایە پایە بەرەو سەرکەوتن بچین، با چیتر بازاڕەکانمان نەبن بە زبڵخانەی سەرمایەدارانی بێگانە، با بەجددی و دڵسۆزانە شکستەکانمان دەستنیشان بکەین و چارەی بنەڕەتیان بۆ دابین بکەین، ئەگەر گوند و دێهات نەبووژێتەوە شارەکان پێشکەوتن بەخۆیانەوە نابینن، واتا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە چاو بخشێنێتەوە بەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٠ بە چەشنێک هەموو پێویستییەکان بۆ بەگەڕخستنەوەی کشتوکاڵ و مەڕداری و پیشەسازی دابین بکەن، لەپێش هەموویانەوە دابینکردنی "ئاو" ئەمەش گەورەترین کارو کردەوەیە بۆ کوردستان، کە تەنها لە کاک مەسعود بارزانی و د. بەرهەم دەوەشێتەوە بڕیار بدەن بە هێنانی ڕووبارێکی لە ئاوی ئیفراز بۆ هەولێر و پڕۆژەکانی ئاوی بێخمە و گۆمەسپان و شارەزوور و گەرمیان و دهۆک بخەنە بواری جێبەجێکردن لەگەڵ هێنانی ئامێر و پەین دەرمانی هەموو نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ و مەڕداری و پشتگیریکردنی کارگەکانی پەلەوەر و ماسی و هەموو سەرچاوەکانی گۆشتی سوور و سپی.

زۆر جێگای سەرسوڕمانە تائێستا کارەباو ئاوی خاوێن بۆ زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان دابین نەکراوە، سەرەڕای هەموو ئەو پارە زۆرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر بۆیەش خەڵکی ئەم دێهاتانە ناگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

دابینکردنی زۆرترین و باشترین دەستکەوت بۆ زۆرترین کەس لەناو کۆمەڵگای کوردستان بە زووترین کات و کەمترین نرخ لە ئاوات و ئامانجی هەرە گەورەی خەڵکی کوردستانەوئەوپەڕی سەربڵندیشە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی بەڕێز و حکومەتە خۆشەویستەکەمان.

گوێنەدانی جددی بە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان کۆمەڵێک ڕەخنەو پرسیار و گلەیی و گازندەی ورووژاندووە، خۆزگە ناوە ناوە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود و د. بەرهەم سەردانی بازاڕ و شوێنە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد وەک چایخانەی شەعبی سلێمانی و چایخانەی خانە نشینان لە هەولێری پایتەختی کوردستان تا وەڵامی ئەو ڕەخنەو گازندەو پرسیارانە بدەنەوە، گومانم نییە لەوە، کە زۆر بەڕێز و گەورەییەوە پێشوای دەکرێن، هیچ مەترسیش لەسەر ژیانیان نییە، چونکە تائێستا خۆشەویست و جێگای متمانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانن، بەم سەردانانەیان گەورەترو زیاتر خۆشەویست دەبن.

زۆرجار باس لەوە دەکرێت کەوا ئەم گوێنەدانە بە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان و سەرفکردنی بودجەکەمان بۆ جوانکاری و کەلوپەلی زیاد و بۆ مووچەخۆری بن سێبەر سەرچاوەکەی فشار و پیلانی دوژمنانە بۆئەوەی کوردستان نەکەوێتە سەر پێی خۆی و پشت ئەستوورنەبێت بەبەرهەمی خۆماڵی و حکومەتەکەشمان سەقامگیر و باڵادەست نەبێت لەلایەک لەلایەکی دیکەوەش کوردستان بەند و ئەسیری حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا سوریا بێت و دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانی یان لەسەر حیسابی کوردستان کاڵا خراپەکانیان بە نرخە زۆرەکان بفرۆشنە خەڵکی کوردستان.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە و بۆ دابینکردنی تەواوی فیدراڵییەتەکەمان و مسۆگەرکردنی هەمیشەش هەموو پێویستییەکانی ژیان و سەربڵندی و سەروەری کوردستان پێویستە لەمەودوا هەنگاوی کاک د. بەرهەم ساڵح لەپێشەوە بۆ بەرهەمی ساڵح بێت.



# پلانی دەستبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنی لیوای "٣"ی سوپای عێراق لە ساڵی "١٩٦١" لەلایەن ئەندامانی "پ.د.ک"



حەمید ڕەشاش

**چۆنیەتی دارشتنی پیلانەکە:**
لە مانگی "٨"ی ساڵی "١٩٦١" لیوای "٣"، کە پێکهاتبوو لە "٣" فەوجی پیادە و پێکهاتەکانی وەکو تۆپخانەو سریەی نەقلیاتی سەیارات و سریەی نەقلیاتی حەیوانات بۆ "فەرەزیات" چووینە ناوچەی ڕەواندز و دەوروبەری فەوجەکەی ئێمە لە بەرزێوە بووین، ئەو کاتە بەشی هەرە زۆری ئەفسەرو عەریف و نائب عەریف و سەربازەکانی لیوای "٣" کورد بوون، بەشەکی زۆر کەمی عارەبی تێدابوو، ڕێکخستنی پارتی لەناو سووپا زۆر لە گەشەکردن دابوو، سەرۆک بارزانیش لە عەبدولکەریم قاسم توورەبوو. گەڕابۆوە بارزان، قسەو دەنگوباس زۆر بوو جەماوەری پارتی باسی شۆڕشیان دەکرد، سەرکردایەتی حزب خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ شۆڕش، دەنگوباس وا بڵاوبوونەوە سەرۆک عەشیرەتەکان خۆیان ئامادەکردووەو خەریکی کۆکردنەوەی چەکدارن، بە زۆری باسی عەباسی مامەند ئاغا و شێخ حوسێن بۆسگین و کوێخا سمایلی تەڵان و مینەی عەلیاغەی ڕایەتی دەکران. دەیانوت لەشکرەکی زۆر کۆکراوەتەوە و ئامادەنە بۆ شۆڕش، بەڵام سووپا بە هیچ شێوەیەک خۆی ئامادە نەکردبوو، لەو باوەڕەدا نەبوون کورد شۆڕش بکات. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خەڵک ڕوویان لە پارتی دەکرد و پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە دەکرد، ئێمەی ئەندامانی حزب بیرمان لەوە کردەوە ئێستا کات لە بارەو هەموو شت دەکرێ دەتوانین سوود لەوکاتە وەربگرین و کارەکی وا بکەین وەکو دەستپێشکەری دیارییەکی باش پێشکەش بەکوردو حزبەکەمان بکەین و دەنگ بداتەوە. دیارییەکەش پلانی دەست بەسەرداگرتنی هەمووچەک و تەقەمەنی لیوای "٣" بوو، بۆ ئەو مەبەستە لێپرسراوانی حزبی هەر سێ فەوجەکە و لێپرسراوی سریەی گواستنەوەی سەیارات و لێپرسراوی سریەی حەیوانات و لێپرسراوی تۆپخانە چەند جار کۆبوونەوەمان کرد، بەشداربووانی کۆبوونەوەکان:
١- نائب زابت خورشید شێرە لێپرسراوی فەوجی دوو بوو.
٢- نائب عەریف حەمید ڕەشاش لێپرسراوی فەوجی سێ بوو.
٣- نائب زابت حەسەن زیوەیی لێپرسراوی فەوجی یەک بوو.
٤- محەمەد خەیات لێپرسراوی سریەی گواستنەوەی سەیارات.
٥- نائب عەریف مەولوود کافرۆش لێپرسراوی سریەی گواستنەوەی حەیوانات.
٦- نائب زابت عەبدولرەزاق بێتووشی لێپرسراوی سریە بوو لە ژیان ماوە.
٧- نائب عەریف محەمەد عەلی ئیسماعیل بەشدار بوو.
٨-نائب عەریف عەبدوڵڵا عەباس لێپرسراوی سریەی دوو بوو.
٩- نائب عەریف محەمەد سەدیق بەشداربوو.
١٠- عەریف سەعید مەلا ئەحمەد بەشداربوو.
١١- نائب عەریف عەلی مەلا ئەحمەد بەشداربوو.
١٢- نائب عەریف عوسمان بەکر بەشداربوو.



خورشید شێرە

بڕیارماندا لە پاش دەست بەسەرداگرتنی هەموو چەک و تەقەمەنییەکان، بیدەینە لەشکری حزب و هەموومان بچینە ناو ڕیزەکانی لەشکری کوردستان، ئەو کارەش زۆر ئاسان بوو، ئەمەش چونکە:
١- نە چەک دابەش کرابوو بەسەر سەربازەکان نە فیشەکیش دابەشکرابوو.
٢- هەر بەیانییان بۆ ماوەی "٣" کاتژمێر چەک وەردەگیرا تەنیا لەکاتی مەشقکردن، لە پاش مەشقکردن هەموو چەکەکان وەردەگیرانەوە، لەناو مەرجەبەکان دادەنران، کە چادربوون.
٣- بەشی زۆری مەئموری مەرجەبەکان ئەندامی پارتی بوون.
٤-عەمباری فیشەکەکان لە جێگایەکی دوور بوو، لێپرسراوەکەی ئەندامی حزب بوو.
٥- پاسەوانەکانی بەندیخانە تەنیا دوو فیشەکیان هەبوو، سەرۆکی پاسەوانەکان ئەندامی حزب بوو.
٦- لەبەشی لاسلکی و تەلەفۆنات پەیوەندییەکانیش ئەندامی حزب دانرابوون بۆئەوەی لەگەڵ دەست پێکردنی پرۆسەکە هەموو پەیوەندییەکان ببڕن و بێنە لای خۆمان.
٧- هەموو ئەندامێکی باوەڕپێکراو ئەرکی خۆی بۆ دیاری کرابوو.
هەموو کارەکانی پێویست تەواوکرابوون، هەر لەسەر ئەوە مابوو ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی و سەرۆک بارزانی وەربگیرێت بۆ جێبەجێکردنی ئێمە، داوای چەند دەمانچەکمان کردبوو بۆ کاتی دەست پێکردنی پیلانەکە هەروەها داوامان کردبوو لەشەوی ئەنجامدانی کارەکە حزب بۆ هەر فەوجێک "٨٠" کەس ئامادە بکەن لە نزیک مەعسکەرەکان بۆ گواستنەوەی چەکەکان و فیشەکەکان و دەبێ حزب ئاگادار بێ لەکات و ساتی ئەنجامدانی بۆ پەیوەندی کردن بە سەرۆک بارزانی، ئێمە دوو کەسایەتی ناوداری ناوچەکەمان بە شێوەی نهێنی دەناسی، کە ئەوانیش:
١- عەبدولوەهاب ئاغای جوندیان بوو. ٢- جەلال بەگی دەرگەڵەیی بوو. ئێمە لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئاغا جۆرە نهێنییەکمان هەبوو، هەر کەسەک لە ئێمە چووبا لای عەبدولوەهاب ئاغا، ئەگەر ئەو نیشانەی نەزانیبا وەکو ئەندامی حزب قسەی لەگەڵ نەدەکرد، نیشانەکەش ئەوە بوو هەر کەسەی دەمان ناردە لای لەکاتی تۆقەکردن بە دوو پەنجە پەنجەی گەورەی ئاغای دەگوشی، ئەوە بوو نیشانەکە، ئێمە پێشتر وتمان سەرۆک لە بارزان بوو، دەمانزانی عەبدولوەهاب لەلای سەرۆک بارزانی خۆشەویستە، ناچاربووین داوا لە عەبدولوەهاب ئاغا بکەین بچینە لای سەرۆک بارزانی و نەخشەی پلانەکەی بۆ ببات و وەڵامیشمان بۆ بێنێتەوە، بۆ سەردانی عەبدولوەهاب ئاغاو ناردنی داواکەمان کاک خورشید شێرەمان نارد، کاک خورشید لە یاداشتەکەی "خەبات و خوێن" لە لاپەڕە "٢٤و ٢٥" زۆر بە کورتی باسی کردووە بەڵام وا دیارە کاک خورشید بە باشی لەیادی نەماوە. عەبدولوەهاب ئاغا داواکارییەکەی ئێمەی بۆ سەرۆک بردو وەڵامیشی بۆمان هێناوە، سەرۆک فەرموو بووی جارێ زووە ئێمە خۆمان ئامادە نەکردووە بۆ شۆڕش و ڕازی نییە دەست لەخۆتان بدەن، لەهەمان کات لە ڕێگای پەیوەندییەکانی حزب "م. س" مان ئاگادار کردبوو بۆ هەمان مەبەست، وەڵامی "م. س" گەڕاوە وتیان لەفڵان ڕۆژ لە کاتژمێر ١٠ی شەو بە ئۆتۆمبێلەکی جێبی ئەمریکی، کە ژمارەکەی ئەوەندەیە، مامۆستا مەلا ئیسماعیل دێتە لاتان لە بەرامبەر گوندی بەرزێوە چاوەڕوانی بکەن بۆ تاوتوێکردنی داواکارییەکەتان هاوکاری بکەن بۆ دیتنی مامۆستا مەلا عەولا، من و نائب عەریف عەبدوڵڵا عەباس دوو شەو هەتا بەرەبەیان لەهەمان شوێن چاوەڕوانی مەلا عەولا بووین بۆ ڕۆژی سێیەم وەڵاممان بۆ هات، مامۆستا مەلا عەولا لە ڕێگا تووشی کێشە بووە نەیتوانی سەردانتان بکات لە پاشان ئەوەندەی نەبرد پۆلیسە قارەمانەکانی هەولێر بەسەرکردایەتی خوالێخۆشبوو عەریف عوسمان یوسف و هەڤاڵەکانی چەک و جبەخانەکانی سەرای هەولێریان هێناوەو چوونە ناو لەشکری کوردستان لەشاخی سەفین، ئەوکارە دەنگی داوە حکومەت وریا بۆوە و باوەڕی لەسەر سەرباز و پۆلیسی کورد کەم بۆوە، کارەکەی ئێمەش سەری نەگرت و لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئاغا لەیەکتر دابڕاین تا ساڵی "١٩٦١" مانگی "٦" لەکاتی مەرکەزەکەی ڕایات گەمارۆ درابوو لەلایەن لەشکری سەرۆک بارزانی لەوکاتە من لەگەڵ ئەندامانی "م. س" سەردانی بارزانیمان کرد لە حاجی ئۆمەران لە گوندی ڕایات، شەو بوو تووشی خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئاغا بووم، ئەویش دەچووە لای سەرۆک یەکترمان دیتەوە و خۆشحاڵ بووین بە یەکتر دیتن، من دەڵێم گەلی کورد زۆر بە دڵسۆزی بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کرد، بە تایبەتی لیوای هەولێرو پۆلیس و سەرباز ئەگەر چاکە لەبەر چاوبێ.

**بەشی دووەم**



عەبدولڕەزاق بیتوشی، ١٩٦٤



عەبدولڕەزاق بیتوشی، ١٩٦٤

---



مرۆ (١٣٠)

حەمید بەدرخان

## پردی سەرفرازی

ئەمساڵیش حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٩و ٢٠١٠/٦/٣٠ لە واشنتۆن بە سەرکەوتوویی بەڕێخرا. ئەگەر فێستیڤاڵەکانی ناوەوەی هەرێمی کوردستان "سلێمانی، دهۆک و هەولێر" ئاسایی بوو بن، ئەوا هەرگیز سازکردنی فێستیڤاڵەکانی "بەرلین، قاهیرە، ئەسینا و واشنتۆن" ئاسایی نین. پێشتر لە خەمی ئەوەدابووین چۆن بتوانین ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بۆتەی یەک فێستیڤاڵدا کۆبکەینەوە و ئامانجیش لە سازدانی فێستیڤاڵەکان ئەو چالاکییانە بوو کە هەموو ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان شاهیدی حاڵن و بە تایبەتی "سینەم خان جەلادەت بەدرخان و د. کەمال فوئاد و د. کەمال مەزهەر..." کە توانرا چەندین دەستکەوتی گەورەی ڕۆشنبیری بەدەستبهێنێت.
سەبارەت بە چالاکییەکان و سازدانی فێستیڤاڵەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان "٢٠٠٧-٢٠١٠" کە زەنگی ئەوەی لێدا دەبێ ئێمەش وەکو میللەتانی دیکە پردێک دروست بکەین بۆ ئەوەی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی و ڕووناکبیری گەلی کورد بگەیەنینە گەلانی زیندووی دیکەی دنیا.. لە چەندین چالاکی ڕۆژنامەنووسی و هونەری و کەلتووری لە "قاهیرە، تاران، لەندەن، سوید، ئەڵمانیا". ئەوەشیان تەکانێک بوو بۆ ئەوەی لە دەرەوەی فێستیڤاڵەکانی بەدرخان چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان بەهاوبەشی و هاوکاری گروپ و دەزگای دیکە کارەکانی ئەنجام بدرێت و سەرەنجام چەندین دەستکەوت و کۆمەڵێک کاری هاوبەشی لێکەوتەوە.
ئەگەر پەیامی دەزگای بەدرخان پردی ڕووناکبیری بێ لەنێوان گەلان، بۆ ئەمەشیان پەیامە پیرۆزەکەیان گەیشتووەو سەیری دەرەنجامەکانی ئەو پردە ڕووناکبیرییە بکەن و ببینن و چۆن توانیویەتی ئامانجەکانی بپێکێ:
١- چاپکردنی کتێبی "الکرد فی الصحافه العربیه" بە هاوبەشی لەگەڵ کتێبخانەی مەدبولی لە قاهیرە.
٢- چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک "کوردستان" لە دووچاپی قەشەنگ "٢٠٠٥-٢٠٠٦" لە تاران و قاهیرە.
٣- چاپکردنی هەفتەنامەی بەدرخان ژمارەکانی "٥٩، ٧١، ٨٠-٨١، ٩٣، ٩٤" لە قاهیرە ٣ جار لە بەیروت و بەرلین و تاران" سەرەڕای ناسین و ناسینی کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی میسری و یۆنانی و ئەڵمانی و ئەمریکی" بە نموونەی "عەلوانی مەغیب و دەزگای روز الیوسف و عەلی بەدرخان و کتێبخانەی مەدبولی و کاراسی یۆنانی ئەو پیاوەی دەیخواست کوردبێ و شانازی بەکوردان دەکات و هەروەها خاتوو پۆلینا لامپسا کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی سۆسیالیستی یۆنانییە، جین ساسۆن و کاترین پۆتەر و ساموێل لام هی کەنەدا و کەسانی تر، کە زۆر شێلگیرانە داکۆکی لە مافی ڕەوای کوردان دەکەن.
ناشکرێ لەم فێستیڤاڵەدا باسی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی خاتوو "جین ساسۆن" نەکەین، کە ڕۆمانی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا" نووسیوە، لە ڕۆمانەکە باسی ئازار و چەرمەسەری کوردان دەکات و لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن ڕۆڵی کاریگەری گێڕا لە سەرکەوتنی فێستیڤاڵەکە.
لە وتەی بەخێرهاتنی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا قوباد تاڵەبانی گوتی: "هەتا دوێنێ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دۆستەکانمان سیاسی بووە، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە دەبێ کەلتووریش ببێتە پردی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و گەلانی دیکە. چونکە دەکرێ لەو ڕێگایەش کاریگەریی ڕووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندانی کورد جێگای خۆی بگرێ."
بۆیە لێرەداو هەر لە مینبەری بەدرخان دووبارەو سێ بارەی دەکەینەوە، کە دەزگای بەدرخان هەرچی لەتوانایدا هەبێ دریغی ناکا بۆ ئەوەی ئەو پردە بەهەموو دنیا بگەیەنێت بۆ ئەوەی مرۆڤدۆستەکان و ئەوانەی بۆ ژیاندۆستی و ژیانخۆشی دەژین بەیەکەوە بەسەر ئەو پردە بۆ ساتێک بەیەکەوە گوزەر بکەن و لە ئەنجامیشدا هەردووکیان مەبەستیان پیرۆزییەکانی کار و پەیام و ژیان و سەرفرازییە.
جا هەر لە ئێستاوە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان خەریکی پلاندانان و بەرنامەڕێژیەکی توکمە دەبێت بۆ خۆ ئامادەکردن و سازدانی هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە پاریس، کە پایتەختی نەک هەر تەنها فەرەنسایە ، بەڵکو پایتەختی کەلتووری هەموو ئەوروپایە.
لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی کاک کۆسرەت و د. بەرهەم و کاک نێچیرڤان و کاک ئازاد بەرواری دەکەین، کە هەردەم پشتگیری فێستیڤاڵەکانی بەدرخانیان کردووە.


---

## سەیرو سەمەرەی ژمارەو ڕاستەقینە هاوبەشەکانی نێوان لینکۆڵن و کنێدی

وەرگێڕانی
د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور



جۆن کنێدی



ئەبراهام لینکۆڵن

هەندێک لایەنی وروژێنەری هاوبەش لە نێوان هەردوو سەرۆکی پێشووی ئەمریکی لینکولن و جۆن کنێدی هەیە.
- لە ساڵی ١٨٤٦ ئەبرەهام لینکۆڵن بۆ کۆنگریس هەڵبژێردرا، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٤٦ جۆن کنێدی بۆ کۆنگریس هەڵبژێردرا "بەتەواوی ١٠٠ساڵیان لە نێوان دایە".
- لە ساڵی ١٩٦٠ لینکۆڵن بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٦٠ کنێدی بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا "بەتەواوی ١٠٠ ساڵیان لەنێوان دایە".
-ناوی هەریەکە لەدوو سەرۆکەکەش لە حەفت پیتی لاتینی و "ئینگلیزی" پێک دێت.
- هەردووکیان گرنگیان بە مافە مەدەنییەکان داوە.
- هەردووکیان لەکاتی نیشتەجێ بوونیان لە کۆشکی سپیدا منداڵیان مردووە.
- لە ڕۆژی هەینیدا هەردوو سەرۆک گوللە لە سەریان دراوە.
- سکرتێری لینکۆڵن ناوی کنێدی بوو، سکرتێری کنێدی ناوی لینکۆڵن بوو.
هەردوو سەرۆکەکە لەلایەن خەڵکانی باشووری ئەمریکاوە کوژراون.
- ئەو سەرۆکەی لەدوای هەردووکیان هات ناوی جۆنسۆن بوو.
- ئەندریو جۆنسۆن کە لەدوای لینکۆڵن هات لە ساڵی ١٨٠٨ لە دایک ببوو لە کاتێکدا ئەوەی لە دوای کنێدی هات لە ساڵی ١٩٠٨لە دایک ببوو "بەتەواوی ١٠٠ ساڵ لە نێوانیان داهەیە".
- هەردوو بکوژەکانیان بەناوی سیانەیان ناسراو بوون، کە ناوی هەر یەکەیان لە ١٥ پیت پێک هاتبوو.
- پوپ لە شانۆ ڕای کردو لە کۆگایەک گیرا، لە کاتێکدا ئۆزوالد لە کۆگایەک هەڵات و لە شانۆ گیرا.
- هەردوو بکوژەکە لەکاتی دادگایی کردنیاندا کوژران.
- لینکۆڵن لە شانۆیەک بەناوی کینێدی کوژرا، لە کاتێکدا کنێدی لەناو ئۆتۆمبێلێک کوژرا کە ناوی لینکۆڵن بوو.
- شتێکی وروژێنەرە کە سەرۆک لینکۆڵن پێش کوشتنی بەیەک هەفتە لەناوچەی مورنی بوو لە ویلایەتی میرلاند، هەرچی کنێدی بوو ئەوە پێش هەفتەیەک لە کوشتنی لەگەڵ مارلین مۆنرۆ بوو.

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



**بزەی هاتێ گووتی،**
**رووناکە ئاسۆم**
**وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"**
**کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم**
**کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من**
**لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من**
**برۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە**
**کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من**

## ئا: عەبدولوەهاب شێخانی

مامۆستا عەلی حەوێز دەیگوت: من "فارس باوەم" لە ساڵی "١٩٦٠" هێناوەتە ریزی پارتی، دوای ئەوە کارەکانی ناو شاری هەولێرو چالاکییەکانی ناوشار خۆی و چەند کەسێک ئەنجامییان داوە. لە ساڵی "١٩٦٣" بوویتە پێشمەرگە لە بنکەی "دارە خورما" یەکسەر کراوەتە ئامر مەفرەزە.

برایەکانی هەموو لەگەڵدا بوون. شەهید "قاسم و شەهید یونس و شەهید فاروق" هەروەها "حوسێن باوە" و شەهید کاکل ئەحمەد وسوو باداوەش لەگەڵی بووینە، ئەوکات بنکەی دارە خورما بەرێز "تۆفیق بەنزینخانە" بەڕێوەی دەبرد و "ساڵح شێرە" و مەلا بارام ئەندام بوون. هەروەها "سەید مەجید و سەید عەزیز" لە بنکەی دارە خورما بوون، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا شەڕێکی گەورە لە بنکەی دارەخورما، کە لە بناری چیای قەرەچووغ بوو قەوما، مام فارس باوەش بەرەو پیری ئەو شەڕە چوو. "قوەی سەیارە" بۆ ئەو شەڕە هاتبوو. پاش شەڕی دارە خورما هاتینە بناری دێدەوان لە ناوچەی "دێدەوان"، لقێک لە دەشتی کۆیێ دامەزرا، کە شەهید "خالید سەعید- دکتۆر خالید" سەرلق بوو، "مام وسوو دزەیی" بەرپرسی عەسکەری لقەکە بوو. مام فارس باوە سەرپەل بوو، سەید کاکە جێگر بوو، هەموو ئەوانەی ناویان زانرابێ"٤٠" پێشمەرگە بوون.

شەهید قاسم و شەهید یونس و شەهید فاروق هەرسێک برای فارس باوەی بوون هەروەها "حوسێن باوە"، شەهید کاکل ئەحمەد باداوەیی بوو، کە ئامیر مەفرەزە بوو لە پەلی مام فارس باوەی هەروەها مامە حەمەدئەمین و محەمەد بوارو مستۆ خەڵکی ماجیداوە بوون. مام رەسوول خەڵکی ماجیداوە بوو، سمکۆ عەلی شوان و بایز خدر مەولوود "بایز رۆژباش" و عەلی کۆسە و خالیدە گۆج و خالید عەلی و رۆستەم حەمەدئەمین، مەقسود باداوەیی و ئەبوزێد و برایم رەشید باداوەیی بوون، ئەوانەی ناویان لە بیرکراوە دەبێ لێمان ببورن، بارەگای پەلەکەمان "لەسەرمەزرا بوو". چەکەکان کە ئەوکاتی لە دەستی پێشمەرگە بوو بریتی بوون: لە ١- چەکە و باسمان ٢- قرمە ٣- دوازدەمیل ٤- دوو برنۆمان هەبوو ٥- کەنەدی ٦- شەوافی ئینگلیزی ٧- سەمینۆف دوو دانە ٨- قازیفەیەکی "٨٢"ملم ئەمریکی بوو، کە پاڵەوانی دەشتی هەولێر "واحێد قازیفە" بە کاری دەهێنا. ئەوکات بارەگامان لەبن "تەمۆخی" شاخی بوو شوێنەکەکانی "چک چکەیان" پێ دەگوت: ئەم بارودۆخەمان تا ساڵی ١٩٦٤ درێژەی هەبوو، لەم ساڵەدا مام فارس باوە بووە سەر لقی "٣" لە دەشتی هەولێر، واتە ئەو لقە سەرپەرشتی دەشتی هەولێری دەکرد، شەهید "عەلی حوسێن" ناسراوە بە عەلی تەکتریۆف بووە جێگری فارس باوە و خاڵە سەید کاکە بووە سەرپەلی یەک و شەهید ئەحمەد حاجی عەلی بووە سەرپەلی "٢"، شەهید کاکل باداوەیی بووە سەرپەلی "٣"، ئەوکات بارەگای لق لە "رەسوول بسکۆل" و "کانی سووسکە"بوو، یەکەم چالاکی کە لقی "٣"ی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی مام فارس کردیان چەککردنی چەکدارەکانی گوندی "چل هەوێزە"ی بیرە نەوتەکانی چل هەوێزەو خورمەلەو حەسارۆک بوو، کە "٤٠" پارچە چەک دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو. ئەم چالاکییە بەهاوکاری شەهید "مەلا عومەر" کرا، کە بووە "چاوساغی- دەلیل"ی ئەو چالاکییە هەروەها مەلا عومەر هاتە دەرەوەو بووە پێشمەمەرگە، چونکە لەناو شاری هەولێر لە رێکخستنی پارتی بوو. لە ناوچەی جووتیاران بووە ئەندام، کە بارەگایان لە گوندی "رەسوول بسکۆل" بوو. شەهید "عەلی هەژار" بەرپرسی ناوچەکە بوو.

ئەو شەڕانەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ کرا، ئەوکات دەشتی هەولێر واتە ساڵی "١٩٦٣" "پەک پەک" بوو، کە مام فارس باوە سەرپەل بووە و سەرپەرشتی دەکرد.

شەڕی "هەیبەت سوڵتان"مان کرد، کە شەڕەکە "٤٠" شەوی خایاند و "حەمید دیبەگەیی"رۆلی کاریگەری هەبوو لەو شەڕەدا. رەشاشێک لە دەست سەربازێک بوو، هێرشی کردە سەر سەربازەکەو رەشاشەکەی لە دەستی سەربازەکە دەرهێناو کوشتی، لە پەنای جەنازەی سەربازەکە دەستی بە شەڕکرد تا شەهید بوو. شەڕێکی یەکجار قارەمانانەی لەگەڵ دوژمن کرد هەر لەوکات و ساتی کە شەهید بوو لاوکبێژی گەورەی کوردایەتی "حەسەن حەیران" لاوکی حەمیدۆی بەسەردا هەڵگووت، کە ژانی لە دایکبوونی ئەو لاوکە شەهیدبوونی حەمید دیبەگەیی و شەڕی نابەرامبەری کوردو رژێم بووە، خۆزگە ئەو لاوکە مابێ و تاکو بزانین ئاوازگووتن و وشە و دەستەواژەی "لاوکی حەمیدۆ" چۆن بووە.

مامفارس باوەگوتی: دەبێ جەنازەی حەمید بهێنینەوە، حوسێن باوەو شەهید کاکل و شەهید قاسم باوە چووبوون بۆ هێنانەوەی جەنازەی شەهید "حەمید"، بەڵام لەو کاتەدا مام "حوسێن باوە" بریندار دەبێ، دوای شەڕو ماندووبونێکی زۆر و شەڕێکی نابەرامبەر، کە پێشمەرگە هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو. هیچ وڵاتێک یارمەتی نەدەدایین، یارمەتی لە هیچ دەوڵەتێک نەدەهات تەنها و تەنها جەماوەرەکەی گەلی کورد پشت و پەناو یارمەتیدەری پێشمەرگە بوو. کە لە هەموو یارمەتییەک گەورەتر و بەهێزتر و خۆراگرتر و لەبن نەهاتووترە. لەو شەڕەدا مام فارس باوە دەمانچەیەکی "١٤" خۆری دەبێت، دەچێت لە قەڵادزە دەیفرۆشێ، هەموو پارەکە بەخواردن و جل و بەرگ دەدات بۆ پەلەکەی دێنێتەوە. کە ئەو یارمەتییە بووە هاندەرێکی چاک بۆ پێشمەرگەکانی پەلی فارس باوە، دوای ئەو شەڕە دەشتی هەولێر بووە "لق". شەڕی دووەم کە روویداوەو زۆر کاریگەر بووە لەناوچەکەدا شەڕی "کەنداڵبڕای" بوو، ئەو لقە بڕیاردەدات کە ئەو رەبایە بگرێت، کە هەر هەموویان جاش بوون. "محەمەد بەیار" کادیر بوو لە بارەگای لق و کەسێکی نزیکی فارس باوە بوو. بڕیاریاندا کە ئۆتۆمبێلێکی زیلی عەسکەری بکەنە دەبابەو بۆ رەبایەکە هێرش بەرن، چۆنییەتی دروستکردنی دەبابەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە، کە زیرەکی و عەقلی ئەم پێشمەرگانە دیار دەخات زیلەکی عەسکەری: واتا سەیارەیەکی عەسکەری دێنن فەردەی پڕ خۆڵ دەکەن و لەناو بۆدی زیلەکە زۆر



فارس باوە ئامر هێزی دەشتی هەولێر

بە جوانی ریز دەکەن و پلێتی ئاسن لە پێش فەردەکان دادەنێن، شۆفێری دەبابەکە "محەمەد بەربەیار"ە ئەوانەی لەناو بۆدی زیلەکە دادەنیشن و ئامادە دەبن بۆ هێرش کردنەسەر رەبایەکە بریتی بوون لە

١- بایز رۆژباش برای تێکۆشەری دێرینی هەولێر مەولوود رۆژباش.

٢- جەمیل پیرداود کە رەشاش تەکتریۆفی پێ بوو.

٣- شەهید محەمەد مەحموود.

٤- شەهید حوسێن یابە.

٥- جەمیل خۆشناو.

دەبابەکە پشتاوپشت بۆ رەبایەکە چوو بوو لەلای تریش پێشمەرگە هێرشیان کردبوو.

رەبایەکە گیرا و چالاکییەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەو چالاکییەدا دوو جاش قوتاربوون ئەوی تر هەمووی کوژرا.

کاک "حوسێن باوە" بە سەختی بریندار دەبێ و چەکەکان گیران، دوای ئەو چالاکییە ئەوانەی ببوونە جاش هەموو چەکیان دانا. ئەدی برام "کوتەک دەزانی قۆناغ لە کوێیە".

دوای ئەو شەڕە لە هاوینی ساڵی "١٩٦٥" چووینە شەڕی چیای سەرکەشی کورد "چیای سەفین." یەکەم جار سەید کاکە خۆی و پەلەکەی، چووە شەڕی سەفین دوای ئەوە هەموو لقەکە بەقیادەی "فارس حەمەد باوە" چووە شەڕەکە بۆ دوو شوێن چووین لە چیای سەفینی سەربەرز، واتە بووینە دوو قۆل.

١- سەید کاکە چووە کێلی گیسکان

٢- قۆلی دووەم چووینە "رەبیەی شورتان" لەسەر گوندی کاوانییان بوو، شەڕێکی گەورەو درێژخایەن بوو "٤٠" رۆژی خایاند هەموو رۆژی سوپا و جاشە چڵکاو خۆرەکان "١٠" جار هێرشیان دەکردە سەرمان، بەڵام هەموو جارەکان بەسەرشۆڕی دەگەڕانەوە و دەشکان، هەر لەو شەڕەدا سێ سەرباز عاسێ ببوون لە هێرشکردنەکەدا، مام فارس باوەو وەسمان حوجرانی گوتیان بە شەرت لێیان دەگرین ئەگەر لەسەرمان نەدان حەقی گلەییتان هەبێ،کە چووین دیتمان هەرسێکیان بەسەریان کەتبوو. لەم شەڕەدا زۆر لە جاش و جەیش کوژران و زۆریش لێمان نزیک بوون، زۆرجار "عومەر مەلا زادە" لاوکی دەگووت: جاشەکانی بەرامبەرمان "تەئهۆیان" بۆ لاوکەکە لێدەداوە، واتە زۆر لە یەکتری نزیک بووین.

جارێک هەر دوولامان لە شەڕدا زۆر هیلاک و ماندووبووین. ئەوان زۆر هێرشیان کردبووە سەرمان و ئێمەش زۆر ئەوانمان شکاند بوو. کاک فارس باوە گووتییە "عومەر مەلا زادەی" لاوکەکی بڵێ بزانین جاش لێمان نزیکن و تەئهوی لێدەدەن یان نا. سەرەنجام تەئهویان لێدەداوە، بۆیە زانیمان کە جاشەکان لێمان دوورن، لەو شەڕەی "١٨"ی مانگی حوزەیران بوو، کاکل باداوەیی شەهید بوو و هەروەها "مورشید کاوانی"یش شەهید بوو، برینداەکان سەعیدە رەش هاوەنی لەسەر لاقی تەقییەوە لەو شەڕەی مەفرەزەکی حزبی شیوعیمان لە گەڵ دابوو کە پێکهاتبوون لە:"مام حوسێن مەیاس"، کە تێکۆشەرێکی دیارو ناسراوی شاری هەولێرەو خەڵکی مورتکە بوو، زۆر ئازا و قارەمان بوو هەروەها "حەمەی حاجی شەریف"یش کە شەڕێکی چاکیان کرد و لە شەڕی سەفین لەگەڵمان بەشداربوون، جووتیارەکانی دەشتی هەولێر لە قەراجەوە نان و یارمەتیان بۆ ئێمە دەهێنایە چیای سەفین هەروەها لە شەڕی سەفین لە قۆڵی "رەبییەی شورتان" لە قۆپکی کەچەڵی" مام فارس باوە و سەید کاکە لەوێ بوون، جاش و سەرباز هێرشیان دەهێنا، جاشەکان هەموو داریان لەسەریان پێچابوو، بۆ ئەوەی دیارنەبن. هەر رەبیەکی ئێمەیان، واتە هی پێشمەرگە بە "٥" دینار گرتبوو، واتە "٥" دیناری چڵکاو خۆرانە وەربگرن، ئەگەر بتوانن رەبیەیەکی پێشمەرگە بگرن، گەیشتنە "رەبیە"ی ئێمە جاشەکە لوولەی تفەنگی لە بایز رۆژباش کردو ویستی لێی بدات، جەمیل پیرداود لوولەی تەکتریۆفی لە جاشەکە کردو زۆر دەست و بردانە دایە بەر دەسترێژ و لەوێ کوشتی.

دوای ئەوە تۆپێکمان بۆ هات "عەریف سەلیم" تۆپچی بوو و بەکاری دەهێنا. مام فارس باوە ئێمەی لەکانی شیلانە کۆکردەوەو گووتی: سەربازگەیەک لە زیارەتی هەیە، دەبێ بەتۆپ تۆپبارانی بکەین، ئێمەش تەقەیان لێ بکەین، ئەوکارەمان کردو چووین تەقەمان لە سەربازگەکە کردو بەو تۆپە تۆپبارانمان کرد، کە پێشمەرگە ئەو تۆپەیان دەدیت زیاتر ورەیان بەرزدەبۆوە. ئیدی گەیشتینە کۆتایی ساڵی "١٩٦٥"و هاتینەوە دەشتی هەولێر.

- دروست بوونی بەتالیۆن: کە لەشەڕی سەفین هاتینەوە، واتە کۆتایی ساڵی "١٩٦٥" لقەکەمان، کە لقی ٢ی دەشتی هەولێر بوو، بووە بەتالیۆن، مام فارس باوە بووە ئامیر بەتالیۆن.

سەرلقەکان ئەو بەڕێزانە بوون:.

١- لقی یەک بەڕێز و ماندوونەناس سەید کاکە بوو.

٢- لقی دوو عەریف عوسمان.

٣- لقی سێ ئەحمەد حاجی عەلی.

٤- لقی چوار حەسەن عەلی.

هەروەها "عەلی حەسەن بلباس" جێگری ئامیر بەتالیۆنی فارس باوە بوو، بارەگای بەتالیۆن لە بانەقەڵات بوو، شەڕی زۆر گەورە کراو چالاکی یەکجار زۆرکرا بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە زۆر بوون و شوێنەکەش دەشتی هەولێر، لە دەشتی هەولێر ئەگەر پیاوی زۆر ئازا نەبێ خۆی لێ راناگرێ، چونکە هەموو دەشتاییە. مام فارس باوەش زۆر ئازا بوو، نەترس بوو، بۆیە بەتالیۆنەکە زۆر گەشەی کرد هەروەها بەڕێز فارس باوە پیاوی رەشید نەبوایە رای نەدەگرت، دەشتی کۆیەش خرایە ژێر سەرپەرشتی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر، عەریف عوسمان چووە دەشتی کۆیێ لە ساڵی "١٩٦٨" بەتالیۆن بووە هێز. واتە هێزی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٦٨ دامەزرا، مام فارس باوە بووە ئامیر هێزی دەشتی هەولێر، "سابر شێخ جامی" بووە جێگری.

١-بەتالیۆنی یەک سەید کاکە ٢- بەتالیۆنی دوو عەریف عوسمان ٣- بەتالیۆنی سێ شەهید ئەحمەد حاجی عەلی ٤- بەتالیۆنی چوار سمکۆ عەلی کە بووە هێز یەکجار شەڕی زۆر لەگەڵ رژێم کراو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بەدەست دەهات.

ئەو شەڕانەی کە لەوکاتەدا کرا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- شەڕی دیرەدوان ٢- شەڕی کانی بزرە ٣- شەڕی پیرەر ٤- شەڕی دێگەڵە ٥- شەڕی ئاوەگرد ٦- شەڕی ماکۆک ٧- شەڕی ماخۆبزان ٨- شەڕی دۆکان ٩- شەڕی باواجی ١٠- شەڕی تەق تەق ١١- شەڕی بیستانە ١٢- شەڕی نۆ قۆڵی، کە لە نۆ قۆڵەوە هێرشیان هێنایە سەر دەشتی هەولێرو شکان، جگە لەو هوردە شەڕانەی، کە لێرەو لەوێ دەکرا لەو هەموو شەڕانەدا زۆربەی شەڕەکان دوژمن دەشکاو پێشمەرگە سەردەکەوت. هێزی دەشتی هەولێر و هاوکاری هێزەکانی تر.

لەبەر ئەوەی هێزی دەشتی هەولێر و پێشمەرگەکانی زۆر ئازا و چاونەترس بوون بۆ زۆر شوێنی تر دەچوون و بەشداری شەڕی ناوچەی تریان دەکرد، ببوونە هێزی گورزوەشێن، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەشداری شەڕەکانی کردووە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، وەکو بەشداری و لێدانی دوژمن لە شەڕی قەرەداغ و شەڕی چەرمەگاو شەڕی گەرمیان و شەڕی ناوچەی بادینان و شەڕی هەندرێن و شەڕی زۆزک.

دوو لقی کۆماندۆ: لە هێزی دەشتی هەولێر دوو لقی کۆماندۆ دروستکرا، کە دەورەیان لەسەر هەموو جۆرە چەکێک دیت، کە لقێکیان بەڕێز عەریف ئەبوزێد سەرپەرشتی دەکرد، لقەکەی تر نەسرەدین مستەفا سەرپەرشتی دەکرد هەروەها دوو لقەکەش بەڕێز موقەدەم عەزیز سەرپەرشتی دەکرد لە شەڕی ناوچەی دۆکان کە زۆربەی رەبیەکانی دوژمنیان گرت. کاک "بایز رۆژباش" گووتی: ئەوەی لەو دیو هێڵی شەمەندەفەر بێ مەبەست دەشتی هەولێرە لە جادەی کەرکووک بە دەستە چەپ، کە دەچی بۆ کەرکووک، هەرچی بۆ خەڵکی ئەو گوندانە یارمەتی شۆڕشیان داوە لە هەموو لایەنێک و لە هەموو کاتێک نەبێتەوە، راگری شۆڕش و پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا ئەو گوندانە بوون: زۆر خەڵکی گوند لەسەنگەردا بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان لە نزیک گوندەکەی خۆیان شەڕبوو، ماڵی دەسووتا، هیچ بەخەیاڵی دانەدەهات و دەیگووت بەرگریکردنە لە کوردستان با ماڵ بسووتێ بە قوربانی پێشمەرگە و کوردو کوردستان بێ، گوند نییە لە کوردستان سێ جارو چوار جار نەسووتابێ و تەخت نەکرابێ و تاڵان نەکرابێ لایەن جەیش و جاشە خاینەکان، کەچی خەڵکەکەی هەر خۆشحاڵ بوو، بۆیە دەبێ ئەمڕۆ دەسەڵات و بەرپرسان ئاوڕێک لە خەڵکی گوندە خۆڕاگرە نەبەزەکان بدەنەوە و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن، چونکە نیوەی شۆڕش خەڵکی گوندەکان بوون، کە تائێستا هیچتان بۆ نەکردووە، هەر دەتان گووت با دوژمن گوندەکان وێران بکات ئێمە چاکی دەکەینەوە.. کوا...؟

**بەڕێزان ئەمە کورتەیەک بوو لە ژیانی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێری قارەمان لە ساڵی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٧٠ ئەو زانیاریەم لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەرگرتووە:.**

**١-نایف فارس باوە ٢- ئیدریس حوسێن ٣- حوسێن باوە ٤- بایز رۆژباش، برای تێکۆشەری دێرینی هەولێر "مەولوود رۆژباش".**

**خوێنەری خۆشەویست هەر کەم و کورییەک هەبێ دەبێ بمبوورن چونکە ئەو زانیاریانە هی "٥٠" ساڵ بەر لە ئێستایە، واتە تەمەنێکە کەس نەینووسیوەتەوەو هەمووی هەر بە گێڕانەوە بووە، لەوانەیە زۆریش لەیادکرابێ.**



لە راستەوە فارس باوە، نایف فارس باوە

# زمانی کوردی میراتی زمانی سۆمەری نییە

**خالید مەلا ئەحمەدی هەرشەمی، ناسراوە بە "شاسوار هەرشەمی" لە کۆتایی رۆژەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە دێی پوونگینە لە دایکبووە، خوێندنی لەو شارە تەواوکردووە و دواتر جیۆلۆجی لە بەغدا و سۆڤیەت خوێندووە، ئەمەش ساڵانێکی پێشمەرگایەتیشی کەوتۆتە نێوانەوە، پاشانیش رووی کردۆتە سوید و لە بەشی مێژوو دەخوێنێت، ئێستا مامۆستایە لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی ستۆکهۆڵم. لە دیدارێکی بەدرخاندا سەبارەت بە پرسگەلێک و چەندین بابەتی مێژوویی و زمانەوانی و دواندمان...**



شاسوار هەرشەمی

## ئا: عەبدورەحمان مەعروف

*** لە شوێنێک کە باسی بابەتی ساسانییەکان و جوگرافیاو خاکی کوردان و مەسەلەی درێژبوونەوەی سنووری کوردستان تا کوت و عەمارەو... دەکەیت، لەوەدا پەیامی تۆ چییە، کە خۆت لە قەرەی ئەم بابەتە داوە؟**

- ئەمە بابەتێکی سیاسییە، پەیوەندداره بە سیاسەتمەداران، ئایا لە دانوستانەکاندا چییان بە دەست دەکەوێت و چەندیان پێ وەردەگیرێتەوە، بابەتی سیاسی لەگەڵ بابەتی مێژوویی لێک جیاوازن، زۆرجار لەرووی سیاسییەوە شوێن لەدەست دەدەین و دەدۆڕێین، زۆر میللەتانی دیکە هەن خاکیان کەوتۆتە سەر خاکی وڵاتێکی دیکەوەو دابەشبووە، وەک ئەوەی میللەتی کورد، لە راستیدا ئەوە هەر ئێمە نین بەتەنیا، هەر لەناوچەکەی خۆمان ئەرمەنستان دوو پارچە و سێ پارچەیە، بلوجستان سێ پارچەیە، وڵاتی دیکەش هەیە وایان بەسەرهاتووە. ئەمە بابەتێکی سیاسییە، بەڵام رێ لە مێژوونووسێک ناگرێت، ئەگەر بەڵگەی هەبێت ئەو بابەتانە وەکو هەبوون باسی بکات. ئیدی بۆ نموونە کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلییەکان، هەموومان دەزانین بەر لەهاتنی ئیسلام، فەڵەستین وڵاتێکی جوولەکەنیشن بووە، پاشان وڵاتەکەیان داگیرکرا، بەڵام دوای چەندین سەدە، عەرەب لێی نیشتەجێ بوون و بوون بە خەڵکی ئەم وڵاتە و خەڵکی ئەوێن. واتا مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو جیا لەگەڵ مامەڵەکردن بەشێوەی سیاسیانە. ئیتر ئێمە کوت و عەمارە وەردەگرینەوە یان وەرناگرینەوە یاخود دەگەینە "جەبەل حەمرین" یان پێی ناگەین، ئەمە کاری سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی کوردو کاری مێژوونووسانی کورد نییە.

*** پێم وابێ ئەوەندەی ئاگاداری نووسینەکانی تۆ بم، تۆ گومان لەوە دەکەیت، کە سۆمەرییەکان لە هەولێر بووبن بەر لەچوونیان بۆ باشوور، لەکاتێکدا کەسانێک هەن لەو باوەڕەدان بەر لەوەی بچنە خواروو، لێرەبوون؟**

- مشتومڕو لێکدانەوەو نووسین لەسەر سۆمەرییەکان لێرە لە رۆژهەڵات بە زمانی کوردی و عەرەبی و تا رادەیەک بە زمانی فارسیش یەکجار زۆرە، بەڵام ئەوەندەی من شارەزام و لەسەرچاوە ئەوروپییەکان ئەو مەسەلەیە یەکلایی بۆتەوە، بەوەی کە سۆمەرییەکان نە لە باشوور نەلە رۆژئاوا نەهاتوون، چونکە ئەم دوو شوێنە شوێنی نەتەوە ئەفرۆ ئاسیییەوییەکان بووە، کە لە تەورات بە "سامی" ناسراون. هەروەها لە شوێنی خۆشییان نەبوون، واتە خەڵکی ئەو جێگەیەی خۆیان نەبوون، چونکە لە ڕووی تۆبۆگرافییەوە ناوچەیەکی لیتاوی و قوڕاوی و ئاو بووە، دواتر ئاو لێی کشاوەتەوە، واتە بەرەبەرە بە کشانەوەی ئاو هاتوونەتە ئەو شوێنە، کەواتە دەبێ دوو شوێن هەبێت ئەوان لێی هاتوون یان رۆژهەڵات یان باکوور، هیچ جێگایەکی دیکە نییە، لە رۆژهەڵات هاتبن، دەبێ لە چیاکانی زاگرۆسەوە هاتبن،لە باکووریش هاتبن، دەبێ لە کوردستان تا ئەنادۆڵەوە هاتبن، چونکە لەسەرووی ئەنادۆڵیش ناوچە قەفقاسییەکان و گەلانی قەفقاسی لە کۆنەوە تێدا ژیاون. لەبەر ئەوە سنووری سۆمەرییەکان بە کوردستان سنووردار دەکرێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە تابلۆ و نووسین و نووسراوی سۆمەری وەرگێڕدراو یەکجار زۆرە: زمانەکە لە هەموو روویێکەوە، لە روانگەی رێزمانیشەوە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە، من ئێستا فەرهەنگی بچکۆڵەی سۆمەری ئینگلیزیم لەبەر دەستە، زمانەکە بە روونی دیارە،

## کۆمەڵێک پەندو قسەی نەستەق و داب و نەریتی کۆن لە داستانی گلگامێشدا هاتووە و ئێمە بەزیندوویی رامانگرتوون

زمانی سۆمەری سەر بە خێزانی هیندۆ ئەورووپییەکان نییە، لەبەر ئەوە زمانی سۆمەری پەیوەندی راستەوخۆی بە زمانی کوردییەوە نییە لەرووی میراتییەوە، واتە زمانی کوردی میراتی زمانی ئەورووپی نییە، زمانی کوردی میراتی زمانی هیندۆ ئەورووپییەکانە، بەڵام وەکو گووتم: بەگومانی زۆرو بە هەندێک بەڵگەی زمانەوانی دەبێت لە کوردستانەوە چووبنە ئەوێ. بێگومان کاریگەریی قووڵی فەرهەنگی، زمانەوانی، ئایینیان لەو شوێنە بەجێهێشتووە و ماوەتەوە. ئەمە لەداب و نەریتمان دەردەکەوێت، لە پەندی پێشینانمان دەردەکەوێت، لە هەڵسووکەوت و بیر کردنەوەمان دەردەکەوێت، لە زمانیشمان دەردەکەوێت، واتە وشەی سۆمەری بۆمان بەجێماوە، بەڵام ئەوە ناسەلمێنێت، کە سۆمەرییەکان لەرووی رەگەزەوە یان لەرووی زمانەوە کوردبن، بەڵکو سۆرییەکان بە گومانی زۆری منەوە خەڵکی کوردستانن، من یەکێک لەو تیۆرییانەی کاری لەسەردەکەم لام وایە، کە ئەوانە خەڵکی ناوچەی هەولێریش بن، لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم:** لە فەرهەنگی سۆمەرییدا، لە داستانە سۆمەرییەکاندا هەمووی شوێنێک، ئاوێک، رووبارێک، دەریاییێک ناوی هاتووە بە زێ ئاب، زووئاب، ئاب زوو، چونکە لە دەقە مێخییەکان لە راستەوە بۆ چەپ و لە چەپەوە بۆ راست دەخوێندرێتەوە، دەکرێت بڵێین ئاب زوو یان زووئاب.

ئەم شوێنە لای سۆمەرییەکان سەرچاوەی ژیانە، سەرچاوەی بوونە، سەرچاوەی هەموو شتێکە، سەرچاوەی هاتنی سۆمەرییەکانە، بە زەقی دەڵێن ئێمە لەوێوە هاتووین، من ئەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بە هەردوو زابەکەی دەوروبەری هەولێر دەبەستمەوە. ئەم زابە لە ئایین و فەرهەنگی میللەتانی دیکەش شوێنی پیرۆزی هەبووە.

من کتێبێکم چەند ساڵێک لەمەوبەر لەسەر "سابیئە مەندائییەکان" نووسیوە، لەوێش دەرمخستووە کتێبی پیرۆزی سابیئە مەندائییەکان ناوی زاب بە "سوب زابا" هاتووەو بە رووبارێکی پیرۆزی دادەنێن و لایان وایە ئەو رووبارە بۆتە هۆی ئەوەی ئەوان رزگاربن لە دەست ئەوانەی راویان ناون.

**دووەم:** من سەیری ناوی شارو لادێ کۆنەکانی ناوچەی هەولێر دەکەم، تووشی "ئوور" دەبینەوە، ئوور وەکو لە شاری ئووروکی سۆمەری و ئوور دەبینین، لە سەردەمی سۆمەرییەکان بەشار گوتراوە "ئوور". ئەو وشەیە پەڕیوەتە ناو زمانە کۆنەکانی ئەکەدی و ئارامی و عیبری و زۆر زمانی دیکە، بۆ نموونە شاری "قودس" عیبرییەکان پێیان گووتووە "ئورشەلیم"، واتە "شاری ئاشتی" هەر ئووری بۆ بەکار هاتووە.

سەیر دەکەین هەمان ناو لەناوی هەولێر، ئوربیل دەبیندرێت، کە من بە پێچەوانەی ئەو سەرچاوە عێراقییانە بە "ئەربائیلۆ"ی دادەنێن. ناوەکەیان تەعریب کردووە. لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەم ناوەم نەبینیوە، پێم وایە "ئوربیل"ە. ئوور بە واتای شار، کە وشەیەکی سۆمەرییە.

**ئیل:** لە "ئەنلیل"ی سۆمەرییەوە هاتووە، ئەن وانە مەزن، ئیل واتە خودا واتە شاری هەولێر ناوەکەی بە سۆمەری دەبێتە "ئوربیل" واتە شاری مەزنی خودا، سەیردەکەین لە دەوروبەری هەولێر کۆمەڵێک ناوی لە مجۆرە دەبینین، ناونیشانی من، کە "هەرشەمی"یە: گوندێکە لە باکووری شاری هەولێر، کە شوێنەکەی شارێکی ونی لێ دەدۆزرێتەوە، ئەگەر کاری لەسەر بکەین، ناوەکەی هەرشەم نییە، بەڵکو ناوەکەی "ئورشەم"ە.

هەرمۆتە ناوەکەی "ئورمۆتە"یە، هەرتەل ناوەکەی "ئورتەل"ە و دەیان ناوی دیکەی دەوروبەری شاری هەولێر هەر بەو "ئوور"ە دەست پێدەکات و ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەوانە شاربوون و ناوچەی ژینگەی زۆر کۆنی مرۆڤایەتی بوون، ئەمانە هەمووی وام لێدەکات، کە بڵێم: ئەو ناوچەیە دوور نییە سەرچاوەی هاتنی سۆمەرییەکان بێت، بەڵام دووبارە تەئکید دەکەمەوە لە رووی زمانەوە سۆمەرییەکان پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە نییە.

لەوانەیە لەرووی نیشتمان، لەرووی رەگەز خەڵکی یەک وڵات بین، واتە خەڵکی وڵاتی ئێمە بن.

*** کارت لەسەر داستانی گلگامێشیش کردووە، کە داستانێکی سۆمەرییە، لەوێ چیت هەڵێنجا؟**

- ئەم کارەی گلگامێش زۆر کارێکی بەرفراوانە، چوار سەد لاپەڕە پترە، راستییەکەی ئەم کتێبە بەزمانی سویدی لەلایەن پرۆفیسۆرێکی میتۆلۆژی زانکۆی ستۆکهۆڵم بڵاوکرایەوە، کە خوێندمەوە زۆر سەرنجی راکێشام، بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکرد و بووین بە دۆستی یەکتری، سەیرم کرد سۆمەرناسە، لە دەیان وڵاتی دنیا سیمینارو چالاکی هەیە لەسەر فەرهەنگ و داب و نەریتی سۆمەرییەکان، ئیتر بەڵێنم پێدا کتێبەکە بکەم بە کوردی، کە کتێبەکەم کرد بە کوردی، پتر لە سەد تێبینی تایبەتی خۆشم خستۆتە سەر، من جیهانێکی تایبەتیم دۆزییەوە، وەک گووتم ئەو سۆمەرناسە دە ساڵ کاری لەسەر ئەم کتێبە کردووە تا بەچاپی گەیاندووە. کتێبێکی تابڵێی نایابە، پڕ لە تێبینی وردە، دەقی داستانەکەی وەکو خۆی وشە بە وشە کردۆتە سویدی و منیش وشە بە وشە کردوومە بە کوردی. تێبینییەکانم بەجیا نووسیوە، سەرنجم دا ئەو دەقانە چەند کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کلاسیکی جیهانییەوە هەیە، هەر لە کتێبە ئاسمانییەکانی "قورئان و ئینجیل و تەورات"ەوە تا ئەلیادە و کتێبەکانی دیکەی گریکی تا ئەسکەندەرنامە و داستانە کۆنەکانی رۆژهەڵات، هەموویان کاریگەریی گلگامێشیان بەسەرەوەیە، بەڵام ئەوەی بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، ئەو هەموو پەندو قسەی نەستەق و داب و نەریتە کۆنەی لەم داستانەدا هاتووە و ئێمە بەزیندوویی رامانگرتووە، ئیدی ئەوە هەموو پەیوەندییەکی قووڵی فەرهەنگی ئێمە دەردەخات لەگەڵ مێژووی کۆنی میزۆپۆتامیا.




**بەشی دووەم**

# ملاملانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی "٢٠٠٥" لە عێراقدا "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



**پشکۆ عەلی ساڵح**
pshko ali@yahoo.com

لە هەڵبژاردنی (کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوەی عێراقی)هەندێ لایەنی هاوپەیمانییەتییەکە کەسانێکیان سەپاند و پۆستی بالایان پێدان، کە لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەک توانای وەرگرتنی پۆستی وەزاری، یان پۆستێکی سیاسییان نەبوو. هەرچەندە بەشێک لە پارتەکان بانگەشەی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پسپۆڕو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتییان کرد، بەڵام لە دیاریکردنی کاندیدکراوانی خۆیان بۆ پۆستەکان سەرکەوتوو نەبوون. مەترسیدارترین هەڕەشەش کە ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەتەکە ببووەوە مانەوەی بوو بە یەکگرتوویی بەرامبەر داواکارییەکانی ئەمریکییەکان و کوردو سوننەی عەرەب، بەڵام ویستی هەندێ لایەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەتەکە، هۆکاری دروستبوونی ناکۆکییەکان و نەبوونی بڕوابوون بوو بە بەرنامە سیاسییەکەی و خواستی ڕاستگۆیانە بۆ جێبەجێکردنی و هەبوونی بیروڕای جیاواز لە نێوان پێکهێنەرەکانی لەسەر هەندێ بابەتی گرنگ و چارەنووسساز. هەروەها بوونی پێشینەیەک لە ناکۆکی لە نێوان پێکهێنەرەکانی، کە بۆ ساڵانی پێشوو دەگەڕایەوە. لەمبارەوە (الائتلاف العراقي الموحد)، فراوانترین کیانی سیاسی شیعە بوو، کە توانی کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسی شیعە بکات و توانیان لە کۆی (٢٧٥) کورسی، (١٢٨) کورسی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە (١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥) بەدەست بهێنن، بەڵام تووشی ململانێ بوو لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەتایبەت (جبهة التوافق العراقية) و (القائمة العراقية)، کاتێک کە تۆمەتبارکران بە دەستکاری کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بەهەمان شێوە تووشی قەیرانێکی تر بووە کاتێک لیستی هاوپەیمانی کوردستان و تەوافق کاندیدکردنی (ئیبراهیم جەعفەری)یان بۆوەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ڕەتکردەوە. دوای هەڵبژاردنەکانیش ڕەخنەکان لە ناو هاوپەیمانییەتەکە زیاتر بوون. لێپرسراویەتی تێکچوونی باری ئاسایش و کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراقیان دەخستە ئەستۆی هاوپەیمانییەتەکە. کشانەوەی کوتلەی (حزب الفضيلة) کە خاوەنی (١٥کورسی)، هەڕەشە بوو لەسەر مانەوەی هاوپەیمانییەتەکە بە یەکگرتوویی. هەروەها هەڵپەساردنی ئەندامێتی لەلایەن کوتلەی (سەدر)، کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندییەکانیان هەبوو. دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیەتی (چوار) قۆڵی لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزب الدعوة الاسلاميه، المجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق)، کوتلەی (سەدر)یش لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی (٢٠٠٧) کشانەوەی خۆیان لە هاوپەیمانییەتەکە ڕاگەیاند.

**سێیەم: ئاڕاستەی کارکردنی سوننە :**

سوننە لە جیهانی عەرەبی زۆرینەن، بۆیە لەو کاتانەی، کە دەسەڵاتیان لە عێراق لە دەست بوو پەیوەندییەکی نەتەوەیی عەرەبی بەهێز، لە نێوان (بەغداد) و پایتەختە عەرەبییەکانی تردا هەبوو. بەمەش شەرعیەت بە هەژموونی دەسەڵاتی سوننە لە عێراقدا درا. پەیوەندیی سوننەی عەرەب لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق، بەردەوام باش بوو، تەنانەت لە هەندێ دامودەزگای دەوڵەت، تەنها کار بەوان درا. دوای ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەش لە عێراقدا ڕوویدا، سوننە هەستیان کرد ڕەگەزەکانی بەهێزیی، کە بەهۆی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بەدەستیان هێنا بوو، لەدەستیانداوە، بۆیە کە ڕژێم ڕووخا هەستیان بەبەزین و دۆڕان و لەدەستدانی ڕەگەزەکانی هێز کرد. تەنانەت ئەو سوننانەی کە بە ڕووخانی ڕژێم خۆشحاڵ بوون، ئەوانیش نەیاندەویست شیعە حوکمی عێراق بکات. هەروەها خۆیان وەهابینییەوە، کە خاوەنی هیچ شێوازێکی سیاسی نین، تا نوێنەرایەتیی و گوزارشت لە بەرژەوەندیی و ویستیان بکات و هەوڵەکانیان ڕێکبخات و سەرکردایەتی جوڵانەوەکەیان بکات. سوننە دوای ڕووخانی ڕژێم، بێ سەرکردە مانەوە، بۆیە بەهەمان شێوەی شیعەکان ڕوویان کردە تەیارکردنی خەڵک لە ڕێگەی ناسنامەی ئایینی و مەزهەبی. بەتایبەتی کە سوننە لە هەموو جیهانی ئیسلامی مەیلی شوێنەکەوتنی حکومەتەکانیان هەبوو، بەتایبەت ئەگەر سەرۆکەکەیان سوننی بێت، جا ستەمکار یان دادپەروەر بێت. ئەم پرەنسیپە بووە هۆی دروستبوونی کلتوورێکی خۆبەدەستەوەدان بۆ هەموو حکومەتەکان (سوننی)، هەرچەندە ئەگەر ستەمکاریش بێت. دوای ئەو بۆشاییەش کە ڕاستەوخۆ دوای شەڕ دروست بوو، سەرکردەیەکی سوننی نەبوو تا شوێنی بکەون، بۆیە ڕووکردنە مزگەوت شتێکی ئاسایی بوو بۆیان. بەمەش تووشی سەرسوڕمان هاتن بەو گۆڕانە بنەڕەتییەی، کە ڕوویدا و زۆربەیانی لەو شوێنانەی کە بەهۆکاری تائیفی بەدەستیان هێنابوون لادران. بەهێزترین دەربڕینیش بۆ ئەو حاڵەتەن لێدوانی یەکێک لە زانا ئایینییە سوننەکان بوو بە ناوی (شێخ ئەحمەد ئەلکوبەیسی)، کە سەبارەت بە بانگدانی شیعی لە تەلەفزیۆنی عێراقی دابووی، بووە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی، بۆیە دواتر پاکانەی کرد و وتی " ئەم قسانەی، کە کردوومە لە ئەنجامی ئەو شۆکە بووە تووشی بووە، وەک دایکێک وایە کە خۆشەویستێکی لە دەست دابێت". دواتر سوننە توانیان لە دامودەزگاو کیاناتی ئایینی و سیاسی و مەدەنی هەوڵەکانیان کۆبکەنەوەو ڕیزەکانیان ڕێکبخەن. لەهەمان کاتدا چەند باڵێکی چەکدار و ڕێکخستنیان دروستکرد، کە توانی پشتیوانی ناوخۆ و عەرەبی بەدەستبێنێ. بەمەش شێوازێکی سەربازی توانیان هێزی خۆیان بسەپێنن، نەک تەنها لە ناوچە سوننییەکان، بەڵکو لەو ناوچانەش کە سوننە زۆرینە نین. بەو پێیەش نەخشەی سوننی چەند هێزێکی لەخۆگرت، لەوانە، (هێزی ئایینی سوننی، هێزو کەسایەتییە سیاسییە سوننییەکان، گروپە چەکدارەکان)، سەرەتا یاخیبوونی عەرەبی سوننە لە عێراق بەشێوەی بەرگریکردن لە هێلی پشتەوە بوو، لە دژی ئەمریکییەکان. پاشان جەنگاوەری غەیرە عێراقیشی بۆ خۆی ڕاکێشا بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی داگیرکارە مەسیحییەکان بکەن و پاشانیش گۆڕا بۆ جەنگێک لە دژی شیعە. (عەدنان ئەلدلیمی) لە کۆنگرەی (مؤتمر نصرة العراق) کە لە (ئەستەنبوڵ) بەسترا، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە ناوی کۆنگرەکە گرت، وتی، "بۆچی ناوی ئەم کۆنگرەیەتان نەناوە، کۆنگرەی پشتگیری و سەرخستنی سوننەی عێراق، با پێمان بڵێن تائیفین، بەڵێ ئێمە تائیفین. ئێوە داوای سەرخستنی خەڵکی عێراق دەکەن، کام عێراق، عێراقی شیعە ؟ عێراق دەبێتە شیعی و وڵاتانی دەوروبەریش دەگرێتەوە، هەر لە (سعودیە) و (کوێت) و (ئوردن)، ئەو کاتە پەشیمانی سوودی نییە".

## ئەو سوننانەی کە بە ڕووخانی ڕژێم خۆشحاڵ بوون، ئەوانیش نەیاندەویست شیعە حوکمی عێراق بکات

**بەشی هەشتەم**



**(کارۆس..!)**

**ئیدریس شەیداهۆ**

## ئەرخەوانی

ئەو تیشێرتەی تۆ پۆشیبووت، کاتێ لەگەڵ قەیتانی پێڵاوەکانت هاوڕەنگ بوون لەگەڵ ئیقاعی ڕۆشتنەکەت، ئەو شۆستەو شەقامی(مەولەوی)یان هێندە ئەرخەوانی کردبوو، هەموو تاسەو چاڵ و چۆڵی و کەمتەرخەمی وەزارەتی قیرم بیرچووەوە.

ئەو لەنجە ولاری ڕۆشتنەت، ڕۆیشتنی هەموو کەسی لا جوان کردم، کەسم نەدی لە ناوەڕاستی شەقام بڕواو شۆستە بۆ عەرەبانە تەرخان بکا.

کاتێک لە تەنسیقی جلوبەرگ و ڕەنگی تەوقەی قژو قایشی سەعاتەکەی دەستی پەنیر ئاسای تۆم ڕوانی، نارێکی هەموو ئەو سۆپەرمارکێتانەم بیرچووەوە، کە پەنیری سوورییان لە تەنیشت شەرابی ئیتاڵی ریزکردووە.

ئەو ڕۆژەی لە سەیرانگایەکیشدا لەسەر کورسییەک دانیشتبووی بەدەم نەستەلەیەکی قاوەیی، کە ئەویش هەر لەڕەنگی بلوزەکەت بوو، هەموو ئەو ئۆتۆمبێلە ڕەقەم شینە حکومیانەم بیرچۆوە، کە پڕ لەژنی عەبا بەسەرو دەرزەنێک مناڵەوە لەڕۆژی هەینیدا بەئێوارەیەکی درەنگ وەخت، بەنێو حەشامەتی سەیرانکەران گوزەریان دەکرد. کە بەو دەستە نەرمانەشت کاغەزی نەستەلەکەت هەڵدایە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە و نەتهێشت ئەو ناوە پیس بێ، بڕوابکە لە دەوروبەری خۆمم ڕوانی، پاشماوەی هیچ قووتوی بیبسی و بیرەو پەلکە شووتی و یاپراخی تەواو نەکولاوم لەوناوە نەدی.


ئەگەر لە وڵاتی ئێمەدا پۆستەکان برابەشی حزیەکان نەبان، ئەگەر کەسانی شارەزا لەشوێنی خۆیان دانرابان، پێموابوو تۆ شایستەی ئەوەبووی بتکەن بە وەزیری جوانکاریی، هەرچەندە لەهیچ وڵاتێک بڕواناکەم وەزیرێک بەو ناوەوە هەبێ، بەڵام ئێمە هێندە پێویستمان بە جوانکاری هەیە، ڕەنگە هێندە پێویستمان بەکارەبا نەبێ..!

یان شایەنی وەزارەتی تەنسیق بوویتایە، کە ئەمەشیان لەهیچ شوێنێکدا بوونی نییە، بەڵام دیسان بوونی وەزارەتێکی وەها بۆ ئێمە زۆر لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پڕکردنەوەی کورسی حزب گرنگترە. چونکە نەبوونی تەنسیق لە نێوان خودی وەزارەتەکان وایکردووە ئەمڕۆ شەقامێک قیرتاو دەکەن بەیانی ئاوەڕۆ نیوەی هەڵدەدرێ، سبەی دائیرەی تەلەفۆنات لایەکی دەکا بە حەفر..!

کەوابێ کچە ئەرخەوانییەکە با من پێشنیازێکی تازەش بۆ تۆ بکەم، لەو هەموو حزبە زۆرەی شوکر ئێمە هەمانە، حزبێکی ئەرخەوانیمان نییە، دەوەرە تۆش حزبێکی ئەرخەوانی دامەزرێنە، وەک سکرتێرێک شایستە بەپۆستی خزمەتگوزاری دەبی و ئەوسا ڕەنگە هەر هیچ نەبێت بتوانی ئەرخەوانی ئەرخەوانی گڵۆپەکانی شار داگیرسێنی..!

خۆ ئەگەر لەڕوانگەی عەشقیشەوە لەڕەنگ بڕوانین، ئەرخەوانی ڕەنگی عەشقەو ئێمەش خاوەنی چەندین داستانی وەک مەم و زین و دێوانەو شەمین، دەبا ئەو عەشقە لەناخی هەموومان زیندوو کەینەوە، چونکە مرۆڤی عاشق هەمیشە پاکەو حەزی بە خۆشی و جوانی دنیایە، ئەوسا هەمووشمان دوور دەکەوینەوە لەعەقڵی تیرۆرو دزی و گەندەڵی و وڵات دەکەینە نموونەی هەرە لەپێشی ناوچەوکەو بەمەش دەچینە ناو کتێبی گینس بۆ پێوانەیی..!

# ژیاننامەی باوکم ... ( ئاوڕەحمانە رووتە )



**رزگاری مامە رووتە**

، منیش لەوێ بووم ئازوقەو بریندار و نەخۆشی لەو ڕێگەوە دەهات و دەچوو، زۆرجار ڕۆژنامەنووسی بیانی لەوێوە دەهاتن تا جارێک دوو ڕۆژنامەنووس هاتن، لەڕێگە زۆر پرسیاریان لە مامەڕووتە کرد، زۆر پرسیار هەبوو وەڵامی نەدەداوە، دوایی بە پێکەنینەوە وتیان تۆ چیت؟ لەوەڵامدا وتی: من قاچاغچیم، وتیان وەڵامی ئەو پرسیارانە لە وەڵامی یەکێکی قاچاغچی ناچێ، دوای ئەوەی ئاشکرابوون، منیش ئەوکات هەرزەکار بووم لەناو بارەگا ئیش و کارم دەکرد و دەمانچەیەکم پێ بوو، وتیان تۆ چیت؟ بێگومان ئەم پرسیارانە و قسەیان بە عەرەبی بوو، خۆی ئینگلیزی قسەیان دەکرد، بەڵام مامەڕووتە بە عەرەبی قسەی لەگەڵ دەکردن، کە مامەڕووتە بەمنی وت ئەوە دەڵێن تۆ چی؟ منیش وتم: من "پ.م" و سەرۆکمان مەلا مستەفای بارزانییەو مەلا مستەفا "بەتەڵ"ە، ئەو وشەی "بەتەڵ"مە دەزانی، ئەوان نەیاندەزانی "بەتەڵ" چییە، لە باوکمان پرسی بەتەڵ چییە؟ مامەڕووتە بۆی شەرح کردن، کە بەتەڵ چییە. دوایی بە دەمانچەو چەکی برنۆ نیشانەمان دانا، ئەوان دەستیان زۆر ڕاست بوو و موعجیب بوون بە ئیش و هەندێ ڕەسمیان گرتین، دوایی بڵاویشیان کردبووەوە و لەیەک لە رادیۆکان ئەو سەردانەی خۆیان باس کردووە، ناوی مامەرووتەیان هێنابوو بەناوی عەبدولرەحمان ئیسماعیل کە زۆر باسی ئازایەتی و قسەزانیان کردبوو، دوایی مامەڕووتە خۆی ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییەی بردە جێگەی خۆی و ناو هێزی "پ.م" و بارەگاکانی تر.

بەڕێز مام جەلال کە بە وەفد چووبووە دەرەوە هەر لەم ڕێگەیەوە گەڕایەوە کوردستان، مامەڕووتە چوو بووە بانەو هاتەوە، مام جەلالی لەگەڵ بوو، ئەوکاتەی گەیشتن شەو بوو، مامەڕووتە مام جەلالی نەهێنابووە ناو بارەگا، بەڵکو لەبن دار گوێزێک جێگەی بۆ داخراو ئەوکات لەو شوێنە زۆر گرنگی بە پاسەوانی و هەندێ شت نەبوو، چونکە ئەو بارەگایە شوێنێکی ئەمین بوو، بەڵام مامە رووتە خۆی و دوو "پ.م" هەر وەستابوون و حیمایەیان کرد تا بەیانی، تا بەیانی نەمن و نە پێشمەرگەکان نەمانزانی کێ لەو بن دار گوێزەیە، بۆ بەیانی من نان و چاییم بۆ بردن، تەنها من کە چووم بەخێرهاتنم کردو دەستی لەمل کردم، ئەو شوێنە شابەکێو گوندێکە لەبن سورکێو، ئەودیوە کوردستانی عێراقەو ئەودیو کوردستانی ئێرانە، چیای سورکێو چیایەکی بەرزەو عاسێیە سەر چیاکە ئاغەلی بەردینەی زۆر لێ بوو، ئەمە شوێنی خولەپیزەو جەماعەتەکەی بووە کاتی خۆی، جا بۆ نیوەڕۆ مامەرووتە گیسکەکی بۆ مام سەربڕی، بێ گومان لە بارەگا گیسکەکەیان چاک کردو "پ.م" کردی بەچێشت و "پ.م"ی بارەگا لێیان خواردو من بۆ مام جەلال و مامەرووتەشم دەبردن و کەس لە "پ.م"کان نەیانزانی کە ئەوە مام جەلالە، وا فێرکرابوون هەرکەس هات و ڕۆیی کەس نەپرسێ ئەوە کێ بوو کێ نەبوو؟

جا لەو ڕۆژەی کە مام جەلال میوانی مامەڕووتە بوو، منیش لایان دانیشتبووم، مام باسی سەفەرەکەی بۆ مامە رووتە دەکرد، لەوانە باسی شتێکی گێڕاوە، کە لەم ڕۆژانە لە تەلەفزیۆن مام بۆ خۆی دەیگێڕاوە، کە نزیکەی ٤٠-٤٥ ساڵ پێش ئەمڕۆ بووە، بەڕێز مام جەلال وتی: مامەڕووتە لەفلان وڵات کە بەڕاستی ناوی وڵاتەکەم لەبیر نییە چووم بۆ لای سەرۆکی وڵاتێک گوێی گران بوو، یەک بەخۆم لەبن گوێی هاوارم دەکرد "من وەفدم لە کوردستانەوە هاتووم" کابرا تومەز ناوی کوردستانی نەبیستبوو دەیوت تورکستان یان عەرەبستان یان هەر شوێنێک ستانی پێوەبا، ناوی کوردستانی نەدەوت، تا بەهەزار حاڵ تێمگەیاندووە کە کوردستان هەیە هی کوردە، تا ئێوارە باوکم، واتە مامەرووتە، من و "پ.م" بە سواری وڵاغێک مام جەلالمان بردە مەکتەبی سیاسی، کە لە ئاوکورتی و عیساوی لای ماوەت بوو، چارێگێک لەو بارەگایەی ئێمەوە، کە شابەدین بووتا "م.س ٨-٩ سەعات بوو، بە وڵاغ و پیادە ئێوارە بەڕێکەوتین، من لەپێشەوەو مام جەلال بەسواری وڵاغ لەناوەند و پێشمەرگەیەکیش لەدواوە، ڕۆیشتین، شەو درەنگ بوو، مام



**رزگاری مامە رووتە، شابەدین ١٩٦٣**

جەلال وتی: با لەسەر ئەو گردە نەختێ لادەین، لامانداو مام لە وڵاغەکە هاتەخوار و لەناو ئەو هەگبەی پێی بوو، رادیۆیەکی ناوەند،"وسگ"ی لەناو کارتۆن هێنا دەرەوەو دیاربوو لە ئێستگەیەک دەگەڕا، میلەکەی لەوسەر دەبردە ئەوسەر و هەر خشەی دەهات، توڕەبوو، رادیۆکەی لەناو کارتۆنەکە ناوەو وتی: با برۆین، پێش ئەوەی بگەینە "م.س" لەرێگە وتی: ئێستا لەنزیک "م.س. پێشمەرگە" دەنگمان دەدەن، رزگار تۆ لە پێشەوە بڵێ فلان- فلان دوایی وتی: بەیانی وەک خەڵک دێن بۆ بەخێرهاتنەوەم، نابێ کەس بزانی من لەو ڕێگەیەوە هاتوومەتەوە لەڕاستیدا وەکو وتی وامان کرد، ئەو کە گەیشتە "م.س" مامەمان تەسلیم بە ئیبراهیم ئەحمەدو کاک عەلی عەبدوڵڵا کرد و ئێمەشیان برد بۆ هۆدەیەکی تر و وڵاغەکەمان ئالیک داو نان و ماست و چایان بۆ ئێمەش هێنا تا بەیانی، کە هەڵسااین دیمان مام جەلال و کاک ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵا و عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری و نوری شاوێس و هەندێ لە سەرکردەکانی تر وەستاون و مام جەلال لەناوەندیانە و پێشمەرگەو خەڵکی دیکەش بەریز وەستابوون و بەخێرهاتنەوەی مام جەلالیان دەکرد، من و "پێشمەرگەکەی کە لەگەڵمان بوو و خەڵک و پێشمەرگە سرەمان گرت و بەخێرهاتنەوەی مامەمان کرد، کاک عومەر دەبابەی رەحمەتی بەپێکەنین و سوعبەت جنێوێکی بەمن دا، ئێمە یەکسەر گەڕاینەوە بۆ بارەگای خۆمان. لە ٦٤ ئیتیفاق و شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد وابوو جەماعەتی "م.س" چوون بۆ ئێران- سەقز- هەمەدان جا لێرە مامەڕووتە ئەو ئیتیفاق و شەڕەی زۆر پێ ناخۆش بوو لەسەر حدود خۆی و مەفرەزەیەک مابوونەوە، تا وای لێهات گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری پەیدابوو، بارزانی نەمر عەفوی کردن، کۆبوونەوەیەک لەداروغانی لای شلێر لەلای سلێمانی دروست بوو، وەفدی بارزانی نەمر کاک عەلی عەبدوڵڵا و وەفدی "م.س" کاک عومەر دەبابەو مامەڕووتەشی لەگەڵ بوو، لەوکاتەش هەر دەوری باشی هەبوو، تەنانەت دەیانگوت مامەڕووتە وەفدی هەردوو لایە.

وابوو هەموو لایەک ڕێککەوتنەوەو هاتنەوە کوردستان، هێزێکیان لێ تەشکیل کراو شەڕێکی قارەمانانەیان کرد لە زۆزک و هندرێن بە سەرکردایەتی کاک ئیدریس بارزانی نەمر و کاک عەلی عەسکەری، تا ساڵانی ٦٥-٦٦ وابوو مام جەلال و عەلی عەبدوڵلا و نوری شاوێس و هەندێکی تر لە دۆڵەڕەقە بوون، ماوەیەک بوو ڕۆژێک بانگی



**رزگاری مامە رووتە، بێتواتە، ١٩٦٢**

مامەڕووتە دەکەن دەڵێن بەڵکو بچیت بۆ لای بارزانی، بۆ ئەوەی ئیجازەمان بدات ماڵ و منداڵمان ببینین، رووتەش یەکسەر دەڕواو دەچێتە خزمەت بارزانی و پێی دەڵێ و شەکوایان بۆ دەکات، بەڵام بارزانی نەمر دەڵێ: رووتە لێیان گەرێ شەکوایان بۆ مەکەو داوای ئیجازەیان بۆ مەکە، رووتە دەگەڕێتەوە لایان و پێیان دەڵێ جارێ تەحەمول بکەن، جەنابی بارزانی لێتان توورەیە.

جارێ وا لە ٦٦ شەوێک ئەوانەی دۆڵەڕەقە هەموو دەڕۆن و دەچنە بەغداو دیسان ماوەیەک شەڕی براکوژی دەست پێدەکاتەوەو تا ساڵی ١٩٧٠ بەیانی ١١ی ئازار مفاوەزات لەگەڵ شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر و حکومەت دەستی پێکرد، لەوکاتە حکومەت نیازی باش نەبوو، ویستی شەڕەناوخۆییەکەتوندتر بکات، بۆیە ئەحمەد حەسەن بەکر وتی: ئەو جەماعەتە غیر نیزامین جا لێرە حیکمەت و دڵسۆزی و شەهامەتی بارزانی نەمر یەکسەر ئەوانەی هەموو عەفوکردو تێکەڵاوی ناو شۆڕش و پارتی کردنەوە بێ قەید و شەرت، وابوو وەفدێکی "م.س" چوون بۆ خزمەت بارزانی نەمر و رووتەشیان لەگەڵ بوو، هەموو دانیشتبوون و بارزانی نەمر هاتبوو یەک یەک تۆقەی لەگەڵ کردبوون و بەخێرهاتنی کردبوون، گەیشتبووە لای رووتەو زۆرتر راوەستابوو لەگەڵی لەوانی تر و قسەیان کردو رووتە زۆر بە جورئەتەوە وەڵامی بارزانی نەمری دابووەوە، بارزانی زۆری پێ خۆش ببوو، کە رووتە ئاوا بەڕێز و بەجورئەتەوە قسەدەکات و بارزانی زۆری خۆشدەویست، چونکە زۆر ئیش و کاری بارزانی جێبەجێ کردبوو، کاتێک شۆڕش کەم دەرامەت بوو، مامەڕووتە دەینارد بۆ هەولێر و کۆیەو شارەکانی دیکە قوماشی خاکی و جامانەی سۆر و هەندێ شتی تری پەیدا دەکردو بۆ بارزانی نەمری دەبرد، جا بارزانی سەرکردەیەکی بە وەفاو دڵسۆز بوو بۆ گەل و نیشتمانەکەی، پاکییەتی ئەو کەسانەی ماندووبوون و دڵسۆز بوون بۆ شۆڕش و گەل و وڵات.

**بەشی دووەم**



**سورکێو - سنووری ئێران - کوردستان - ١٩٦٤**

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بلاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٥٣ - ١٤٤، ٢٠١٠/٧/٨ی زایینی

# ئاسۆ عومەر سوارە : دواى ٣٨ ساڵ کارکردن، ئێستاش پێویستیم بە هاندانە



هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە

**دواى بەشداریکردنی لە زنجیرە درامای "گەرمیان و کوێستان" بەر لە وەستاندنی دراماکە لە دەرفەتێکدا دیدارێکمان لەگەڵ هونەرمەند سازکرد لەبارەی ئەو درامایە بە تایبەتی و رەوشی دراما بەگشتی...**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** رەوتی فیلمسازی لە کوردستان چۆن دەبینی، لە ئێستادا هەر شارە فێستیڤاڵی تایبەت بەخۆی هەیە، دواى ئەزموونی شەڕی ناوخۆ تاکەی ئەو جیاوازییەو چەقبەستووییە، یاخود سازکردنی فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری کوردستانی چەندە بە گرنگ دەزانی؟**

- گردکردنەوەی هەموو تواناکان لەهەر بوارێک بەگرنگ دەزانم، ئەو لەمپەرانەی تۆ باست کردو باسی هەندێ تراژیدیات کرد لەبەشێک لە مێژووی خەباتی میللەتەکەی من و تۆدا، ئەوە رەنگدانەوەی هەبووەو هەشیەتی و قووڵیشن، پێشبینی دەکەم ئەو شتە وردە وردە سارێژ دەبێت، بە هیوام لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو ئەو شتانە سارێژبن، چونکە ئەوە واقیعی میللەتەکەمانە، هونەر و هەموو ئەو شتانەی لەرێگەی مەعریفەو هوشیارییەوە دەمانەوێ پێشکەشی بکەین لە واقیعەوە هەڵیدێنجین، ئەو واقیعەش ئەوەیە روویداوەو بەدەستی من و تۆ نییە، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هونەر و وەرزش و هەموو کایەکانی دیکەی ژیان دەبێ، بەڵام سارێژکردنەوەی پردی پەیوەندی من لەگەڵ دەڤەرێکی دیکەدا لەرێگەی هونەرەوە یەکێکە لەرێگا سەرەکییەکان، خۆشبەختانە روئیایەکی وا هەیە، چونکە ئیشەکە نەهاتۆتە بەر دیدی بینەر، ئێستا ئیش هەیە ئەکتەری "سلێمانی و کۆیە و هەولێر" بەیەکەوە ئیشی تیادەکەن و یەکێک لەو ئیشانەی بەدڵمە ئەوەیە تواناکانی هەمووومان یەکبێ، لە بەغدا ئەکتەر هەبوو هی بەسرا، موسڵ، بەغدا، ئەنبار، کورد، ئەوە کارێکی کرد لەدواییدا ئەنجامێکی باشی عێراقیانەی بەدەستەوەدا، ئێمەش ئەگەر پێمان نەکرێ ئەکتەری هەر چوار پارچەکە تێکەڵاو بکەین ناتوانین ئەکتەری چوار شاری کوردستان، کە سیانی دەکەوێتە هەرێمی کوردستان تواناکانمان یەک نەخەین، ئەگەر یەکی بخەین هەمیشە دیوە جوانەکەی فەرشەکە دەدەین بەدەستەوە.

*** ئەی قسەت چییە لەسەر سازکردنی فێستیڤاڵی تایبەت بە شارەکان و نەبوونی فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری؟**

-ئەوە تەنها بەوە کۆتایی دێ، کە فێستیڤاڵێک لە سلێمانی دەکرێ میوانی دهۆک یان هەولێرت هەیە، لە هەولێر بەهەمان شێوە، من زۆر بەگرنگی دەزانم ئیشە سەرکەتووەکانی هەر شارێک لەو شارانە بەکەرکووکی کوردانیشەوە بیهێنی لە فێستیڤاڵێکی سەر بە حکومەت هاوکاری بکرێ، بەڵام زۆر گلەییم لەیەک حاڵەت هەیە، بۆ نموونە لە دهۆک مانگی ٢ فێستیڤاڵێک دەکرێ ٣٠بەرهەمی تیایە، ئەو ٣٠ بەرهەمە لەدواى ٦ مانگ لە سلێمانی ٢٠ دانەیان نمایش دەکرێتەوە، لەو رێژەیە ١٥شی دەچێتە هەولێر، کەواتا ئێمە هەوڵماننەدا هەنگاوەکانمان خێرابکەین، جوینەوەی ساڵێک زەرەر لە رەوتی سینەمادا دەدا، لێرەدا خاڵێکی دیکەش هەیە باسی دەکەم لەم ماوەیە مقۆی مقۆی ئەوە هەبوو هەندێک ئیش هەیە بایەخی پێنەدرێ و لە شوێنی دیکە دێن و دووبارەن، فێستیڤاڵێک کە کۆمەڵێک کەس ئیدارییەن کاری تیادەکەن تۆ خۆت بانگت کردووەو بەرهەمەکەشی باشە، لیژنەی دادوەری دێ ئەو بەرهەمە ٦ مانگ پێش ئێستا لە فێستیڤاڵێکی سلێمانی خەڵاتی وەرگرتووە، دواى ٦ مانگی دیکە دیسان وەریدەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر سیستەمەکەی تۆ ئەو سیستەمەی تۆ ئەوەبێ بڵێ لەهەر فێستیڤاڵێک بەشداری کردبوو بەشدارنابێ، خەڵک دانانیشێ لەسەر سەرکەوتنەکانی خۆی جارێکی دیکە بیەوێ سەرکەوتنێکی دیکە بێنێ، نەخێر بەدواى ئیشێکی باشتر دەگەڕێ بۆ ئەوەی کە لە فێستیڤاڵێک هێناویەتی نایهێنێتەوە تەوار و ئەو دووبارەبوونەوە قەبیحە جارێکی دیکە نابینمەوە، هەوڵ دەدا ئەو سەرکەوتنەی لەدەست نەدا ئیشی باشتر بکا، بەڵام کە بڵێ لە ئاسکی زێڕین ئیشێکی باشم کردووەو یەکەمی هێناوە، ئەوجارە لە تەوار دایدەنێمەوە حەتمەن دەیهێنێتەوە، مانای وایە تۆ هەنگاوەکانی فیلمسازیت خاوکردەوە، لە شوێنی ئەوەی برەوی پێ بدەی، جارێ ئێمە هەموومان لە ئەزموونداین، نابێ ئەزموونەکانمان دووبارە بکەینەوە، دەبێ ئەزموونی تازەتر بکەین، نەک ئەو ئەزموونەی کردوومانە جارێکی دیکە نیشانی بدەینەوە.

*** دەمێکە جەنابت بیر لە سازکردنی فێستیڤاڵێکی ساڵانە بۆ درامای کوردی دەکەیتەوە، ئەو بیرۆکەیە لەکوێوە گەڵاڵە بوو؟**

- ئەو بیرۆکەیە تەنها خەیاڵی خۆمە، چونکە لە هەر سێ بوارەکانی سینەما ئیشم کردووە، بەڵام بۆ فێستیڤاڵ نا، لە دراما ئیشم کردووەو لە شانۆش ئیشم کردووە، هەستدەکەم لەو سێ روکنەی نواندن غەدر لەدرامای کوردی دەکەین، ساڵانە کۆمەڵێک ئیشی شانۆیی دەڕواو قسەی لەسەر دەکرێ و ئیشی باش و خراپ جیادەکرێتەوە، لە سینەماو فیلمسازیش هەڵسەنگاندن هەیە، بۆچی بۆ درامای کوردی نەبێ، بۆ نموونە دەزگای بەدرخان کە بەڕاستی بە دەزگایەکی چالاک و جێگەیەکی مەزنتان دادەنێم، بۆ نموونە کە ئێوە ئەوەندە رۆچوونەتە ناو واقیعی کارەکەی خۆتانەوە لەرێگای ئەدەب و هونەر و رووناکبیری و خوێنەری باشتان هەیە، دەزگایەکی وەکو ئێوە یان هەر دەزگایەکی دیکە بۆ نایێ ساڵانە لە مانگی یەکدا لیژنەیەک دابنێ بڵێ ئەمساڵ تۆ ئەندامی ئەو لیژنەی لە ئێستاوە ئەمساڵ لە "دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکووک" چەند دراما کرا بەدیارییەوە دانیشن بە چاوێکی رەخنەگرانە، دوایی هەموو راکانتان کۆبکەنەوە، باشترین دراما، باشترین دەرهێنەر، باشترین سیناریست، باشترین ئەکتەری کوڕ، باشترین ئەکتەری کچ هەڵبژێرن، وەکو ئەوەی لە سوریاو دوبەی دەکرێ، ئینجا لەماوەی خوێندنەوەی ئەو ئەنجامانە هەم ئەکتەر زیاتر خۆی کۆدەکاتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، هەم دەرهێنەر خۆی کۆدەکاتەوە، هەموو لایەنەکان بەهەمان شێوە، بۆ؟ چونکە لێپرسینەوە هەیەو تموحێکی دەخەیتە بەردەم، لێتان ناشارمەوە دواى ٣٨ ساڵ کارکردن ئێستاش پێویستم بەهاندانە، ئێستاش کە یەکێک دەستخۆشیم لێدەکا پێمخۆشە، کە رەخنەم لێدەگرێ دەترسم، بەڵام بۆ ئەو شتە بە راگوزەری بڕواو نەبێتە رەسمی، ئەگەر من کارێکی چاک دەکەم بڵێ دەستت خۆش بێ، ئەگەر کارێکی خراپیش دەکەم با بەخۆمدا بچمەوە و بزانم هەڵەکانم کامەیە، لەبەرئەوە ساڵانە لە مانگی دوانزە لە ئاهەنگێکدا سپۆنسەر بانگ دەکەی و فێری دەکەی کە ئەو دەرهێنەرە ئەمساڵ زۆر زۆر سەرکەوتووە قورساییەک پەیدا دەکا لای سپۆنسەر، سپۆنسەر دەڵێ وەرە پارەت دەدەمێ ئیشم بۆ بکە، بەڵام بە مەرجێک ناوی منی لەسەربێ، ئینجا کۆمپانیای دەرەوەی ناوچەکە بانگە، بڵێ من ئەو درامایانەم هەبووە، ئەوە یەکەم بووەو ئەوە باشترینەکانن، ئەوکات کۆمپانیاکە دەڵێ بۆم سەبتایتڵکەن، منیش دەیبەم لەو وڵاتانەی نمایشی دەکەم، ئەمە سنوور شکاندن و فڕینە بەرەو دنیایەکی باشتر و کرانەوەیەکی باشتر و ئاشنابوونی هونەری ناوچەکە لەگەڵ هونەری کوردیدا، من مەبەستم ئەوە نییە خۆم ببمە باشترین ئەکتەر، ئەوە کێشە نییە ئێمە لای خۆمان هەڵسەنگاندنمان هەیەو دەزانین کێ باشەو کێ خراپە، بەڵام تۆ چۆن ئەو سنوورانە دەشکێنی و وادەکەی کەف و کوڵ بۆ درامای کوردی دروست بکەی، لای من ئەوە گرنگە.




دیمەنێک لە درامای گەرمیان و کوێستان

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**تێبینی: ئەم دیدارە لەدواى پەخشکردنی ٨ ئەڵقە لە دراماکە ئەنجام دراوە، لەبەر گرنگی ریپۆرتاژەکەی ژمارەی رابردوو نەکرا ئەو دیدارە بڵاوبکەینەوە.**

# دایکی سەرکەوت تارۆ لە واشنتۆن بوو



**راگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن**

ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد، موعاناتی گەرمیانییەکان، کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، کلتووری کورد و هەندێ لەداب و نەریتەکانی ئەمانە بەشێک بوون لە نمایشی شانۆگەری دایک لە نووسین و دەرهێنان و نواندنی سەرکەوت تارۆ.

ئەم شانۆگەرییە کە بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە دووەمین رۆژی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن نمایشکرا، بووە جێی سەرنجی ئامادەبووان.

سەرکەوت تارۆی هونەرمەند لە لێدوانێکیدا دەربارەی نمایشە شانۆییەکە گوتی: شانۆگەری دایک "mom" کە بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە دووەم رۆژی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن نمایشم کرد، شانۆگەرییەک بوو بەهەردوو زمان باسی لە ئێش و ئازار و کلتووری گەلی کورد دەکرد، هەروەک لەرێگای دایکەوە دەستم درێژ کردبوو بۆ چەندین ئازاری نەبڕاوەی کورد".

شایانی باسە هونەرمەند سەرکەوت تارۆ لە شاری کەرکووک لەدایکبووەو پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لە سلێمانی تەواوکردووە و ساڵانێکی زۆرە لە ئەمریکا نیشتەجێیەو لەوێش چەندین شانۆگەری و کاری هونەری نمایش کردووە.

# هیشام زەمانی وڵاتی بەفری گەیاندە واشنتۆن



**راگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن**

فیلمی وڵاتی بەفر، لە دەرهێنانی هونەرمەند هیشام زەمانی لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان نمایشکراو بووە جێی سەرنجی ئامادەبووان.

فیلمی وڵاتی بەفر کە بەزمانی کوردی باس لە ژیانی پەنابەرانی کورد بەگشتی و پەنابەرێک بە تایبەتی دەکا، لەوکاتەی ئەو ناتوانێ خۆی لە کلتووری کوردی بەدوور بگرێ و بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پەنا بۆ کوردستان دەباتەوە، کەچی هەر لەو پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییە تووشی چەندین کێشە دەبێتەوە".

حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان چەندین نمایشی هونەری لەخۆگرت، کە بریتی بوون لە شانۆگەری، نمایشی کورتە فیلم و فیلمی درێژ، کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری، سازکردنی ئاهەنگی گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی".

# چوار کورتە فیلمی کوردستان گەیشتنە واشنتۆن

**راگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن**

لە درێژەی چالاکییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان و لەرۆژی دووەمی فێستیڤاڵەکەدا چوار کورتەفیلمی کوردی لەهۆڵی ماڵی سویدی لە واشنتۆن نمایشکرا.

لە دەستپێکی نمایشی کورتە فیلمەکان هەوراز محەمەد وەکو سەرپەرشتیاری بەشی نمایشی کورتە فیلمەکان لە فێستیڤاڵەکە وتەیەکی کورتی لەمەڕ سینەمای کوردی و رەوتی فیلمسازی لە کوردستان خستەڕوو، هەروەک باسیشی لەو کورتە فیلمانەکرد، کە نمایش دەکرێن.









نمایشی هەر چوار کورتە فیلمی "ماسی سوور لە دەرهێنانی هەوراز محەمەد، باران لە دەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت، نەورەس لە دەرهێنانی کامەران جەمال و ماڵی مێروولەکان لە دەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵڵا" برگەی دوای وتەکانی هەوراز محەمەد بوون و کورتە فیلمەکان بوونە جێی سەرنجی بینەرانی کورد و ئەمریکییەکان، بەرادەیەک دوای نمایشی کورتە فیلمەکان گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دروست بوو.

# حكومەتی هەرێم زیاتر لە هەشت ملیار دینار بۆ سینەما تەرخان دەكات



**هونەی بەدرخان**

هەولێر- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، زیاتر لە هەشت ملیار دیناری وەک بودجە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمە سینەماییەكان، بۆ ساڵی ٢٠١٠ تەرخانكردووە.

سەلاح حەسەن بەڕێوەبەری گشتی سینەما بە وەكالەت لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، لە لێدوانێكیدا بە "بەدرخان"ی راگەیاند "لەسەر داوای وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بڕیاردرا بودجەی تەرخانكراو بۆ بەرهەمهێنانی فیلمە سینەماییەكان لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠)، لە رێگەی دەزگاكانی راگەیاندن بڵاوبكەینەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایێک لە وردەكارییەكانی ئەو بودجەیە ئاگادار بن".

بەپێی نووسراوێكی فەرمی كە كۆپییەكی دەست "بەدرخان" كەوتووە، بە ژمارەی ١-١-٦٢٩٩ لە رێكەوتی ٢٣ حوزەیران ٢٠١٠، بڕی (٠٠٠٨٥٩٨٠٠٠) هەشت ملیارو پێنج سەدو نەودو هەشت سەد ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەماو هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، سلێمانی و دهۆک تەرخانكراوە.

سەلاح حەسەن گووتیشی "ئەو بودجەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما تەرخانكراوە، بۆ ئەو دەرهێنەرانەیە، كە سەر بە شاری كەركووكن یان بۆ ئەو دەرهێنەرە كوردانەیە، كە لە دەرەوەی هەرێم و پارچەكانی دیكەی كوردستانن".

هەر دوای راگەیاندنی ئەو بودجەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما، بودجەی بۆ فیلمی "یەک مامک"ی دەرهێنەر جانۆ رۆژبەیانی تەرخانكرووە، كە بڕیار وایە بەم نزیكانە دەست بە كاری وێنەگرتنی بكات دوای دابینكردنی بودجە بۆی.

جێگەی ئاماژە بۆكردنە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، ئەمساڵ دامەزرا، جگە لە بەرهەمێهنانی سینەمایی، لە ئێستادا كاری بەرهەمهێنانی درامایش ئەنجام دەدات.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەو چەند ساڵەی دوایی چەندین فیلمی سینەمایی، كورتە فیلم و فیلمی دۆكیۆمێنتی بەرهەم هێناوە، بەشێک لەو فیلمانە توانیویانە بەشداری لە فێستیڤاڵە جیهانییەكان بكەن و چەندین خەڵات بە دەست بێنن، هەروەها بەشێک لەو فیلمانەی بەرهەمی حكومەتی هەرێم بەهۆی هەندێ كێشەی ئیدارییەوە تا ئێستا تەواو نەكراون و لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێكهێنراوە بۆ بەدواداچوون لەو بارەیەوەو چارەسەركردنی كێشەكانیان.

# فیلمی هەرمان لە واشنتۆن نمایش كرا





**راگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن**

لەمیانی چالاكییەكانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن فیلمی سینەمایی "هەرمان" لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن لە رۆژی یەكەمی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان و بە ئامادەبوونی بینەرێكی زۆری كورد و ئەمریكی نمایشكرا.

حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن كە لەژێر ناوی لە كوردستانەوە بۆ واشنتۆن بە مەبەستی دروستكردنی پردی روناكبیری لەنێوان گەلی كورد و ئەمریكییەكان دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان بەهاوكاری بەشی كلتووری و هونەری نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە واشنتۆن سازیكردووە، لە رۆژانی ٢٩و٢٠١٠/٦/٣٠ لە هۆڵی ماڵی سویدی بەڕێوەچوو.

فیلمی سینەمایی هەرمان كە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەو هونەرمەند حوسێن حەسەن كاری دەرهێنانی بۆ كردووە، هەریەک لە "گوڵبەهار كاڤچۆ و هەرمان محەمەد" وەكو ئەكتەر رۆڵی سەرەكی دەبینن، فیلمەكەش لەرێگای چیرۆكی خۆشەویستی دوو عاشقی كوردەوە باس لە ئێش و ئازارەكانی كورد و كلتووری كوردی دەكا،.

شایانی باسە فیلمی سینەمایی هەرمان بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵی دیاری جیهانی كردووە، دواترینیان فێستیڤاڵی سانتابارِبارا بوو لە ئەمریكا.

## ئێرە كوردستانە لە واشنتۆن بوو

**راگەیاندنی بەدرخان لە واشنتۆن**

فیلمی دیكۆمێنتی ئێرە كوردستانە لە ئامادەكردن و دەرهێنانی "هەوراز محەمەد" لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان نمایش كرا.

ئەم فیلمە دیكۆمێنتیە كە باسی لە مێژووی كورد دەكرد، تێیدا ئاماژەكرابوو بەو چالاكییە ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیرییانەی كە لەدوای راپەرینەوە لەكوردستان ئەنجامدراوە و پێشكەوتنی بەخۆیەوە دیوە، بووە یەكەم نمایشی فیلم لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان.

ئێرە كوردستانە فیلمێكی دیكۆمێنتی بوو كە بەرهەمی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان بوو، هەوراز محەمەد كاری دەرهێنان و نێروان تەها كاری مۆنتاژی بۆ ئەنجامدابوو، بۆ ئەرشیفیش سوود لە ئەرشیفی سەتەلایتی گەلی كوردستان وەرگیرابوو، كە ئەو فیلمە توانی لە ماوەیەكی كورتدا خەباتی كورد و ناخۆشییەكان و پێشكەوتن لە هەموو بوارەكانی ژیان لە كوردستان بخاتەڕوو.

# گەشتێكی یاسایی و رۆژنامەگەری بۆ توركیا

**پارێزەر حوسامەدین سەرداری**

لە رێكەوتی ٢٠١٠/٦/٣٠ تا ٢٠١٠/٧/٣ لە شاری ئیستەمبول و لە ئوتێلی نیپۆن وۆركشۆپێكی یاسایی و رۆژنامەوانی لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و سەندیكای رۆژنامەنووسانی توركیا (TGS) بە هاوبەشی لەگەڵ سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراق ئەنجام درا. شاندی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە بەڕێز (پارێزەر ئازاد حەمەدەمین -سەرۆكی لقی هەولێری سەندیكا) و (پارێزەر حوسامەدین یاسین سەرداری - راوێژكاری یاسایی سەندیكا) پێكهاتبوو. سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقیش لە (٥ پارێزەر پێكهاتبوو).

لەم وۆركشۆپەدا چەندین مامۆستای خاوەن بڕوانامەی بەرزو بەئەزموون لە بواری یاساو رۆژنامەگەری بەشدارییان تێدا كردبوو و چەندین بابەتی بەپێزیان پێشكەش بە بەشداربووان كرد، لەوانە دكتۆر سیجال بارمر (پارێزەرەو دكتۆرای هەیە لە یاساو خەڵكی ئینگلتەرایە)و مامۆستا سارە بوشتۆب (پارێزەرەو خەڵكی جەزائیرەو بەرپرسی پرۆژەكانی وڵاتە عەرەبییەكان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە (IFJ) . مامۆستا بویكۆ بوف (پارێزەرەو خەڵكی بولگاریایەو لە رێكخراوی مادە ١٩/ كاردەكات و زانیارییەكی زۆری لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری لە كوردستان و عیراقدا هەیە) هەروەها سەرۆكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی توركیا (ئەرجان ئیپەكچی) و راوێژكاری یاسایی سەندیكاكە (پارێزەر فیكرەت ئالكیز) ٢ بابەتی بەپێزیان لەسەر یاسای سەندیكای رۆژنامەنووسانی توركیاو پاراستنی یاسایی بۆ رۆژنامەنووسانی توركیا پێشكەشكرد. هەروەها پارێزەر (حوسامەدین سەرداری)لەشاندی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانی بابەتێكی لەسەر (یاسای ناوزڕاندن - تەشهیر) لە عیراق وكوردستان ێشكەش بە ئامادەبووان كردو تیشكی خستە سەر یاسای كاری رۆژنامەگەری لە كوردستان بە ژمارە (٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧)


و یاساكە لەلایەن ئامادەبووان تاوتوێكراو بە پێشكەوتوو لەقەلەم درا. هەروەها پارێزەر (نیعمە روبەیعی) راوێژكاری یاسایی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عیراقی بابەتێكی لەسەر پاراستنی رۆژنامەنووسان لە عیراق پێشكەشكرد . ئەوەبوو وۆركشۆپەكە لە ٢٠١٠/٧/٣ كۆتاییهات.

شایەنی ئاماژە پێكردنە،پەیامنێری توركیای كەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی كوردستان (KTV) ئامادەی وۆركشۆپەكە بوو و هەواڵەكەیان بەدەنگ و رەنگ گواستەوە . لە ژمارەكانی داهاتووی بەدرخان وردتر باسی ئەم گەشتە دەكەین.



پارێزەر حوسامەدین سەرداری ، پارێزەر ئازاد حەمەدەمین ، پارێزەر نیعمە روبەیعی لە ٢٠١٠/٧/٢ ئیستەمبول

# ژیانێک.. پڕاو پڕ لە داهێنان.. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟



**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

## یەکێ بێ گەورەبێ و بەڕەڵلا بێ وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ

**(زیرەک)**

## چونکە کوردبووم هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو

**(زیرەک)**

## خۆم ئەزانم چۆن دڵخۆشیان بکەم

**(زیرەک)**

**زیرەک.. پیاوێکی مەزن**

زیرەک لەو کەسانە نەبووە، تەنیا ئەو کاتانە هونەرمەند بێت کە گۆرانی دەڵێ:
بەڵکو زیرەک هەمووکاتێک هونەرمەند بووەو هیچ بیروبابەتێک ئەوەندەی هونەر مێشک و دڵی زیرەکی داگیرنەکردووە. بۆیە زیرەک هی ئەوە بووە، کە بەردەوام کامێراو تەسجیلی بەدواوە بێت بۆ ئەوەی هەر کاتێک سۆزی هەڵساو گۆرانی گووت. ئەوا داهێنەرانە گۆرانی دەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو چرکە ساتانە و ئەم گۆرانی گووتنانە تۆماربکرێ..!!
بەداخەوە چونکە دەربەدەرو بێ کەس و بێ ماڵ بووە، زۆربەی ئەم پێکهاتە هونەرییە گرنگانەی تۆمار نەکردوون و بەمەش خەسارەتێکی گەورە کە لە هونەری کوردی کەوتووە و بەرهەمێکی زۆر جوان پڕ داهێنانی زیرەکیش لە بێن چووە، ئەوەتا "میرزا کەریم خۆشناو" بەم هەموو دڵسۆزییەی کە بۆ زیرەکی هەبووە، داخ بۆ ئەم کاتانە دەخوات، کە زیرەک وەک بولبول چریکاندوویەتی و تەسجیلێک نەبووە، ئەم چریکاندنە تۆمار بکات، خۆ ئەگەر تۆماریش کرابێ ئەوا بە شێوەی پێویست نییە و ئامێرەکانی هی ئەوە نەبوونە کە هونەرو دەنگی زیرەک وەکو خۆی بگەیننە گوێگران.
لە کوردەواریدا گۆتەیەک هەیە، دەڵێ: "گۆرانی مەڵێ، تا سۆزت هەڵدەستێ، کە سۆزت هەڵسا پێویستیت بە دەنگ خۆشی نییە!!" هەر بەراستیش وایە "سۆز" زۆر پێویستە بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ: خۆ ئەگەر هونەرمەند سۆزی هەڵساو دەنگیشی خۆش بوو شارەزایی دەنگی خۆی و ئاوازەکان بوو، ئەوا لێرەیە گۆرانیبێژ دەبێتە هونەرمەند و داهێنەر، زیرەکیش بەردەوام هونەرمەندو داهێنەر بووە، بەڵام، زۆر کەم دڵخۆش بووە. "میرزا کەریم خۆشناو" دەنووسێ "حەسەن زیرەک ئەگەر تۆزێ دڵی خۆش بوایە زۆر شتی بۆ دەهات و شتی تازەی دادەهێناو هی وای دەوت، کە هیچ کەس نەیبیستبێ.. بۆ یەکەمجار ئەیخستە بەر گوێچکەی ئەم خەڵکە". بەڵێ ئەم "شتە تازە" و "کەس نەیبیستوو"انەی. زیرەک "داهێنان"بووە، داهێنانی گۆرانی کوردی، هەر ئەوەشە کە هونەرمەندی گەورەی کورد "موجتەبای میرزادە"دەگێڕنەوە، کە ساڵانێک پێکەوە لەگەڵ زیرەک لە رادیۆی تاران و کرمانشان کاریان کردووە. گووتوویەتی: زۆرجار پڕۆڤەی گۆرانییەکانی دەکرد، کاتی دەچووینە ستۆدیۆ بۆ تۆمارکردن، زیرەک شیعرو ئاوازێکی تر و دڵگیرتری دەگووت، کە ئەوە نەبوو پێشتر پڕۆڤەمان لەسەر کردبوو.
کارێکی تری زیرەک ئەوەبوو، چونکە خۆی سادەبووە و لەگەڵ خەڵک بە سادەیی ژیاوە، زۆرجار خەڵکی نەدیتەو نەناس داوای گۆرانی گوتنیان لێکردووە، ئەویش هەتا بۆی کرابێ دڵی کەسی نەشکاندووە. هەر لەو شوێنەو لەگەڵ ئامێرێکی سادە و لە دڵەوە دڵی شاد کردوون، ئەگەرچی میرزا کەریم دەڵێ: "زیرەک ئەگەر دڵی خۆشبوایە دڵی خەڵکیشی خۆش دەکرد." کەچی، لە راستی دا زیرەک زۆرتر دڵتەنگ و خەمبار بووە، بەڵام ئەو هونەرمەندە گەورەیە دڵتەنگی و خەمبارییەکەی خۆی کردووە بەهۆی داهێنان و بەو خەمبارییەی خۆی دڵی خەڵکی شادکردووە، سەیرکە لەو چایخانەیەی "کانی مەلا ئەحمەد" کە پێشتر خوێندمانەوە، چەند جێگایەکی ناخۆش و پیس بووە و زیرەک بە زەوق و زیرەکی خۆی لەگەڵ هەموو هەژاری و دەستکورتییەکەی خۆی دەیکاتە جێگایەک کە خەڵک لە دوورەوە بۆی بچن و بە جێگای خۆشی بزانن. یەکێ لەوانەی کە لە دوورەوە هاتووەو دەیەوێ زیرەک لە نزیکەوە ببینێ و گوێی لە دەنگە خۆشەکەی بێ، مرۆڤێکی گران و لێهاتوو بوو، زیرەکیش دڵی ناشکێنێ و گۆرانییەکی بۆ دەڵێ و هێندی شاد دەکات کابرا تا تەمەنی ماوە لەبیری نەکات، کە کابرا دەڕۆ میرزا کەریم لە زیرەک دەپرسێ: "ئەمە چی بووە؟" زیرەک زۆر مرۆڤانە و زۆر هونەرمەندانە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "زۆر چاک دەزانم چۆنیان دڵخۆش بکەم!" بەڵێ پیاوە مەزنەکان ئەوانەن، کە خۆشی خۆیان لە دڵخۆشی کەسانی تردا دەبینن، زیرەک ئەو پیاوە مەزنە بوو.

**زۆرچاک دەزانم چۆنیان دڵخۆش بکەم**

کاتی گۆرانی گوتنی زیرەک هەرکەس گوێ لە گۆرانییەکانی بووایە خۆی بۆ نەدەگیرا یان شانی بۆ هەڵدەخستەوە یان دەستی بە "پلە" یان چەپڵە لێدان دەکرد. خۆ ئەگەر بێگانەشی تیا نەبووایە ئەوا دەستیان بە هەڵپەڕکێ و هەڵخستنەوە دەکرد. بەشێوەیەک کە خەڵک وای دەزانی بەڕاستی سەرخۆش بوون.
بۆ نموونە خۆم ئەم دیمەنەم بینی لەگەڵ هەندێک هاوڕێی خۆشەویست لای زیرەک دانیشتبووین. دەم نادەم دەستی دەدایە "دائیرەکەی" دەفەکەی بچووک و کۆرەکەی بۆ گەرم دەکردین بە دەنگە بەسۆزەکەی. کە لە ناخی دڵی مرۆڤ کاری دەکرد. هەندێک گۆرانی بۆ دەوتین. پاشان دەفەکەی دادەناو دەستی بە قسەی خۆشتر لە گۆرانییەکانی دەکرد، ئێمەش بە قسە خۆشەکانی دڵخۆش دەبووین و پێ دەکەنین.
کە سەرگەرمی ئەم پێکەنین و قسە خۆشانە بووین. لەپڕ یەکێک خۆی کرد بە ژوورەکەو سڵاوی کردو لە نزیک ئێمەوە لە بەرامبەرمان دانیشت.
ئێمەش زۆرمان. بەخێرهاتن کردو زۆریش رێزمان لێنا.
هەمووما مات بووین چونکە مرۆڤێکی زۆر گران و لێهاتوو دیاربوو.
پاش کەمێک. دانیشتن وتی: ئەرێ ئەتۆی جەنابی حەسەن زیرەک؟
- بەڵێ کاکە من حەسەن زیرەکم.
- توخوا یەک گۆرانیم بۆ ناڵێی؟ چونکە گەلێ لە دڵما بوو کە لە نزیکەوە چاوم پێت بکەوێ و گوێم لە گۆرانییێکت بێت... شووکر بۆ خودا ئەوە ئاواتم هاتە دی:
بەر لەوەی کابرا قسەکەی تەواو بکات زیرەک دەستی دا دەفەکەی و زۆر بە ئارامی دەستی کرد بە وتنی گۆرانی:
**"ئای لە میناڵی. بەقوربان شەڕ دەکا چاوی. تاکەی داییبێنم بە پەنجەم ئەگریجەی خاوی".**
ئەم مرۆڤە کە گوێی لە گۆرانییەکەی زیرەک بوو کە بەم دەنگە خۆشەو بەم ئاوازە شیرینە دەیڵێ لە هاواری داو وتی: ئەڵڵاهو ئەکبەر. ماشائەڵڵادوو سێ جار لەسەر یەک سەیری زیرەکی دەکردو ئەڵڵاهو ئەکبەری دەووتەوە...
کابرا ئەوەندە شاد بوو لە خۆشیا رەنگی سوور هەڵگەڕابوو و بە لێوی بە بزەوە سەیری دەمی زیرەکی دەکرد.
هەڵبەت ئێمە وەک زیرەک شارەزایی ئەم جۆرە شتانە نەبووین بۆیەبە سەیرەوە تەماشای جووڵانەوەی ئەم کابرایەمان دەکرد.
زیرەک کە سەیری دڵی گەرمی ئەم کابرایەی دەکرد پەیتا پەیتا ئاوازەکەی بۆ کرژتر دەکردو هەوای هەڵپەڕکێی بۆ دەوت هەوای میتاڵی کرد بە:
**"هەی مینا عومرم مینا- ناسکۆڵەو نازەنینە"**
**"خڕو خۆڵ و نەرم و نۆڵ- مەڵحەمی سەر برینە"**
**"خاڵێک لەسەر لێویەتی- دەڵێی پیرۆزەی شینە"**
**"هەر کەس ئەو خاڵەی ماچ کا- نیوەی تەحیات و دینە"**
لەو کاتەی کە زیرەک گەیشتە "خڕو خۆڵ و نەرم و نۆڵ"کابرا کابرا هەڵسایەوە سەر پێ و دەسماڵێکی لە گیرفان دەرهێناو بەتەنیا دەستی کرد بە هەڵپەڕکێ.. بەڵام چۆن هەڵپەڕکێیەک؟ بەڕاستی هەر لەخۆی جوان بوو!
ئێمەش هەر کە چاومان بەم کابرا نەناسەو گران و بەرێزە کەوت کە ئاوا سەرمەست و دڵگەرم بووە پەردەی شەرمی لەسەر روو لاداوە و دەستی کردووە بە هەڵپەڕکێ... بەڕاستی کە ئێمەش چاومان بە زەوقی ئەم "ئەسپۆرتە" کەوت خۆمان پێ نەگیراو لەسەر کورسی خۆمان هەڵداو دەستی کابرامان گرت و دستمان کرد بە هەڵپەڕکێ، لە راستیدا ئەمە خۆشترین کات بوو لە ژیانم دا.
لەپڕ زیرەک دەفەکەی دانایە عەرزو کۆتایی بە گۆرانییەکانی هێنا..
ئێمەش دستمان بەرداو هەریەک لە جێگای خۆمان دانیشتینەوە و ئارەقەمان لە روومان دەسڕییەوە و هەریەک بە دڵخۆشی سەیری یەکترمان دەکرد.. لە دڵەوە سوپاسی ئەم برا چاکەمان دەکرد کە گشتمانی سەر زەوق خستبوو.
پاشان روومان لە زیرەک ناو وتمان:
- زیرەک ئەمە چی بوو؟ چۆن ئەم برادەرەت وا سەر زەوق خست؟
زیرەک وتی: براینە ئەم برایە خۆشەویستی منە. چونکە ئەو رێیەی بڕیوە و بۆ دیدەنی من هاتووە! ئەی نابێ منیش تۆزێکی ئەو هەموو رێگایە دڵی خۆش بکەم و کە رۆیشتەوە بە پەشیمانی نەگەڕێتەوە؟



**زیرەک و میرزا کەریم**


چەند خۆشە بە دڵخۆشی و پڕ زەوق لێرەوە بڕواتەوە لای خۆیان و ئەم خۆشییە بگێڕێتەوە بۆیان و هەتا هەتایەش لەبیری نەکات. زۆر چاک دەزانم چۆنیان دڵخۆش بکەم!

**شین و شایی**

نموونەیەک بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە زیرەک دەتوانێ لەکاتی پێویستدا هەرچی لە دەورەو بەری هەیە بیانگرێنێ یا دڵخۆشییان بکات و بە پێکەنینیان بخات، کە ئەمەی بە شارەزایی خۆی زۆر بە سادەیی دەیتوانی..
هەروەک "ئیسحاقی موسڵی"کە دەڵێن ئەگەر بیویستایە بە گۆرانییەکانی خەڵکی دڵشاد دەکردو بیویستایە ئەو مەجلیسەی کە تا ئێستا پێدەکەنین نەیگۆڕینەوە بە شین و گریان و واوەیلا، جا نازانم ئەمەیان تا چ ئەندازەیەک راستە.. چونکە من تەنها لە کتێبا خوێندوومەتەوە.
بەڵام ئەمەی حەسەن زیرەک من چاوی خۆم دیم و کەم و زیادیشی تێدا نییە:
رۆژێک لە چایخانە دانیشتبووین کە پۆلێک لە رۆشنبیرانی "بانە" هاتن بۆ لای زیرەک دانیشتن و دوای چای خواردنەوە و پشوودان داوایان لە زیرەک کرد گۆرانییێکیان بۆ بڵێت.
زیرەکیش بانگی شاگردەکەی کردو وتی ئا ئەم دەفەیەم بۆبێنە.
شاگردەکەشی غاری داو دەفەکەی بۆ هێناو دایە دەست زیرەک.
ئینجا زیرەکیش دەستی کرد بە گۆرانی وتن. ئەم خەڵکەی کە لە دەوروبەری کۆببونەوە چەپڵەیان بۆ لێدا و هێندێکیشیان لە گەڵیا دەیان وتەوە.
لەپاشان دەستی کرد بە وتنی گۆرانی "شیرن و شیرن و شەمامە" بەڵام بە دەنگێکی زۆر خۆش و بەهەواییکی کرژ.. لەپڕ هەرچی ئەم رۆشنبیرانە کە هەمووی کوڕی چاک چاک بوون هەڵسانە پێوە و بە دەوری زیرەکدا دەخولانەوە و هەر یەک لە دواوە چاکەتی ئەوەی پێشەوەی گرتبوو وەک "فارگۆنی شەمەندەفەر".. بەهەوای گۆرانییەکە قاچیان بەرز دەکردەوەو هەنگاویان دەهاوێشت و خۆیان چەماندبۆوە بەم چەشنە سەمایان دەکرد، برادەرەکانی تریش چەپڵەیان بۆ لێ دەدان و ئەمانیش گۆرانییەکەیان دەگێڕایەوەو دەیان وت:
**"شیرین و شیرین شەمامە- شەمامەی چوار بێستانی"**
**"بەژن رێک و پێک و جوان- کیژۆڵەی کوردستانی"**
**"سەبارەت بە یاری خۆم- ئاوەدان بێ سلێمانی"**
بەڕاستی دیمەنێکی قەشەنگی وایان درووست کردبوو و خۆشی و شادی وایان دەبەخشییەوە کە لە هەر لەباسکردن نایەت. دانیشتووانی چایخانەکەیش هەموو لەم بەزمە خۆشەدا کۆ ببونەوە و بەچەپڵە لێدان بەشدارییان دەکرد.
بەراستی دیمەنێکی ئەمەندە رازاوە و پڕ هەست و دڵگیریان درووست کردبوو، کە وام دەزانی خەو دەبینم. ئۆقرەم نەدەگرت و نەمدەزانی چی بکەم:
هەڵبەت ئەوسا کە تەسجیل و کاسێت کەم بووە، تەسجیلی گەورە وەک "گرۆندیک"و "نیڤاکۆ" و ئەم چەشنە بەکرانە باوبوون، کە لەبەر گەورەیی بۆم نەدەکرا هەمیشە لەگەڵ خۆمی بگێڕم، بەڵام هاوڕێیەکم تەسجیلێکی "فلیپس"ی بچووکی هەبوو، لەلای بوو.. بەپاتری ناوەنجی ئیشی دەکرد هەرچەندە مایکرۆفۆنەکەشی شەق و شڕ بوو بەڵام هەر لە نەبوون باشتر بوو. تەسجیلەکەمان خستە بەردەمی زیرەک و لەسەر زەوی دامان ناو میکرۆفۆنەکەشمان لەسەر مێزێک دانا ئاوا ئەم شایی خۆشەمان تۆمار کرد.
ئێستاش هەر کاتێ گۆرانییەکانی ئەم رۆژە لێبدەمەوە بەداخێکی زۆرەوە بۆ زیرەک ئەم دیمەنانەم دێتەوە بەرچاوو لەگەڵیان دەژیم.
حەسەن زیرەک ئەگەر تۆزێ دڵی خۆش بوایە زۆر شتی بۆ دەهات و شتی تازەی داهێناو هیوای دەوت کە هیچ. کەس نەیبیستبێ.. بۆ یەکەم جار ئەیخستە بەر گوێچکەی ئەم خەڵکە.
ئێمە بەئاواتەوە بووین کە هەمیشە دڵی خۆش بێت چونکە بە دڵخۆشی خۆی خەڵکی تریشی شادمان و کامەران دەکرد.

**برین و سارێژ**

بەیانییەک لە ماڵەوە لەگەڵ چەند میوانێک دانیشتبووین.. باسی گوم بوونی برای یەکێکیانمان دەکرد.. باسمان دەکرد. کە ئایا خەبەریان هەیە لە کوێی لە "تەهران"ە یا لە شوێنێکی ترە یانەنا؟



**میرزا کەریم خۆشناو**

لەم قسەو باسانەدا بووین کە زەنگی دەرگا لێدرا منداڵەکان چوونە دەرو گەڕانەوە، وتیان مام زیرەکە لە دەرگا.. وتم: بڵێن بابێتە ژوورەوە.
زیرەک هاتە ژوورەوە و سڵاوی کرد، ئێمەش لەبەری هەڵساین و تۆقەمان کردو دانیشت.
مێوانەکان هاتنی زیرەک زۆر لا خۆش بوو زۆر کەیفیان بە چاوپێکەوتنی هات. دوای ماوەیێکی کەم زیرەک وتی: دەکرێ کاکە بمگەیێنیە چایخانەکە.. یا لەبەر میوانەکان رەئیت گۆڕی؟
وتم: نا کاکە رەئیم نەگۆڕیووە.. میوانەکانمان خۆیین بێگانە نین، بەڵام ئەتۆ چاییکی بخۆرەوە جا پێکەوە هەڵدەستین.
میوانەکانیشم کە زانیان زیرەک ئەڕواو جارێکی تر وایان بۆ رێک ناکەوێتەوە لەسەر هەڵ بازیان نەداو وتیان: ئاخر ئێمە میوانی میرزا کەریمین میوانی تۆشین.. زیرەک وتی: سەر هەردوو چاوم بەخێر بێن.
میوانەکانیش وتیان: چاوت خۆش بێت زۆر سوپاس، بەڵام لەم دەنگە خۆشەش بێ بەشمان مەکە هەرچەندە کاتەکەشی گونجاو نییە بەڵام جارێکی تر لەکوێ وا هەڵدەکەوێ تا ئاوا بەم سادەییە گوێ لە دەنگی کاک حەسەن زیرەک بگرین! زیرەکیش سەیرێکی منی کرد. دەمزانی کە بێ تاقەتەو کاتی گۆرانی وتنی نییە بەڵام لەبەر من چونکە ئەوان مێوانی من بوون دڵی نەشکاندن.
زۆر بەغەریبی و بەهێمنی گۆرانییەکی وت.. بەڕاستی کاری تێکردم و خەریک بووم دەست بەگریان بکەم، کە سەیری مێوانەکانم کرد دیم هێندە بەکوڵ دەگرین و هەر خەریکن تا تینیان تێدایە هاوار بکەن و لە بابەڕۆ بدەن.
گۆرانییەکە ئەمە بوو:
**سەوزەڵێ سەوزە گیان سەوزەم ون بووە لە رێی خودا پێم بڵێن ئاخۆ ماڵی کێ چووە".**
**"هەر کۆچ کۆچت بوو کۆچیت بوو بەراست خوداگیرم بی ماڵاوات نەخواست".**
**"سەوزەڵێ سەوزە گیان باریکی جاران- ستەرتە زیندانی بم لەسەر تۆ لە بەندی تاران".**
زیرەک کە سەیری گریانی ئەم دوو مێوانەی منی کرد گریانەکەیان ئاسایی نەبوو یەکسەر گۆرانییەکەی گۆڕی بە گۆرانییێکی شاد.. وتی:
"هەرچەندی دەگریم ئەی هاوار.. یار بێ خەیاڵە".
"شەرتم بردە سەر ئەی هاوار.. شەرتی حەوت ساڵە".
بەشێوەییکی هێند رێک و پێک و دڵفڕێنی وت کە ئەم مێوانانەم یەکسەر فرمێسکی چاویان سڕییەوەو پەیتا پەیتا هاتنەوە سەر حاڵەتی سروشتی خۆیان و وتیان: "بەڕاستی کاک زیرەک چاک دەزانی چۆن برین و بکولێنیتەوە و لەهەمان کاتا تیماریشی بکەیتەوە.. گۆرانییێکی هێندە غەریبت

# حەسەن زیرەک

وت براکەمت هێنا بەرچاومان کە نازانین لە زیندانی "تاران"ە یا لە زیندانەکانی "ئەوین" و جێگاکانی ترە تەنانەت نازانین کە ماوە یان نەماوە، بیرمان لەمە کردەوە و دڵمان پڕ بوو و خۆمان بۆ نەگیرا ئەم گریانەمان کرد تا بڕێک دڵمان بحەسێتەوە.. دووبارە کە ئەم گۆرانییەی ترت وت بەڕاستی دڵت فێنک کردینەوە و دڵ خۆشت کردین.. یارەبی زیرەک قەت غەم نەبینی".

ئەوسا هەموومان دەستمان بە پێکەنین کردو زۆریش سوپاسی کاک زیرەکمان کرد.. زیرەکیش وەڵامی داینەوە و دوایە رووی لەمن کرد وتی:

کاکە ئەم خوشکانە کێیان حەپسەو لەسەر چییەو چۆنە؟ چونکە بەڕاستی ئەوەندە بەکوڵ دەگریان خەریک بوو منیش گۆرانییەکە ببڕم و دەستکەم بە گریان و لە باوکە رۆبدەم!!

بەم قسەیەی زیرەک هێندێک پێکەنیم و وتم: کاکە ئەم کچە یان کچی ئەم خانمەیە کە دانیشتووە، حەپسەکەیش کەوا بۆی دەگرین خاڵی ئەم کچە و برای ئەم خانمەیە شەو هاتوون لە ماڵەوە دەریان هێناوەو بە حەپسی بردوویانە، ئێستاش کەس پێیان ناڵێ لەکوێ بەندە، ئەم گیراوەش کە باسی دەکەین زۆر لام خۆشەویستە و وەک برای پشتم وابوو..

زیرەک وتی: بەخودا منیش شەریکی غەمم بە ئومێدی خودا لەم رۆژانە بەر دەبێ و ئێوەش بە دیداری یەک شاد دەبنەوە و منیش کۆڕێکی زۆر خۆشتان بۆ دەبەستم- دەعوەتێکیش میرزا کەریم لێرە دەیکات بە دۆڵمەی عێراقی.

منیش وتم: ئای بەسەر هەردوو چاوم. خودا دەکات ئەو بەر دەبێت دۆڵمە چ قیمەتێکی هەیە؟!

زیرەک وتی: باوکم خۆ خۆت دەزانی من چەندم حەز لە دۆڵمەیە، بەتایبەت دۆڵمەی عێراقی.. من پترم ناوێ!!

مێوانەکان بۆ ماڵی خۆیان رۆیشتن و من و زیرەکیش سواری ماشێن بووین و بۆ "کانی مەلا ئەحمەدا" یا "چایخانەی حەسەن زیرەک" ملی رێمان گرت.

**"زیرەک و پارێزگاری سنە"**

بەبۆنەی تێپەڕ بوونی دە ساڵ بەسەر لە دایک بوونی "واڵا حەزرەت" واتە جێنشینی شاە ئاهەنگێکی هەڵپەرکێ و گۆرانی لە شاری بانەدا سازکرا... کوڕی شاە لە ٩ی مانگی ئابانی ١٣٣٩ لە دایک بووە.. بەم بۆنەوە هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن.. شاهی باوکیشی لە ٤ی هەمان مانگ لەدایک بووە، جا لەم مانگەدا دوو ئاهەنگ دەگێڕن.. لە رۆژی لە دایکبوونی کوڕی شادا ئاهەنگ و شاییان لە پادگانی شار سازکردوو بانگی هەندێ هونەرمەندی فارس و کوردو تورکیشیان کردو سودیشیان لە بوونی زیرەک بینی و زۆر بەرێزەوە داوایان لێکرد کە بێت و گۆرانییێکیان بۆ بڵێ و بەدەنگە خۆشەکەی ئاهەنگەکەیان بۆ بڕازێنێتەوە.

"ئوستانداری سنە" ئەم جارەیان لە بانە میوان دەبێت.. ئەم پارێزگارە زۆر چاک زیرەکی دەناسی لە کاتێکا دۆستی بووە کە زیرەک گەنج بووە و ژیانێکی زۆر خۆشی هەبووە بەڵام ئەم جارەیان کە پارێزگار زیرەک دەبینێ زۆر فەرقی دەبێ لەگەڵ جارانی.. ئێستا تواناو بێ پارەو پوول و بێ زەوق و بێ وەزعە، دەبێ ئەمەش بڵێین پارێزگار نەیدەزانی کە زیرەک قسمەتی کەوتۆتە ئەم شارە! با بێینەوە سەر باسی خۆمان.. دوای ئەوەی هونەرمەندانی شارەکە هەریەک بە نۆبەی خۆی هونەری خۆی نواند.. عەریفی حەفل بە دەنگێکی بەرزو پڕ حەماس وتی: "ئەی بەڕێزەکانی شاری بانە.. بەبۆنەی میوانداری لە ئوستانداری بەڕێز سەرەڕای ئاهەنگ گێڕان بەم رۆژە پیرۆزە ئەمەوێ لە کۆتاییدا بولبولی کوردستان هونەرمەندی مەزن و بەناوبانگ کاک حەسەن زیرەکتان پێشکەش بکەم تا ئەویش بە لێهاتوویی خۆی ئەم کۆڕەمان بۆ بڕازێنێتەوە".

زیرەک دەیزانی کە پارێزگار دۆستی کۆنییەتی، بەڵام پارێزگار هەر ئەوەندەی دەزانی کە چەرخی گەردوون بۆ زیرەک ئاوەژوو سوڕاوە و زیرەکی خستۆتە ژێر باری غەم و سەری وا لێ شێواندووە کە نەزانێ روو لە کێ بکات، زۆریش بۆی بە پەرۆش بوو.

زیرەک هاتە سەر شانۆ.. هەرچی لەم گۆڕەپانە بوو هەموو هەڵسایوونەوە پێوە و چەپڵەیان بۆ لێدەدا. پارێزگار چاوەڕوان بوو وەک جاران بەستەیێکی شاد بڵێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو زیرەک هەڵسانێکی زۆر بە غەریبی هەڵسا.. کە دانیشتوانی ئەم گۆڕەپانەی مات و سەرسام کرد.

تەنها بە هەڵسانی پێشەکی، مۆسیقاژەنەکە یەک مۆسیقای بەغەریبی بۆ لێدا کە کاری لە زۆربەی خەڵک کرد.

پاشان لەناخی دڵەوە بەسۆز ئەمەی چڕی:

**"هەتا جەوان بووم، هەتا جحێڵ بووم، فرە پیر نەبووم"**

**"ئەم کرد راوی باز، سۆنە گیر نەبووم".**

**"ئێستاش کە پیرم لاڵ بم من ئەگرم سۆنە، سۆنەش سڵ دەکا لە داوی کۆنە".**

لەمیانەی گۆرانی وتنیدا سەیری پارێزگاری دەکرد و چەند جاریش دێرە شیعرەکەی دەوتەوە.

پارێزگار کە ئەم وەزعەی زیرەک کاری تێکردبوو و ئەم گۆرانییە غەریبەشی لە دەمی خۆی بیست بەزەیی بە حاڵی زیرەکدا هاتەوەو فرمێسکی لەچاوان هاتە خوارو دەسماڵی لە گیرفانی دەرهێناو بە ئەسپایی فرمێسکی دەسترییەوە.. زیرەکیش کە بینی ئاوا کاری کردووە یەکسەر گۆرانییەکەی بە گۆرانییێکی شاد و خۆش گۆڕی وتی: "کێوی "ئەرببا" شارەکەی بانە- بەلەنجە مەڕۆ دڵ بۆت حەیرانە"

**"لانەو هەی لانت کەم- شانەو ئەو شانت کەم"**

**"یا بەمووره جوانێ- شەو لەلا دالانێ..."**

ئەم ئاهەنگەی وا خۆشو گەرم کردبوو ئەم خەڵکەی وا وەجۆش و خرۆش خستبوو و وای وروژاند بوون کە کەوتنە چەپڵە لێدان و فیکە کێشان و شادی و کەیف و خۆشییێکی وا کە ئاهەنگەکە پێشتر هیچ کاتی ئاوای بەخۆیەوە نەبینیبوو.

لە پاشان زیرەک کۆتایی بە گۆرانییەکانی هێنا، بەڵام هەر ئەوەندەی خۆشبوو کە خەریک بوو لەسەر شانۆ بێتە خوارەوە، کەبوو بە یەک هاتوو هاوارو فیکە کێشان و دەنگە دەنگێک لەنێو ئەم جەماوەرەدا، دەیان وت زیرەک بگەڕێتەوە گۆرانییێکی تریشمان بۆ بڵێ... دوای ئەوەی گۆرانییێکی تریشی وت لەشانۆ هاتە خوارەوە.

پارێزگار بە شوێنیدا نارد و کە گەیشتە لای لەبەری هەڵساو بە گەرمی دەستی گوشی و پاداشتەکەی پێداو زۆر هەواڵی پرسی و پێی وت کە لێرە هەڵساین وەرە بۆ فەرمانداری لەوێ هەندێک قسە دەکەین. زیرەک وتی: بەسەر چاو قوربان منیش پێم خۆشە هەندێک لەلای جەنابت دابنیشم.

پادگانەکە هێندە لەشاری بانەوە دوور نییە هەندێ بەپێیان دەچوونەوە شار.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە پارێزگار فەرمانی دابوو زیرەک بۆ لای خۆی بێنن، ئەوا بەماشێنێکی دەوڵەتی چووەوە شار لە فەرمانداری دابەزی و لە "هۆڵی چاوەڕوانی" چاوەڕوانی پارێزگاری دەکرد. هێندەی پێ نەچوو پارێزگار بەشوێنی دا نارد و کە چووە ژوورەوە لای دانیشت و چای خواردەوە...

پارێزگار پێی وت: زیرەک ئەتۆ وەزعت چۆنە؟ چونکە من لە دەرەوەی وڵات بووم.. ئاگاداری وەزعی تۆ نیم بەڵام وادیارە کە وەزعت چاک نییە.

ئەمەی وت و دەستی دایە زەرفێک و دایە دەست زیرەک و وتی:

ئەمەشتێکی کەمی بێ قابیلە، جارێک ئەمەت با پێ بێت بۆ پێویستی تا شتێکت بۆ جێبەجێ دەکەین.

زیرەکیش هەوڵی دا کە وەری نەگرێ وتی:

- قوربان سوپاس بۆ خودا من بەشی خۆمم هەیەو پێویستیم بەمە نییە.

بەڵام پارێزگار بە زۆر زەرفەکەی خستە گیرفانی و وتی: ئەرێ زیرەک ئەتۆ لێرە خەریکی چی؟

- قوربان لە دەرەوەی شار جێگایەک هەیە پێی دەڵێن "کانی مەلا ئەحمەد" لەوێچایخانەکم داناوەو ژیانمی پێ دابین دەکەم.

* باشە بۆ لەم جێگا دوورەی خۆت دەیڵێیت؟

- قوربان دۆستان ئەم شوێنەیان بۆ دۆزیمەوە و جێگاییێکی زۆر خۆشە.

* زیرەک ئەم شوێنە دەبینی؟ "لەم کاتەدا پەنجەی بۆ خوار کێوی ئەربەبا درێژ کرد کە شوێنێکی زۆر خۆش و بەسەفایە و پێی دەڵێن "دوکانان".. گۆڕەپانێکی زۆر گەورە نییە، ئاوێکی سارد و جوانی لێ هەڵدەقوڵێ و دارو درەختی زۆریشی لێیە بەسەر شاری بانەش دا دەڕوانێ جێگایەکی زۆر بەناوبانگ و خۆشە و سەیرانگای شارە.. خەڵکی شار بەهاران و هاوینان بۆ سەیران کردن بەخێزانەوە بۆی دەچن" پارێزگار وتی: بەشارەوانی دەڵێم لەم گۆڕەپانە لەسەر ئاوە ساردەکە یەک چایخانەی سیاحیت بۆ دروست بکات مانگایەکی کەمت لێ وەربگرن ئەم پارەیەشت بۆ بەر قستی زەویەکە و مەسرەفی دروستکرنی چایخانەکە بخەن و زەوییە کەشت بۆ بە پارەیەکی کەم بقرسێنن، بەم جۆرە تۆش دەبی بەخاوەن موڵک ئیشی تێدادەکەی و ژیانت پێ دابین دەکەی. بەڵام کەم



وێنەیەکی خێزانیی، زیرەک و میرزا کەریم

شوێنەکە لەناوی تۆ بووەشێتەوە لەمەش باشترە کە ئەوەندە لەشار دوور بکەویەوە.. لەمەودوا نابێ حەسەن زیرەکی بەناوبانگ شار بەدەربێت.

زیرەکیش زۆر سوپاس کرد و ماڵاوایی خواست، بێ ئەوەی کە بەقسەکانی پارێزگار دڵخۆش بێت.

زیرەک خۆی ئەمانەی بەوردی بۆ گێڕاینەوە.. هەروەها وتی:

فەرمانەکە بە سەرۆکی شارەوانی راگەیانراوە، بەڵام بەخوا هیچ دڵم بەم هەموو وەعد و وەعیدانە خۆش نییە!

ئێمەش وتمان: زیرەک ئەتۆ بۆ دڵت وایە، ئەی لەمە پتر چیت بۆ بکات؟

زیرەکیش وتی: کاکە بەخودا بە دە ساڵی تریش ئەم چایخانەیە بۆ من جێبەجێ نابێت!

وتمان: ئاخر باوکم بۆ تا دە ساڵی تریش جێبەجێ نابێت؟ با ئێمەش بزانین بۆچی و لەبەر چی؟

وتی: "ئاخر باوکم ئێمە هەموومان شارەوانی دەناسین.. کە ئێستا ئەمڕۆ بناغەی ئەم چایخانەیە لێ بدات وەک عەرزم کردن دە ساڵی تر بگرە پانزە ساڵی تر دەبات. با هۆیەکەشتان پێ بڵێم.. شار خۆی ئەنجوومەنی هەیە کە بریتییە لە پیاو ماقووڵان و هەڵبژێردراوانی ئەم شارە کە هەموو رەئی لە دەست ئەوانە، وایە یان نا؟"

وتمان بەڵێ وایە!

زیرەک وتییەوە: هەتا ئەوان پارە سەرف نەکەن و موافەقەت نەکەن شارەوانی ناتوانێ پتر لە ئیعتباری خۆی سەرف بکات، خۆ ئەم قسەشم راستە.

وتمان: بەڵێ راستە!

وتی: "دە خۆشتان دەزانن زۆربەی ئەم ئەنجوومەنانە حاجی و مەلاو دیندارن، باوەڕ ناکەم قبووڵ بکەن جێ سەیرانگەی شارەکە بکرێت بە چایخانەیەکی سیاحی، ئەمە یەک و دووەمیش ئەو پارە زۆرەی کە لە چایخانەیەک سەرف دەکرێ بە نەزەری وان شتێکی ئەرزشدار یا بایەخدار نییە و بە کەمالیاتی دەزانن جا ئەوەی لەمە سەرف دەکرێت لە هێندێک زەرورياتی ناو شار سەرف بکرێت لایان باشترە، سێیەمیش بابڵێین ئەوا هەتا شارەوان و میعمار دەست و خۆیان هەڵنەگرن و لەبەریان نەمێنێتەوە ئەوا دەست بەهیچ ئیشێک ناکەن، جا لەبەر ئەمە پارەی لەبەر دەبڕێت ناچار ئێشەکەش رادەوەستێ و لەوانەیە وەک گووتم دە ساڵەکە هەر دەبات لەو بەینەدا تەنها ماندوو بوونم بۆ دەمێنێتەوە. کێ دەڵێ تا ئەم چایخانە بیناکەی تەواو دەبێ ئوستاندار لە جێگاکەی خۆی دەمێنێ، یان ئەمن لێرە تاقەت دەگرم و لە جێیەکی تر سەردەرناکەم.

بۆیێ زۆر بەم وەعدانە دڵخۆش نیم، چونکە دەزانم بۆمن نابێ.

ئەم رۆژەکەیە بە بیرتان بێتەوە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەم چایخانەیە دروست کرابوو بەمن ئەوە بزانن من هیچ لەم دنیایە نەگەیشتووم، بەڵام زۆر چاک بزانن هیچی بۆمن تیا نییە".

پاشان رووی لەمن کردو وتی: کاکە ئەتۆ ئەمن بگەیەنەوە کانی مەلا ئەحمەد با بۆخۆم کاسبییەکەم بکەم لە هەمووی خۆشترە.

دوایە هاتینە دەرو بەماشێن بەرەو کانی مەلا ئەحمەد شۆڕ بووینەوە لە رێگا ئەو زەرفەی کە پارێزگار دابووی بە زیرەک و خستبوویە گیرفانی دەری هێنا تەماشامان کرد هەمووی "ئەسکیناس" بوو، زیرەک تەماشایەکی کردوو خستییەوە ناو زەرفەکەو هەڵیگرتەوە.

**بەداخەوە تەسجیلم پێ نەبوو**

زیرەک لەپڕ دەستی کرد بە گۆرانییێک کە یەکەم جاربوو گوێم لێ بوو، بەشێوەیەکی هێندە جوان و شیرینی وت کە سەرسامی کردم، لەدڵی خۆما نەمووت باشە بەم دەم و دەستە چۆن ئەم وشە رێک و پێک و بەسۆزو پڕماناو سەرواداراانەی هەڵبەست؟ ئەی ئەم ئاوازە سرک و بەجۆش و شیرین و لە بارەی چۆن بە بەراکرد؟ ئەی دەبێ هەوێن و بنەمای ئەم شەوق و زەوقە ژانگرتوو و سەرمەست داهێنەرانە و زیرەکانەیە چی بێت کە ئەم تابلۆ رەنگین و رازاوە ناوازەو بەرز و مەزنەی دارشت و بە ترۆپکی وتن و ئاواز و نەزم هەوای هەڵگەڕاندو لە شارۆچکەی بیرەوەری منا بۆ هەتاهەتایە گیرساندییەوە! بەڕاستی زیاتر دەرکم بە لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و بلیمەتییە زگماکەکەی کردو باشتریش زێڕکەفتی میهرو سۆزیم بۆ روون بووەوە پتریش زیرەکی هاوڕێم بەدڵاچوو.

من ئەو کاتەم بەلاوە لەکاتە هەرە خۆشەکان بوو. بەڵام بەداخەوە تەسجیلم لانەبوو تا ئەم گۆرانییە تازەو دەگمەنە تۆمار بکەم.

دوای ئەوەی گۆرانییەکەی تەواو کردو نزیک چایخانە بوو بووینەوە وتم: زیرەک گیان ئائەم گۆرانییە خۆشەم کەی بۆ تەسجیل دەکەی؟

زیرەک وتی: بەسەرچاو بەیانی نیوەڕۆ دۆڵمەکمان بۆ لێبنێن، لەگەڵ رابە دێینە ماڵەوە دۆڵمەکە دەخۆین و گۆرانییەکەش تەسجیل دەکەین!

لەگەڵ ئەم قسانە گەیشتینە چایخانەو زیرەک هات خوارەوە وتی: کاکە هەندێ دۆی سارد ناخۆیتەوە؟

وتم: بەڕاستی شتی چاکە، گەر خوێشی لەگەڵ بێ، دەزانم دۆیەکە سارد و مزرە خوێیشی لەگەڵبێ، ئەوا دەبێتە شتێکی نایاب.

دۆیەکەیان بۆ هێنام و خواردمەوە خواحافیزیم کردو گەڕامەوە شار کەرەسەی پێویستم بۆ بەیانی ئامادەکرد.

بەیانی نیوەڕۆ زیرەک و رابە خانم هاتنە ماڵەوە. بەخێرهاتنێکی زۆرمان کردن. زیرەک وتی: باوکم ئەو هەموو بەخێرهاتنەی ناوێ، تۆ جارێ پێم بڵێ دۆڵمەکە ئامادەیە یان نا؟

لەکاتی ناوهێنانی دۆڵمەدا دەستی خرکرد وەک بڵێی بەڕاستی دۆلمەی لە نێو دەسایە.

بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە سفرەکەیان راخست و چێشتیان هێنا، بە دڵی زیرەک بوو.

دوای نان خواردن و چاخواردنەوە، پشوودانێکی کەم، تەسجیلەکەم لای خۆم داناو مایکرۆفۆنەکەشم خستە بەردەمی زیرەک وتم: زیرەک گیان گۆرانییەکەی دوێنێ کە بەڕاستی لەسەر ئاور بووم تاکو گەیشتوومەتە ئەمڕۆ و تۆ هاتی... ئەم گۆرانییەم بۆ تەسجیل ناکەی؟

خوێنەری بەڕێزم.. باوەڕ دەکەی گەر بڵێم حەسەن زیرەک، ئەم گۆرانییەی دوێنێ لەناو ماشێن، کە بۆی دەوتم ئەمڕۆ هیچی لەبیرنەمابوو؟

لەپاشان زیرەک وتی: کاکە کەلیماتەکانی چی بوو؟

منیش وەک لەدەمی ئەوم بیستبوو لەسەر دڵم جێگای گرتبوو، هەموویم لە بیربوو، یەکسەر وتم: زیرەک گیان تۆ دوێنێ ئەم گۆرانییەت وت:

**"ئای لە لەنجەو لاری.. لە مەمکی هەناری"**

**"تاقانەکەی دیکو بابی... بۆچ لەمن بێزاری"**

**"لاڵ بم نیشتووە لە گۆنەی... تۆزی رێگای شاری"**

زیرەک هەر کە گوێی لە شیعرەکە بوو.. دەستی بە وتنی گۆرانییەکە کرد، بەڵام بەداخەوە هەرچەند هەوڵیدا وەک رۆژی پێشتر بۆی نەهات!

دوای ئەوەی هێندێکمان تۆمار کرد، وتم: کاکە زیرەک ئەوە بۆچی دوێنێ ئاوا بەجوانی و رێک و پێکی ئەم گۆرانییەت دەوت، ئێستا وەک دوێنێ نایڵێیت؟

زیرەک پێکەنی و وتی: کاکە دوێنێ برینەکەم تازە بوو زۆر جوانم بۆ دەهات، بەڵام ئێستا برینم سارێژی کردووەو وەکو دوێنێم بۆ نایە!

وتم: باشە بۆ ئێمەشی ناگێڕیتەوە دیسان چیت لێ قەوماوە؟

زیرەکیش سەیری رابە خانمی خێزانی کردو گرژییەوەو وتی:

"دوێنێ کە هاتم بۆ لای تۆ بمبەیتەوە چایخانەکەم لە رێگا تووشی دۆستێک بووم، هەندێ بەقسە رایگرتم، دیم لەسەری کۆڵانێ کچێکی باڵا بەرزی رێک وپێک و زۆر جوان، وەک بڵێی لادێیی بوو و زۆر پاک و خاوێن بوو، رووی کردە ئێمە نزیک بووەوە و بە دۆستەکەمی وت: ئەرێ کاکە ئا ئەمە "حەسەن زیرەکە"ە؟

دۆستەکەشم وتی: بەڵێ ئەمە هونەرمەندی مەزن و بولبولی کوردستان کاک حەسەن زیرەکە.

منیش بەم مەدحە هەندێک دڵخۆش بووم و ویستم هەندێ سەری قسەی لەگەڵا بکەمەوە، وتم: بەڵێ خانم گیان من حەسەن زیرەکم....

بەڵام نەیهێڵا قسەکەم تەواو بکەم زۆر چاک تەماشای رەنگ و روخساری کردم و لێویکی لێم هەڵتۆقاند رووی کرد بەولاوە و راست رۆیشت.

بەڵام کاکە تیری لە جگەرم کاری بوو.. وای دەزانی کە سەرو سیماو دەنگم وەک یەک وایە."

رابە خانم بۆ شۆخی کردن هەڵی دایەو وتی: ئا ئەم کچەتیوە ئەگەر بەچاوی من تەماشای تۆی بکردبایە، ئەوا وەک یوسفی کەنعان دەهاتییە بەرچاوی!

گشتمان پێکەنین و دوایێ زیرەک وتی:

"دیمەنی ئەم کچە دوێنێ هەستی جووڵاندمەوە راستت ئەوێ تا شەو بموتبایە هەر بۆم دەهات، چونکە بەنووکی نیشتەرە تیژەکەی چاوی قەتماغەی دڵەی زامدارمی دووبارە هەڵکەندەوە، دەرگای شیعرو ئاوازی لێ ئاوەڵا کردمەوە". منیش بە بەزەییەکەوە تەماشای زیرەکم کردو ویستم دڵی بدەمەوە، وتم: زیرەک گیان ئەتۆ بەمانە دڵگیر مەبە..

زیرەک نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، وتی:

"کاکە وا بزانم تۆ بۆ من زۆر بە پەرۆشی! بەڵام من هەر تۆزێ دڵگیر بم دەرگای هونەرم بۆ دەکرێتەوە و شیعری رێک و پێکم بۆ دێت، ئاوازی خۆش و تازەم دێتە سەر زارو دەری دەبڕم، بەم گۆرانی گووتنە باری غەم لەسەر خۆم لا دەبەم لە هەمان کاتیشدا خەڵکی دەوروبەریشم شاد و دڵخۆش دەکەم!

جا کاکە چی لەمە چاکتر هەیە؟

باوەڕ دەکەی کە دەردەسەری نارەحەتی و بەسەرهاتەکانم بوونەتە مایەی سەرکەوتنم لە ژیانی هونەریمدا؟

هەرکاتێ دڵم لە شتێ شکابێ و کاری تێکردبم ئەوسا داری غەم لەنێو دڵما بەری شیعرو ئاوازی گرتووەو تا ئارەزووم کردبێت چاکترین شیعر و جوانترین ئاوازم بە خۆشترین دەنگ و سەدا وتووە و تا وتبیشم هەر بۆم هاتووە.

**هونەرمەندێک بەکوردی ژیا بە کوردی مرد!!**

حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی ئاسایی نەبوو، نە لەنێو کوردو نە لەجیهاندا، هونەری کوردو هونەری جیهانی تا ماوە زیرەکێکی تر بە خۆیەوە نابینێ، بەڵام! لەبەختی کوردو هونەری جیهانی، زیرەک لەسەردەمێک لە وڵاتێکدا هاتووەتە دنیا، کە میللەتەکەی ژێردەستە و پاشتکەوتەبوو، رژێمەکانیش دیکتاتۆر و دواکەوتە بوون، هەربۆیە لە نێوان هەموو کوردستان و لەنێو سنووری "عێراق و ئێران"دا زۆربەی کات بەشی دەربەدەری و برسیەتی و گرتن و لێدان و تاوانبارکردنی بەخۆڕایی بووە، ئەمەش لە نێو گۆرانییەکانیدا رەنگی داوەتەوە زۆربەی گۆرانییەکانی، یان راستتر "گریان"ەکانی رەنگدانەوەی ئەو ژیانە بووە کە تێیدا ژیاوە. چ ئەو شیعرانەی کە خۆی دایناوە، چ ئەو شیعرانەش کە لە شاعیرانی تری وەرگرتووە تەواو لەگەڵ ژیانی خۆی گونجاون. جگە لە شیعرە کوردییەکان، زیرەک پەنای بۆ شیعری "فارسی و تورکی"ش بردووەو دەردە دڵی خۆی بەم زمانانەش دەربڕیووە.لە شیعرێکی فارسیدا دەڵێ: "نە در غوربەت دلم شاد و نەرووی بروگن دارم!!"

واتە نە لە غوربەت و ئاوارەیی سایەوە و دڵشادم و نەسەرو دڵێ ئەوەم هەیە بگەڕێمەوە نێو وڵات، واتە دەڵێ نە ئێستا کە لە ئاوارەییم دڵم شادەو نە ئومێدی ئەوەشم هەیە، ئەگەر بچمەوە وڵات شاد دەبم، هەر لەو بابەتە بەتورکی دەڵێ: "هەریاننەن گێدەرەم غەریبەم غەریب!!" دەچمە هەرجێگایەک هەر غەریبم غەریبێکی بێ کەس و بێ دەر! بەڵێ ئەم غەریب و دڵناشادە، سەیرکە چۆن، دڵی ئەو هاووڵاتییە سادە و ئاساییانەی شاد کردووە، شادکردنێک تا ئەوپەڕی شادی، شادییەک تا ئەوپەڕی مەستی، مەستی تا شادی!! شادی تامەستی!!

هاووڵاتی خۆشەویست. تکایە بەوردی ژیانی زیرەک بخوێننەوە و بە ویژدانەوە بەسەر هاتەکانی لێکبدەرەوە و هەر ئاوا سەرپێی بەسەر یانا گوزەر مەکە، سەیرکە مامۆستا "میرزاکەریم خۆشناو"باسی چ هونەرێکی بەرزمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆخۆی بە چاوی خۆی دیویەتی و بەگوێی خۆی بیستوویەتی و بەهەموو هەستی تێیدا ژیاوە هاورێی گیانی بە گیانی هونەرمەندی گەورەی جیهانی حەسەن زیرەک بووە!! هەروەها باسی چ ژیانێکی ناخۆش و چ مەعاناتێکی گەورەی زیرەکمان بۆ دەکات. زیرەک ناحەق نەبوو کە فەرموویەتی: "چونکە کورد بووم هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبووە، چۆن کوردم و بە کوردی قسە دەکەم." بەڵێ: زیرەک بە کوردی گۆرانی گووت: بە کوردی قسەی کرد. مام هەژار گووتەنی: زیرەک بە کوردی ژیا بە کوردی مرد! ئەرێ کەسێک خاوەنی ئەم هونەرە رەسەن و پڕ داهێنا نەبێت دەمرێ؟!

**ئەڵقەی سێیەم**

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری ڕووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٧٣ - ١٤٤ - ٢٠١٠/٧/٨ی زایینی

## بەئەسپایی



ئاوڕەحمان مەعروف

### ڕیپۆرتاژەکەی فشار

بەر لە دوومانگ ڕۆژنامەی چاودێر لە ڕاپۆرتێکدا بابەتێکی لەسەر دەزگای بەدرخان و ئینسکلۆپیدیای هەولێر بڵاوکردەوەو پروشکی ئاگر وەبەر منیش کەوتبوو، کە ئەوکاتە من بابەتەکەم بەهەند هەڵنەگرت و ڕێزی قسەکانی خۆم و ئەو کۆبوونەوەی لێژنەی باڵا و زۆرتاییبەتیش وادەکانی د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی سەرۆکی لێژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیام گرت، کە چەندین جار گووتی: ناهێڵم ئێوە، مەبەستی من و مەسعودی مەلا هەمزە بوو، هیلاکی و شەونخونیتان بەهەدەر بچێت، بەزیادەوە هەق و ماندووبوونتان بۆ دەگەڕێتەوە. کەچی نازانم چۆن بوو ئەوەندەی نەبرد لەم ڕاپۆرتەدا دەڵێت: ئەوانەیش کاریان تێدا کرد، پارەیان وەرگرت و بەلیست لامە. دواتر دەنگ هەڵدەبڕێت: "لە چەند ڕۆژی پێشوودا، مەسعود مەلا هەمزەو عەبدولڕەحمان مەعروف هاتن و وتیان گلەییمان هەیە، پارەمان وەرنەگرتووە، وتم ئەوەتا لیستەکە، ئەوەندە پارەتان وەرگرتووە". ئیدی حەپەسام وەک ئەوەی دکتۆر هەموو ئەو مشت و مڕو قسەو بینەو بەردەی نێو کۆبوونەوەی بیرچووبێتەوە، کە من چەندم وەرگرتووە، سەلماندم کەمن لە... زیاترم وەرنەگرتووە، کە لێرەدا شەرم دەکەم بڕەکە بنووسم!!

لە بەرامبەر کارو پڕۆژەو هەڵەبڕییەکانم، کە لە ئینسکلۆپیدیادا لە ئەوەڵین ڕۆژەوە تا کۆتایی ڕامپەڕاندووە، یان لەوەدا مەبەست و شتێکی شاراوە هەیەو ناشەفافییەت و پشت پەردەی تێدایە!! بەڵام لە ژمارە (١٢)ی ٢٠١٠/٧/١ گۆڤاری (فشار) جارێکی دیکە هەمان ڕاپۆرت بە شەنوکەوکردن و پاش و پێشکردنی پەرەگراف و گۆڕینی وشەو دەستەواژە، (ون) کراوە بە (بزر)، (ناوم لابەرە) بووە بە (ناوم ڕەش بکەوە)، (ئەدی) داڵەکەی لە سلێمانی پەڕیوەو بۆتە (ئەی)، (ڕاستناکەن) کراوە بە (وەک سەگ درۆ دەکەن). ئەمەو چەند نموونەیەکی دیکە، کە هیچ لە ناوەڕۆک و مەغزای بابەت و ڕاپۆرتەکەی نەگۆڕیوە، بڵاوکراوەتەوە.

جا نازانم ئەمە بەهۆی بێ بابەتییە، یان لە فەراغی چوونە دەرەوەی حەمید ئەبوبەکرە بۆ ئەمریکا یاخود هیچ کەس لە ستافی (فشار) لەنێو گەشتەکە نین،

گۆڤاری فشار ئەم کارەی کردووە؟! ئاماژەشی بە ڕاپۆرتەکەی (چاودێر) نەکردووە، کە لەوێ وەرگیراوەو دەستکاری و ڕتووشکاری و چەکوشکاری بۆکراوە.

لەو هاتنە جوابەشم، من لە کێشەی نێوان د. عەبدولڵاو حەمید بەدرخان تەرەف نیم، لە پارە بەهەدەردانی دەزگای بەدرخان وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت و شانازی بەخۆو دەزگا وەکردنی حەمید ئەبوبەکر لە ڕێکخستنی ئەم گەشتانە بەرپرسیار نیم، ئەوە بەهەر شێوازو ڕێگایەک و وەڵامێک، کە لایەن و کەسەکان بەرامبەر یەکدی دەیگرنەبەرو ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، هەر کەس بەڵگەی خۆی پێشکەش دەکات و کێشەو گرفتەکان ساغ دەکەنەوە، ئەوەشیان لەئەستۆی مندا نییە!!.

بەڵام ئەوەی من لێی هاتوومەدەست و لێی بێدەنگ نابم، ڕاپۆرتەکەی ئەمجارەی گۆڤاری (فشار)ە، کە ناوی ئێمەشی وەکو مانشێتی لاوەکی و ئیبرازکردن و زەقکردنەوە، لەکاتێکدا مانشێتەکە دوو بابەتی جیایە، وەک ئەوەی خەڵک وا بزانێ من و مەسعودیش لەو ٧٠٠ ئینسکلۆپیدیایە پشکمان هەبێت.. جا من لەم مینبەرەوە دەمەوێ فشار بخەمە ژێر فشاری ئەوڵی، کە لە بەردەم دادگا ئەو دەنگ و بەڵگانەم نیشاندا. سەیر لەوەدایە ئەوەی ناویشی بەسەر ڕاپۆرتەکەوەیە دەڵێت: من هیچ ئاگاداری ئەم ڕیپۆرتاژە نیم، ئەرێ "فشار" ئەمە چەندی بەچەند؟!

دواجار دەمەوێ بڵێم دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕیپۆرتاژەو بەناشیرینکردنی زمانەکەی هیچ سوودێک بە ڕۆژنامەگەری کوردی ناگەیەنێ، بەهیچ شێوەیەکیش لەگەڵ دابی ڕۆژنامەگەری ناگونجێت!!

# یەکەم هەست ... ئەزموون وەک ئەوەی لێیدەگەم

**نامیق هەورامی**

ئەشو زەردەشتی گەورە کاتێک لەگەڵ ئاهورا مەزدادا دەهاتە ئاخاوتن داوای ڕامان و بیرکردنەوەی لێدەکرد ، بیری چاک و کرداری چاک و گوفتاری چاک بنەمای ئەزموونێکن کە تژییە لە ڕامان و پاکی .

مرۆڤ وەختێو بەو ئەزمونانەدا دەویەڕێت دەگاتە نزیکی پاک بوونەوە و مرۆڤی خاوێنیش هەمیشە لەئەزموونێکەوە بۆ یەکێکی دی دەڕوات و ئەزمون وەختێک کۆتایی هات ئیدی ئەفراندن نامێنێت و ئافرێنەریش واتاکانی خۆی لەدەست دەدات، بۆ خۆم تا ئێستا ژیان ئەزموون دەکەم، نەک ئەزموون بدەمەوە بۆیە سەختە باسکردنی ئەو بابەتە، ئەوەنەی مایەی باسکردن بێت ئەوەیە یەکەمین ئەزموونی بڵاوکردنەوەی من جیاواز لە ئەزموونی کەسانی دیکە بوو، نەک خۆمی دڵخۆش نەکرد، بگرە بوویە مایەی گریاندنی کەسانی تریش!

لەوانەیە ئەم قسە مایەی ڕامان و پرسیار بێت ، هەروەک ئەوەی گەرەکمە مرۆیان وە ڕامان بخەم ، وەختێک یەکەمین بابەتی خۆم لەسەرلاپەڕەی گۆڤارێک ببینییەوە کچێکم نەدەناسی نیشانی بدەم تا دڵی بەلای خۆما ڕاکێشم ، کەچی دەیان کچم دەناسی و دامنێ و خوێندیانەوە ، ئینتر نێت نەبوو بەدنیادا بڵاوی بکەمەوە، کەچی زۆر کەس لەبەریان کردبوو، چەند وشەیەکی نێو ئەو نووسینەم بەئێستەشەوە وەک وشەکی چەسپاو لەزمان و فەرهەنگدا بەکار دێن و ساڵانە لەناو وتارو زۆر شیعر و لەسەر لافیتەکانیش دەیانبینمەوە.



ئەوەی دەگۆڕدرێت لەشە نەک ڕۆح

ئەو شتەی بۆ یەکەم جار من بڵاوم کردەوە و ئەو شتانەی سەرەوەی لێکەوتەوە، بابەتێک بوو لەسەرەتاکانی کیمیابارانی شارەکەم هەڵەبجەدا نووسیم و گۆڤاری سروە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی کردەوە.

ئەوکات ئاوارەی ئۆردوگایەکی ئێرانی بووم ، ژمارەیەک لەئەندامانی خێزانەکەم بەبەر چاوی خۆمەوە مردبوون و چاوەڕێی هەواڵی مەرگی هەندێکی تریشیان بووم، سەدان خێزانی وەک من هەبوون، بۆیە کوڕو کچ دەیانخوێندەوەو ئەزبەریان دەکرد.

لەو کاتەدا هزرو ئایدیا و سۆزداری فەلسەفە بۆ خەڵکی شارەکەم گرنگ نەبوون، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بوو لاواندنەوەی شارو شەهیدەکانی و ئازارەکانی ناخیان بوو .

بەهەرحاڵ ئێستەش نازانم چیم وەڵام داوەتەوە، چونکە ئەستەمە هەست لەوە قووڵتر هەبووبێت، من کە هەستی مەرگی شارو ئازیزانم بووبێت، ئیدی چۆن هەستی ترم دەبێت، ڕاستە ئەگەر ئەو بۆنەیە نەبوایەو بۆ دڵدارەکەمم بنووسیایەو نیشانم بدایە هەم ماچێک سەرقەڵەمانەو هەم مایەی شانازیش بووم بۆ ئەو کە دڵدارەکەی ئاوا لاواندویەتییەوە.

ئا با بیرم نەچێت شتێک هەیە بەردەوام ئەو هەستە جوانەم



دەداتێ، کاتێک دەقێکی شیعری بڵاودەکەمەوەو کەسێک دەیکاتە هەوێنی ئەشق بۆ خۆی وەک ئەوەی لەم ماوەی پێشوودا کوڕە زانکۆییەکەی هاوسێمان باسی ئەوەی کرد، کە فلان دەقم جوان بووە ، پرسیم سوودت لێوەرگرت بۆ لاواندنەوەی هەستی کچێک ، بەشەرمەوە وتی بەڵێ.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت من کەسێکی داهێنەر بم، زۆرجار شتەکان ئەگەر سادەش بن دەگەنە دڵان، بۆیە لەجەنجاڵی ژیاندا خۆم سادە دەکەمەوە وەک ژیانی مەولا و یارانی ، دەمەوێت ڕەوان بم وەک کانیلەکەی تەشار، نووسینم جێگەی نیاز بێت وەک کانیلەکەی دامێنی بابا یادگاری پیری مەولەوی و کانی ئاناهیتا، ئێمە هەموومان پێش خۆمان هەبووین و دوای خۆشمان دەبین ، ئەوەی دەگۆڕدرێت لەشە نەک ڕۆح.

# ڕۆژگاری من گەیشتە کتێبخانەکان

لە بەردەوامی چاپکردنی بیرەوەرییەکانی،بەڕێزپرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار"بەرگی چوارەم"ی "ڕۆژگاری من"لەم ڕۆژانەی ڕابردوو خستە نێو کتێبخانەکان و ئەم بەرگەش چووە پاڵ سێ بەرگە چاپکراوەکەی ترو کتێبخانەی کوردی ئاوەدان کردەوە.

ئەم بەرگەی"ڕۆژگاری من"ی دکتۆر مارف خەزنەدار باسی "ژیانی ڕوسیا"ی نووسەر دەکات، کە لەساڵی"١٩٦٠ - ١٩٦٨"ی سەدەی ڕابردوو دەگرێتە خۆ، کە نووسەر بەمەبەستی خوێندن ڕووی تێکردووە، وێڕای کۆمەڵێک زانیاری بەسوودو پڕ بایەخ، نووسەر ئاشنامان دەکات بە جوگرافیای ئەم وڵاتە هەر لە



پ.د. مارف خەزنەدار

پایتەخت و تاشقەندو ئۆزبەکستان و ئۆکرانیاو قەراغی زەریای ڕەش و سەفەری ئەستۆنیاو سەفەری "ڤیلنوس" پایتەختی لیتوانیاو چەندین شوێنی دیکەی ئەو وڵاتە...

د. مارف لە بەشی شەشەم باس لە ساتە خۆشی و ناخۆشەکانی ژیانی دەکات، لە بەرایی هەمووشیانەوە مەرگی دایکیەتی لە ڕێکەوتی ١٩٦٤/٨/٤ کە لەو کاتەدا لە هانۆڤەر بووە.

ئەم بەرگی چوارەمە لە هەشت بەش پێکهاتووەو"٢٨٠"لاپەڕەی قەبارەی"٢٣×١٧سم"و بەچاپێکی جوان لە چاپخانەی"ڕۆژهەڵات/ هەولێر"و لەسەر ئەرکی دکتۆر مارف خەزنەدار خۆی چاپکراوەو"هەموو مافێکی بۆ خاوەنی پارێزراوە".

دەزگای بەدرخان پیرۆزبایی لە مامۆستای بەڕێز دەکات و هیوای سەرساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازێ و بەو هیوایەی کە بەرگەکانی دیکەی ئەم"ڕۆژگاری من"ە، ئەوانیش بەزووترین کات بە چاپکراوی بکەونە بەر دیدەو دەستی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کورد.




# ڕێگاکان دەچنەوە عەدەم



**سەرهەنگ خامۆش**

-١
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
تەڕم دەکەیت
لە هەناسەی خۆت
پڕ دەبم لە تۆ
لێوان لێو دەبم لە عیشق
-٢
نامەیەکم
بە پاسارییەک سپارد
تا تەڕ دەبێ لە باران
بە گڕتر دەبێ لە سووتان
تا تێر دەبێ لە ماچی هەور
بە لێزمە دەبارێتە
هەگبەی تینووی
چاوەڕوانیت
-٣
لەنێو خۆمدا
لە بوونی خۆم بە گومانم
هەرچەند
بەدوای خۆم دەگەڕێم
گشت ڕێگاکان
دەمبەنەوە عەدەم
-٤
ئەو ساتەی
لە سەحرای زەردی خەزان
لە چاوەڕوانی دابووم
ببوورە...
کە تۆ هاتی
من ژوانم لەگەڵ نیشتیمان
هەبوو
-٥
ئەگەر (با)
باڵی لە زریان نەبا
هەرگیز نەیدەتوانی
ماڵی قەقنەس
وێران بکا...
-٦
شەوانە
دیمەوە بەر دەرگای منداڵیم
لە نێو پێڵووی چاوی
کوڕە بچووکەکەم
خۆم دەبینم
-٧
هەموو بەیانییەک
لەژێر ترافیکلایتێکی
شەقامێکی شارەکەم
لە نێو پەنجە زەردو
سیسەکانی
منداڵێکی سەرما بردوو
لەگەڵ پەڕەکانی
قووتوویەک کلینس
هەڵدەوەرێم
-٨
لە نێو تۆدا
خۆم دەبینم
لەنێو هەموو سەرابێکیش
تۆ
کەچی لە پڕ
خۆم ون دەکەم
-٩
کە هاتیەوە
لەبیر نەکەی
چونکە بەڵێنت پێ دا بووم
هەر لەو شوێنەی یەکەم
دیدار
یەکمان بینی
لەوێ بەیەک
شاد دەبینەوە
هەر لەوێشدا
بە ماچ
یەکتر دەگرینەوە....

# جین ساسۆن دڵی خۆی بۆ کورد دەکاتەوە

**"جین ساسۆن" ژنێکی قژزەردی باڵابەرزی پێست سپی زۆر ناسکە، چاوشینی هەمیشە دەم بە خەندەیە، شۆخ و شەنگە، بەڕێز و سەنگین و تێگەیشتووە، هەر دەڵێی پەری ئەفسانەکانە. دڵی هێندە سافە هەر لە بەفری تازەباریو دەکات. مرۆڤایەتی و خۆشەویستی لە قسەکانی دەبارێت.**

**گەورە نووسەری ئەمریکایە، یەکێکە لەو رۆماننووسە بە توانایانەی کە کۆمەڵێک شاکاری پێشکەش بە کەلتووری مرۆڤایەتی کردووە، لە رۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی "شازادە"، "سوڵتانە"، "مەیادە: کچی عێراق"، "مندالی ئیستەر" و "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا" کە تا ئێستا بۆ سەر ١٧ زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەو مافی وەرگێڕانی ئەم رۆمانە بۆ سەر زمانی "کوردی"یش بە د. ئازاد حەمە شەریف بەخشراوە.**

**خاتوو جین ساسۆن یەکجار شارەزای کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو هەمیشەش پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکانی ژن و کێشە زۆر و زەبەندەکانی ژنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.**

**بۆ زێتر ئاشنابوون بەدنیابینی و روانینی جین ساسۆنی نووسەری رۆمانی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا"دا کە ناونیشانی دووەمی رۆمانەکە "جوانەی کوردستان"ە بە پێویستمان زانی دیدارێک لەگەڵ نووسەرەکەی سازبکەین. هەڵبەتە ئەم رۆمانە لەمیانی چیرۆکی خۆشەویستی "جوانە"و "سەربەست"، کە پێشمەرگەیەکی ساڵانی هەشتاکانی کوردستانی عێراقە، بەسەرهات و ئازار و چەرمەسەری و کوردقڕان و کیمیابارانی کوردستان و دڕندەیی و نامرۆڤایەتی دوژمنانی کورد دەگێڕێتەوە.**

**جا بە مەبەستی دواندنی ئەو خانمە رۆماننووسە رۆژی ٢٠١٠/٧/١ کاتژمێر ١٠،٣٠ سەرلەبەیانی بەکاتی ئەمریکا، لە کافتریای ژێرەوەی ئوتێلی "گراند حەیات" لە واشنتۆن د. ئازاد حەمەشەریف ئەم چاوپێکەوتنەی بەزمانی ئینگلیزی لەگەڵ "جین ساسۆن" سازدا، کە لێرەدا دەقە کوردییەکەی دەخوێنیەوە.**

**هەڵبەتە خاتوو "ساسۆن" میوانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن بوو و لەو دیدار و چاوپێکەوتنەی کە د. ئازاد حەمە شەریف لەگەڵی سازدا د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی و حەمید ئەبوبەکر بەدرخان بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئامادەبوون.**

## دیداری: د. ئازاد حەمە شەریف- واشنتۆن دی سی

*** خاتوو جین ساسۆن بەڕاستی تۆ رۆمانێکی زۆر کاریگەرت نووسیوە و هەروەک ئەو رۆمانە منی هەژاند، من دڵنیام کە ئەم رۆمانە بەدڵنیاییەوە هەموو ئەوانە دەهەژێنێت کە دەیخوێننەوە. دەتوانیت پێم بڵێیت تۆ چۆن و کەی کوردت ناسی ؟**

- من کە یەکەمجار خانمە پاڵەوانی رۆمانی خۆمم ناسی، دوو ساڵ لەمەوبەر بوو و ١٨ مانگم پێ چوو تا ئەو رۆمانەم نووسییەوە. کاتێک چیرۆکی ئەوم بیست و لەرێگای ناسینی براکەیەوە، کە کوردێکی عێراقییە رۆمانی "مەیادە"ی بیستبوو، پێیگوتم پێویستە چیرۆکی خوشکەکەی ئەو بگێڕمەوە، کە لە ئەنجامی لێدانی کیمیاوییەوە کوێربووەو لە ناوچەی پێشمەرگە خەباتی کردووەو جەنگاوە. جا کە من ئەوم بینی من گوتم جارێ ناتوانم بڕیار بدەم، با جارێ هەست بە پەیوەندییەکە بکەم و پێویستە دۆزەکە بناسم و هەست و سۆزم بۆی ببزوێت. وەک هەموو نووسەرێک کە بیەوێت شتێک لەبارەی بابەتێکەوە بنووسێت. من کە ئەوم بینی و گوێم لە چیرۆکەکەی بوو بۆم دەرکەوت، کە چیرۆکێکی مەزنی خۆشەویستییە.

*** ئەمە کەی بوو؟**

- من لە لەندەن ئەوم بینی، وابزانم ساڵی ٢٠٠٥ بوو.

*** کتێبەکەی تۆ لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو، وا نییە؟**

- ڕاست دەکەیت، بەڵێ وابوو.

*** جا تۆ لەکوێ بیرۆکەی رۆمانی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا"ت بۆ هات. تۆ بە شێوەیەکی گشتی پێت داگرتووە لەسەر دوو بابەت کە یەکەمیان: ئێش و ئازاری میللەتی کوردەو دووەمیان چیرۆکی خۆشەویستی؟ ئایا تۆ ئەو کاتەی چاوت بە پاڵەوانی چیرۆکەکەت کەوت، ئەو بیرۆکەیەت کەوتە مێشکەوە؟**

- من کە چیرۆکەکەم لە براکەی ئەو بیستبوو و باری کارەساتاوی ئەوم باش دەزانی. وێڕای ئەوەش ، من تراژیدیای ئەو هەموو کوردەم دەزانی و هەر کاتێک خانمە پاڵەوانی رۆمانەکەی خۆمم دەبینی بە ملیۆنان پرسیارم لێی دەکرد. دەربارەی ژیانی کاتی منداڵی و شتی تر. ئەویش دەربارەی ئەو چیرۆکە خۆشەی عیشق بۆم دەدوا کە لەگەڵ جەنگاوەرێکی پێشمەرگە هەیبوو. جا من زانیم ئەم چیرۆکە دەبێ ببێتە پاشخانی رۆمانەکەم، چونکە ئەمە ئاکاری مرۆڤانە بەو بەرهەمەم دەبەخشێت. ئەو کیژەش زۆر بەسۆزەوە لە خۆشەویستیدا بووە لەگەڵ ئەو پیاوەدا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەو زۆر بەمەزنییەوە کوردستانی خۆش ویستووە.



دکتۆر ئازاد، جین ساسۆن و حەمید بەدرخان

*** ئایا پێش نووسینی ئەم رۆمانە تۆ نەتەوەی کوردت دەناسی؟**

- بەڵێ، پسپۆری سەرەکی من مێژووە. من سەرجەم مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانم، چونکە من بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژیاوم و زۆر گەشتی ئەو ناوچەیەم کردووەو بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر چالاک بوویمەو بەناو هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشتم کردووە. جا وەکو کەسێکی پسپۆری ئەو ناوچەیە، من بەتەواوی لەو بابەتە شارەزام و بەڕاستی زۆر کتێبم خوێندۆتەوە و هەر لە تەمەنی ١٢ ساڵیمەوە رۆژانە یەک کتێبم خوێندۆتەوە. بۆیە زۆر بەچاکی ئاگاداری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم.

*** وەکو کەسێکی شارەزا دەربارەی تراژیدیاو مێژووی پڕ ئازار و چەرمەسەری کورد، بەڕای تۆ کورد چۆن دەتوانێ سوود لەو ئازار و چەرمەسەرییانە ببینێ؟ ئێمەی کورد چۆن سوودی لێ ببینین، نەک تۆ وەکو نووسەرێک؟**

- بەڕای من پێش هەموو شتێک نەتەوەی کورد دەبێت بەدڵنیاییەوە یەکڕیزبن، هیچی تر لەنێوان خۆیان شەڕ نەکەن. ئەمە کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن و تراژیدییە.

## نەتەوەی جوولەکە هەر لەکاتی هۆلۆکۆستەوە هەرگیز لەوە نەوەستاوە، کە بە خەڵکی رابگەیەنێت چیان پێکراوە

دووەم هەنگاو ئەوەیە کە پێویستە گەلی کورد هەوڵبدات هەموو گەلانی دنیا لە ئازار و چەرمەسەرییەکانیان بگات. با ئێمە نموونەیەک وەربگرین، کە لەوانەیە ئێوە حەزی لێبکەن یان نەکەن: ئەویش ئەوەیە نەتەوەی جوولەکە هەر لەکاتی هۆلۆکۆستەوە هەرگیز لەوە نەوەستاوە، کە بە خەڵکی رابگەیەنێت چیان بەسەر هاتووە. کاتێک حکومەتێک هەوڵ دەدات و خەڵکانێک رێگای ئەوەیان پێ دەدرێت گروپێک لە خەڵک بەدوژمن بزانن و وایان لێبکەن نزمتر لەمرۆڤ دەربکەون، ئەمانە وادەکەن کارێکی بەجێ بێت ئەم خەڵکانە بکوژرێن. بەڵام دەبێ بزانرێت ئەو گروپە خەڵکانە بەڕاستی وەکو ئێمەن، بۆیە بەڕای من پێویستە گەلی کورد هەموو ئازار و چەرمەسەرییەکان بەزیندوویی بهێڵێتەوەو هەرگیز لەبیری نەکات و لەهەمانکاتدا ئەو نەتەوەیە پێویستە بەشێوەیەکی چاک خۆی بەرەو پێشەوە ببات، ئەمە بڕوای منە.

*** زۆر سوپاس بۆ ئەو بیرورا جوانانەت. وەکو نووسەرێک دەربارەی گەلی کورد و وەکو پشتگریکار لە نەتەوەی کورد، بەڕای تۆ پێویستە ئەمریکییەکان چی بۆ کورد بکەن؟**

- بەداخەوە خەڵکی ئەمریکی بەخۆیان زۆر دەربارەی گەلی کورد و ئازارەکانی نازانن. ئێمە وەکو نووسەرانێک، کە لەبارەی کوردەوە شت دەنووسین و خەڵکانێک، کە دەربارەی کورد لە ئەمریکا شت دەزانن، پەیوەندیمان بە کێشەی کوردەوە هەیە. ئێمە دەبێت رێگایەکی باشتر بدۆزینەوەو ئەم دەنگەی کورد بەباشی بگەیەنین. ئێمە پێویستە شتی تر بکەین و وتار بنووسین. من لەناو هەموو ئەو کتێبانەی خۆم کە "هۆلیود" هات گرێبەستی فیلمم لەگەڵ بکات، ئەوان رۆمانی "شازادە"یان لەلا مەبەست بوو، کە چیرۆکێکی شازادەی عەرەبی سعودی لەپشتەوەیە، بەڵام من پێم گوتن ئەوەتا فیلمی ئێوە: من کتێبی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا"م بۆ راگرتن، ئەمە وەکو رۆمانێکی نوێ "زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن"ی هەمەنگوایە.

*** واتا رۆمانی "خۆشەویستی لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا" لە دڵتەوە نزیکترە لە رۆمانی "شازادە"، بۆیە هەوڵت داوە ئەو رۆمانە بەرەوپێش پاڵ بنێیت؟**

- لەراستیدا من ناتوانم وا بڵێم، چونکە من هەر هەموو خانمە پاڵەوانەکانی خۆمم خۆش دەوێ. بەڵام دەڵێم من زیاتر ئەم چیرۆکەم لەلا واقیعیانەترە، کە ئەم چیرۆکە زیاتر دەچێتە دڵەوە کە دەکەوێتە سەر شاشە گەورەکەوە، چونکە ئەویش بەهەمان شێوەی "شازادە" لەبارەی دۆزی ژنانەوەیە، کەچی لەدۆزی کورددا هەموو شتێک هەیە. کێشەکە سیاسییە، مرۆڤایەتیانەیە. لەوێدا پیاو، ژن، منداڵ، گیانەوەر، هەموو شتێک تێکشکاوە. جا بۆیە بەلای منەوە بابەتەکە لەوێدا گەورەترەو کاریگەری باشترە بۆ کردنە فیلم و من تا ئێستاش هەر پێداگری لەسەر ئەو بابەتە دەکەم. پێویستە هەموومان پێکەوە کارێک بکەین نەک تەنها بۆ کتێبی من، بەڵکو هەرچییەکی لەبارەی ژیانی پێشمەرگەوە نووسراوە، بڵاوبکرێتەوە. جا کاتێک خەڵک کورد دەناسن، هەرچەندە زۆر کەس کوردیان نەبینیوە، ئەوسا دەزانن کە کوردەکان خەڵکانێکی زۆر بێ هاوتان. من دوێنێ شەو بیرم لەوە دەکردەوە، ئەم میللەتە خەڵکانێکی زۆر تایبەتن و زۆر باشن، من هیوادارم ئەمریکاییەکان هەموو لێرەبوون و چاویان بەوە بکەوتایە، کە ئەوانە خەڵکانێکن پڕ لە چالاکی و ژیان و یەکجاریش زیرەک و زۆریش رێکوپێکن. هیوادارم ئەمریکییەکانی تریش ئەوە بزانن. کاتێک من باسی هاوڕێ کوردەکانم دەکەم، زۆربەی خەڵک بە ڕوانینێکی بێ ماناوە سەیرم دەکەن، چونکە ئەوان هیچ لەبارەی کوردەوە نازانن، جا بۆیە دەبێت لێرەوەڕا هەوڵی ئێمە دەست پێ بکات.

*** تۆ رێگات بۆ خۆشکردم بۆ پرسیارێکی تر: تۆ باش دەزانی کتێبەکەت رۆمانێکی واقیعیانەیە، چونکە هەموو رەگەزە بنەرەتییەکانی رۆمانی تێدایە، بەڵام تۆ بە نووسینێکی نائەندێشەیی دادەنێیت، بۆچی؟**

- ئەمە بەرهەمێکی نائەندێشەییە، چونکە هەر شتێکی لەو کتێبەدا رووداوەدات راست و راستەقینەیە.

*** بەڵام رەگەزی ئەندێشەی تێدایەو خەیاڵی تۆ زۆر شتی تریشی خستۆتە سەر رووداوە راستەقینەکانی رۆمانەکەت. بۆیە بەڕای من رۆمانێکی واقیعیانەیە؟**

- ئەوەی من دەیکەم ئەوەیە هەرگیز هیچ کتێبێک نانووسم ئەگەر هەموو شتێک دەربارەی کەلتوور، وڵاتەکە، هەر وردەکارییەکانی تر نەزانم، چونکە پاڵەوانەکەشم زۆرجار پێم دەڵێت: "من زۆر دەربارەی وڵاتەکەم لەتۆوە فێربووم". جا بۆیە گرنگە لەکاتی نووسینی چیرۆکێکدا کە تۆ زۆر بە وردەکارییەوە کار بکەیت. لەهەمانکاتدا تۆ بە شێوەیەک چیرۆکەکەت دەگێڕیتەوە کە خەڵک بخزنە ناو دنیای چیرۆکەکەتەوە. ئەگەر من هەمان بۆچوونی زووی "درایزەر"م هەبێت، خەڵکانی ئاسایی ئەمریکی هەرگیز کتێبەکەم ناخوێننەوە. من نامەوێت کتێبێک بۆ خودی خۆم بنووسم. من نووسەرێک نیم بۆ خودی خۆم بنووسم. من کتێبێک دەنووسم تا خەڵک چیرۆکەکە بزانن و بخوێندرێتەوە و لەئامێزی بگرن. جا ئەگەر من ئەوە نەکەم کە دەیکەم و شتی نەخەمە سەر، کتێبەکەم دەکەوێتە سەر رەفکەی کتێبخانەکان. من بۆ رەخنەگرەکان نانووسم، من بۆ مرۆڤ، بۆ خەڵک دەنووسم.

*** رات چییە دەربارەی فێستیڤاڵی بەدرخان؟ ئەو فێستیڤاڵەی لە چەند رۆژی رابردوو لە واشنتۆن سازکرا؟**

- بەڕای من شتێکی زۆر مەزن و سەرسوڕهێن بوو. کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵک پێکەوەبن. تاقە پێشنیازم ئەوەیە کە من و تۆ، ئێمەو ئەوان رێگایەک بدۆزینەوە نەک تەنها کوردەکان قسە بۆ یەکتر بکەن، پێویستە زیاتر خەڵکانی بێگانە بانگهێشت بکەین. من کەسێکم زۆر بیرۆکەو پێشنیازی ترم هەیە بۆت رەوان دەکەم. بەڵام ئێوە خۆتان ئەو خەڵکانەن کە هەست بەوە دەکەن چی پێویستە بکرێت. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە لەخوارووی ئەمریکا پێی دەڵێین:"ئامۆژگاری نوێژکەران بکەین." واتە پێویست نییە قسە بۆ ئەوانە بکرێت، کە خۆیان مەسەلەکە دەزانن. پێویستە ئێوە خەڵکانێک بێنن بۆ ناو فێستیڤاڵ کە هیچ زانیاریان دەربارەی کورد نییەو باوەڕیان پێ بهێنن و پێیان نیشان بدەن، کە بایەخ و گرنگی وڵاتی کوردان چییە. ئێمەی ئەمریکی زۆر پێویستمان بەدۆست هەیەو دۆستمان لە دنیادا نییە.

*** بەڵام کوردەکان نزیکترین دۆستی ئێوەن؟**

- من بەڕاستی و راستگۆیانە لەو باوەڕەدام، کە کوردەکان نزکترین و باشترین دۆستی ئەمریکییەکانن. ئێمەش بۆ یەکتر دڵسۆز دەمێنینەوە. ئێمە لە کۆندا دۆستمان هەبوون، من ناوناهێنم، بەڵام ئێستا ئەوان رقیان لە ئێمەیە، کەچی کوردەکان خۆیان بۆ ئێمە دەرخست، کە ئەوان زۆر دڵسۆزن و جا ئەگەر هەر ئەمریکییەک یان حکومەتی ئەمریکا پێویستی بە کورد بوو، کوردەکان بەبێ پرسیارکردن دەڵێن: "بەڵێ ئێمە یارمەتیان دەدەین." بە بڕوای منیش ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە لە دنیادا پێویستمان پێیەتی، چونکە زۆر خەڵک هەن لەدنیا رقیان لە ئەمریکایە. جا ئەمە شتێکی مەزنە کە دۆستمان هەبێت.

*** تاقە سەرنجێکی کورت، ئەگەر بۆ فێستیڤاڵی ساڵی داهاتوو لە پاریس بانگهێشتت بکەین، ئایا بەڕێزتان ئامادە دەبن؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە پێم خۆشە هەمووتان لەوێ ببینمەوە.

*** ئەوسا تۆ دەبیتە میوانی شەرەفی ئێمە.**

- جا ئەمە دەرفەتێک دەبێ بچمە پاریس و کوردەکانی ئەوێش ببینم.

*** زۆر سوپاس، خاتوو جین بەڕاستی مایەی دڵخۆشی و سەربەرزی ئێمەیە، کە کەسێکی دڵسۆزی وەکو تۆمان ناسی.**

- منیش یەگجار دڵخۆشم بە ناسینی کەسانێکی رۆشنبیری وەکو ئێوە.

---

**نۆڤلێت... (٣٢)و پێش کۆتایی**

## خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

دوای دوو رۆژ لەبەسەرچوونی زەبری پڕ چێژی ژوانی دڵداریم لەگەڵ(ک)، جارێکی دیکە گوێم لەناوی خۆم بوو، کە لە بڵندگۆکەوە، بانگیان کردم:

- سەران قادری. خێرا بگەرە ژووری ئیدارە!

من لەو دوو رۆژەدا، لەکەسێکی سەرخۆش و مەستبوو دەچووم، کاریگەریی تیشکی چاوە پڕ خومارەکانی (ک) هەموو دیوارەکانی زیندانی لەبەر چاوم رامالیبوو، من هەر بەجەستە لەنێو زیندان مابووم، کە لەگەڵ زیندانییەکانیش قسەم دەکرد، زۆر جار خۆشم نەمدەزانی چی دەڵێم و باس لەچی دەکەم. ئەوان لەنهێنیی ئەو رووداوە لەناکاوە تێنەدەگەیشتن، هەقیان بوو ئەگەر بەجۆرێکی دیکە بیر بکەنەوە. تێیاندا هەبوو، تەواو لەوە دڵنییابوو، کە من بەقۆناغی شێتبووندا تێدەپەڕم. من ئامادە نەبووم باس لەهیچ شتێک بکەم، ترسم لەوە بوو، نەوەکو کێشەم بۆ بێتە پێش و گاڵتەشم پێ بکەن، کە لە بڵندگۆکەوە گوێم لەناوی خۆم بوو، یەکەم جارم بوو، ئەوەندە زۆر بترسم، هەر لە راچەنینەکەمەوە بۆم دەرکەوت، کە ئەو بانگکردنە هەواڵێکی ناخۆشی بە دواوەیە، پەشۆکاویی بەرادەیەک بەجەستەمەوە دیار بوو. هەموو ئەوانەی دەوروبەرم هەستیان پێکرد. ئەو پارووە نانەش کە لەناو دەممدا بوو، نەمدەتوانی قووتی بدەم، گەرووم توانای هەڵلوشینی نەمابوو، هەر لەخۆمەوە بیرم بۆ لای شتی خراپ دەچوو. بەهەرحاڵ خێرا خۆم گەیاندە ئیدارە، سەرم لەپەنجەرە چکۆڵەکە بردە ژوورەوە، خۆم بەو کەسە ناساند، کە چاوەڕێی منی دەکرد، بیستبووم ئەو کەسە یەکێ بوو، لەزیندانییە تۆبەکارەکان. هەر کە لە پەنجەرەکەوە منی بینی وەک ئەوەی مێشوولەیەک نارەحەتی کردبێ، بەتوندی کاغەزێکی لەبەردەمم داناو، بەسەر لێوەکانییەوە وتی:

-وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە؟!

ویستم لەهۆکاری ئەو داوایە بپرسم، بەڵام کابرا رێی لێگرتم و جارێکی دیکە لێوەکانی لێکترازاندو وتی:

-خێراکە!

کە سەیرێکی کاغەزەکەم کرد، سەرم لەو هەموو پرسیارانە سوڕما، لە هەندێکیان هەر تێنەگەیشتم، راستە هەموو ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بووم توانیبووم بە باشی خۆم فێری فارسی بکەم، بەڵام قەت لەلای لێپرسراوانی زیندان وام نیشان نەدەدا، کە فارسی دەزانم، بۆیە رووم لەکابرا کردو بەفارسییەکی تێکشکاو تێمگەیاند، کە من فارسی نازانم و کوردم! ئەویش بێئەوەی شتێک بڵێ یەکسەر لەوێ ونبوو، هێندەی نەبرد، کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنا، لە سەروسیمایەوە دیاربوو ئەویش هەر زیندانیی بوو، سڵاوێکی ساردی لێمکردو کاغەزەکەی بەردەممی هەڵگرت و یەکە یەکە پرسیارەکانی بۆ دەکردمەوە کوردی. لە یەکەم پرسیاردا وتی:

- ئەگەر ئازاد بکرێی بۆ کوێ دەچیت ؟!

موچڕکێک بەلەشمدا هەڵگەڕا، خەریک بوو لەخۆشیاندا زمانم تێکبئاڵێ:

- دەچمەوە وڵاتی خۆم !

وەرگێڕ پرسیاری دەکردو وەڵامەکانمی لەتەنیشت پرسیارەکە دەنووسییەوە، کابرای چوارشانەی تۆبەکار، لەیەکێ لە وەڵامەکانم تووڕە بوو، رووی لەوەرگێڕەکە کردو وتی:

- کۆماری ئیسلامی قەبوڵە یان نا؟ ئا، یان نە؟!

منیش لەسەر خۆ وتم:

-بۆ ئێرە یان بۆ ئێمە؟

وەرگێڕ وەک من، سەری لەپرسیارەکە دەرنەدەچوو، دیاربوو لەدواییدا کابرای تۆبەکار تێیگەیاند، کە مەبەستی هەردوو وڵاتە، پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزو قورس بوو، بەڵام توانیم بایی ئەوەندە وەڵام بدەمەوە، کە ئەوان بە هەندێک گومانەوە رازی بکەم و بڵێم :

- لێرە، خۆتان ئەو نیزامەتان هەڵبژاردووە، بۆ ئێمەش ئەوە ئاساییە، ئەگەر خەڵکی وڵاتەکەم هەڵیبژێرن!

کە پرسیارو وەڵامەکان تەواوبوون، پەنجەمۆریان پێهەڵگرتم، دواتر پارچە کاغەزێکی دیکەیان پێدام و داوایان لێکردم بچمەوە هۆڵی زیندان و شتومەکەکانم بێنمە دەرەوە. هەر کە دەرگای هۆڵەکەم کردەوەو یەکەم هەنگاوم بۆ ژوورەوە هەڵێنا، کۆمەڵێک سەرو چاوی لێکنزیک و دەست و پەنجە لێکگرێدراوم بینی، دیاربوو هەموویان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون هەواڵێکی منیان دەست کەوێ، بەبێ ئەوەی دەممان لێکبترازێ بە ئاماژەکانی چاوو برۆ گومانەکانی خۆمانمان بۆ یەکتر دەربڕی، من کەلوپەلەکانم بە نیگەرانییەکی زۆرو بە پەلە کۆدەکردەوە، من لەو ساتانە لە هیچ شتێک دڵنیا نەبووم، نەمدەزانی سەفەری ئەمجارەیان بۆ کوێیە، دەگوازرێمەوە یا ئازاد دەکرێم ؟ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون نوقمی نێو حەپەسان و نیگەرانی بوون، بەبێ دەنگی خواحافیزیم لە هەمووان کرد، هەر کە چوومەوە لای ئیدارە، پۆلیسێک هاتە پێشم و رێنمایی کردم کە چی بکەم. سەرەتا تەق تەق لە دەرگایەکم دا، کە چوومە ژوورەوە کەسێکی مەدەنیم بینی لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، کە سەیری منی کرد، هەستمکرد بۆنێکی قورس و خەست بە بن لووتمدا تێپەڕی، هەر لەو بۆنە دەچوو، کە بە مردوو دادەکرێ، بۆ ساتێکی کەم خۆمم بە مردوویی هاتە بەرچاو، تەزوویێکی ترسناک گیانمی داگرت، هەستمکرد لە هەموو شتێک دابڕام، کە چاوم هەڵێنا هەمان ئەو کەسە بەسەر سەرمەوە وەستابوو، کە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، کابراکە بزەیەکی بۆم کردو بە چاویش سەرسوڕمانی خۆی لە تێکچوونی لەناکاوی تەندروستیم نیشان دا، بەبێ بایەخەوە وتی :

- لە خۆشیاندا تێکچووی ؟!

## فەرهەنگی ناوو نازناوو ناتۆرە



عەبدولوەهاب شێخانی

خ
خورشید: قورشید: قوشە.
خەجیج: خەجۆ: خەجێ: خەجاو:
خەج: خەجە: خەجیل.
خاسێ: ناوی کچانە
خاسۆ: ناوی کوڕانە.
ز
زێڕۆ: ناوی کوڕانە
زێڕین: ناوی کچانە.
زرار: زرۆ.
زیائەدین: زێندین: یێزدین.
زیاد: زیۆ.
زولێخا: زلێخ: زوولە: زوول: زەخ.
زەینەب: زەینۆ: زێنێ: زێن: زەینێ.
زوورگ ئاباد: زوورگەبات.
د
دلێر: دلە.
دینۆ: ناوی کوڕانە.
دینێ: ناوی کچانە.
دلشاد: دلە: دلۆ.
س
سلێمان: سێمان: سوولە: سالۆ:
سیۆ: سلۆ: سلە: سلّەمان.
سەبیحە: سەبۆ.
سەباح: سیسە.
سادق: ساتق: ساق.
سەعید: سەعە: سەعۆ.
سەیفەدین: سەیفۆ: سێودین.
سارا: زارا: زارێ.
سالّح: سالّە: سالێ: سالۆ: سالحۆ.
سەلیم: سەلە. شەریف سەلیم کە بە "شەفە"ی "سەلە" دەناسرێ.
سەردار: سەرۆ.
سەدرەدین: سەدۆ.
سیروان: سیرۆ.
سەلمە: سەنە.
سابیر: سابە.
ش
شێخ محەمەد: شێخە: شێمە.
شێم حەمەد: سێخۆ.
شەریف: شەرۆ: شەفە.
شێرزاد: شێرۆ: شێرە.
شێرکۆ: شێرە.
شەمسە: شەم: شەمێ.
شەمسەدین: شەمۆ: شەمسە:
شەمێ: شەمسۆ: شەمۆک: شێمۆ:
شەمزین: شەمدین.
شاکر: شوکە.
شوکر: شوکە.
شەفیق: شەفە.
ق
قادر: قالە: قایر: قەدۆ: قادۆ: قادێ.
قەرەنی: قەرە: قەرۆک: قەدۆ.
قاسم: قاسۆ: قاسە.
قەیتەران: قەیتە: قەیتۆ.
قورشە: قورشۆ: ناوی ژنانە.
گ
گەلاوێژ: گەلە.
گەوهەر: گەوەر.
گولّەباخ: گولەک: گروک.
گەشبین: گەژە.
عەبدوللاّ: لە زمانی کوردیدا ناوی عەبدوللاّ زۆر تووشی قرتاند و کورتکردنەوە دەبێت، لە هەر شوێن و ناوچەیەکی کوردستان بە جۆرێک کورت دەکرێتەوە و دەقرتێندرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:
عەبدوللاّ: عەودولاّ: عەبانێ: عەڤد: عەبدوللاّ:
عەبە: عەبۆ: حەبۆ: عەبدال: عەودال: ئاودال:
ئاڤدەل: عەڤدال: عەبد: عەبدی:
حەبە: ئەولاّ:
عەولاّ: حەولاّ: عەڤدوللاّ: عەبدۆ:
عەبدە: عەبدۆک:
عاللاّ: عەدۆ: عەدێ: عەبد: حەبدوللاّ.
ئەبدوللاّ: عەدال: ئەودال: عەڤدی:
عەڤدالۆ.
عەولاّرە: عەولاّلۆک: عەبدۆکە.
عومەر: عومە: عومبەر: عومێ:
حومەر: مەحمەر.
مامەر: ئۆمەر: هۆمەر: ئۆمک:
عومێرە.
عومیلە: حەمەر: مەحمەر.
عەزیز: عەزۆ: عەزە: عیزۆ: عوزە:
عزۆ.
عائیشە: عەیشێ: ئایش: حەیشی:
عەیشان.
عەبدولرەحمان: ئەورەحمان:
ئاورەحمان: رەحمان.
عەبدولکەریم: عەول.
عوسمان: عوسە: وەشە: عوسە:

عوسکۆ.
ئوسمان: عوسمانۆک: عوسمانە:
وەتمان: وەسمان.
عەباس: هەباس: هەواس: باسە.
عیسا: حیسا: حیسە: عیسکە: عیسۆ:
عیکۆ: ئیسا.
عەلی: عەلۆ: عالی: عەلە: ئەلی: ئالی:
عەلکە: عەلۆکە.
حەلی: حالی: عەلیۆک: عەلەکە:
ئەلەکە.
عارف: عەفۆ: عرفۆ.
عەبدوللاّ گوجیلان: عاللاّ.
عەبدولوەهاب: عەبدۆک: عەول.
عەلائەدین: عەلاّ: حەلاّو.
ک
کەریم: کەرۆ.
کاک عەبدوللاّ: کاکەللاّ: کاکل.
کەمال: کەمۆ.
کانەبی: کانۆ:
کافیە: کافە: کەفۆ.
کامەران: کامۆ.
غ
غەربیە: غەبە.
غوربەت: غوبە
غەمگین: غەمە: غەمۆ.
لەتیف: لەتۆ: لەتە.
ن
نەجمەدین: نەجۆ: نەجم: نەجیم.
نەسرەدین: نەسە: نەسۆ.
نازەنین: نانە: نازۆ: نازێ.
نوری: نورە: نورۆ.
نادیە: نادۆ.
نەوزاد: نەوە: نەوۆکە: نەوۆ: نەزۆ.
- نادر: نالە.
- نەوشیروان: نەوە.
م
محەمەد: مەمەد: محۆ: حەمە: حەمۆ:
حەمەد: حەمەدۆک.
مەحۆ: مەم: مەمەند: مامەند: محە:
مەدێ: حەمەد: مەمەد.
مستەفا: مستۆ: مستی: مستە:
مستیل: مچە: مستێ: مستاف.
محەمەد ئەمین: مینە: ئەمین: حەمەد ئەمین: حەمە ئەمین: مینۆ.
مام عەلی: مام ئەلی: ماملی ناوی باپیری هونەرمەندی کورد محەمەد ماملێیە.
مکایل: میکە: مکۆ: مکە: میکۆ.
مەهدی: مادی.
مەجید: مەجیت: مەجۆ: مەجێ.
مەحموود: مەحمی: محە: خولە:
حودە: مەحمو.
مریەم: مێرەم: مەریەم: مێرێ:
مریەمۆک: مێری: مەیرەم.
مەعروف: مارف: مەعرفە.
مەریوان: مەرۆ.
موسا: میسا: موس: موسۆ.
هـ
هادی: ئادی.
هەیبەت: هەبە.
هەژار: هەژۆ.
ی
یونس: ونس: ئۆنس: وتە.
یوسف: یسنف: ئیسۆ: وسوو:
یوسڤ: یوسب.
ئوسو: ویسف: ئسوول: ئسوو.
یەعقوب: یاقۆ: یاقوب.
ناوی قرتاو لەگەڵ نازناو:
١- ناوی قرتاو+ نازناوی ئاغا
حەمە ئاغا: حەماغا: سمایل ئاغا.
رەشاغە: مەمەنداغا.
رەسواغا: رەسوول ئاغا.
مێژوو-٢- ل ١٦٧
٢- ناوی بچووککراوە+ نازناوی شوێن:
عەزەبەغدایی: عەبە تەپەڕەشی: نالە هەورامی.
٣- ناوی بچووککراوە+ بالاّبەرزی:
عەوللە درێژ.
مێژوو -٢- ل١٢٠
ناوی بچووککراوە لەگەڵ ناتۆرە.
- مچە سوسکە.
مێژوو-٢- ل١١٨
- حەمە شەیتان.
مێژوو-٢- ل١٢٤
- حەمە گرانی.
- عەزە شەلی دیان.
مێژوو-٢- ل ٢٦٦
- ئامە شەل.
- حەمە تەرەقە.
- عەدۆ دۆڵچی.
- عەبە قشپل.



# حاجی مەمۆ: لەبیرمە جەلال خۆشناو لەگەڵ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی، بەچرپە پێی گوتم، شەیتان دووبارە گۆڵی خۆی کردەوە



حاجی مەمۆ

لەژیانی رۆژانەی نوێی زانکۆدا، کە بەحەقیقەت قوتابخانەی تەواوکەری فێربوونە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەرەو باوەشکردنە خەون و خۆزگەکانی، بکەوێتە سەرپێیان و خاوەن زەخیرەیەکی زەنگین بێت لە زانیاری و مەعریفەی مرۆڤایەتی.. راستە لایەنە گەشەکانی ژیانی زانکۆ، جیهانێکی نوێیە بۆ دەیان کەسی نەدارو رەشوروتەڵەی بواری گوزەرانی ئەو دەمی وەک بەندە، بەتایبەت لەپایتەختی ولاّتدا. بۆ خۆی لایەنێکی دیکەی ئەو جیهانە نوێیە بوو، کە بۆ یەکەمجار خەڵکانی وەک من لەگەڵ قوتابیانی غەیرە عارەبی عێراقی و بەتایبەتی فەلەستینییەکان تێکەڵ بێت و بەیەکتری ئاشنا بین. بێگومان ئەندامبوون لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەو لاوچاکییەشی بەدەمەوە بوو، کەلەگەڵ خەڵکی لایدە هاموشۆ بکەی و پەیوەندی دۆستانە دروست بکەیت.. لەو سەروبەندەدا، کە لەپۆلی دووەم بووم و بەر لەبەستنی کۆنفرانسی حەوتەمی ی. ق. ک لە سلێمانی، زنجیرەیەک هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنفرانس و لیژنەکانی بەرێوەبردنی قوتابیان ئەنجام درا، بەندە بەپشتیوانی دەیان قوتابی هاوڕێ و دۆستی دڵسۆز بۆ ئەندامێتی کۆنفرانس و لیژنەی کۆلێجی ئاداب - بەشی کوردی پالێورام، بە تایبەت لەلایەن هاوڕێیانی وەک شیرکۆ فەتحوللاّ و محەمەد غەریب و بەهزاد ئیسماعیل یادیان بەخێر، کە ئێستا لە ژیان نەماون لەگەڵ وریا خدرو عیرفان مەردان و جەندانی دیکەوە. ئەوە بوو لەو هەڵبژاردنەی نوێنەرایەتی کۆنفرانس و لیژنەی کۆلێج دەنگی یەکەمم هێنا، کە تارادەیەک بەدڵی هەندێ برادەرانی لیژنەی پێشوو نەبوو..ئەوانەی لەگەڵ بەندە بۆ کۆنفرانس دەرچوون، ئەوەی لەبیرم مابن، ئەو قوتابییانە بوون.. یاسین ئەنوەر، ئەرسەلان بایز، رەشاد سەبری، کەمال عەبدوللاّ. ( داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ناوێکم نەنووسیبێت کە بەبیرم نەهاتوونەتەوە) ئەوانەش کە بۆ لیژنەی بەشی کوردی دەرچووبوون، بریتی بوون لە.. بەندە، عەبدولحوسێن خانەقینی و رەشاد سەبری و خەجیج خان و چواری تر، کە ناوەکانیانم لەبیر نەماون..بەدوای گەڕانەوەمان لەکۆنفرانسی حەوتەمدا، لیژنەکان کەوتنە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئاسایی خۆیان. ئەوە بوو لەبۆ لیژنەکەی ئێمە، سەرباری ئەوەی من دەنگی یەکەمم هێنابوو، بەلاّم دیاربوو لەپەنا دیوارەکانەوە، دەموچاوی بەندەیان بەدڵ نەبوو، لەلایەن کۆمیتەی لقەوە بڕیاری ئەوەیان دابوو، کە لەناو ئەو ئەندامانەی بۆ کۆمیتەکە هەڵبژێردراون، سەرلەنوێ هەڵبژاردن بۆ بەرپرسی یەکەمی لیژنەکە بکرێتەوە ( دیارە ئەو بڕیارەشیان بەخشکەیی لە کاتی ئامادەنەبوونی بەرپرسی یەکەمی لقی بەغداد، هاوڕێ یاسین ئەنوەری نەمر وەرگرتبوو، کە بەکاروباری قوتابیان چووبووە زانکۆی بەسرە . ) بەلاّم ئێمە بۆ دروست نەکردنی حەساسییەت و هەڵوێست وەرنەگرتنی بیانوو پێگرتن، بەبڕیارەکە رازی بووین و لە رۆژێکی دیاریکراودا و لە ژوورێکی مەکتەبی سکرتارییەت و بە ئامادەبونی هەردوو ئەندامی سکرتارییەت جەلال خۆشناو و چیا عەباس و نوێنەری لق و ناوچەی بەغدادی قوتابیان، کە سەلام بەرزۆ بوو. پاش هەندێ دوان و روونکردنەوەی بڕیارەکە، دەرگای خۆ پالاّوتن کرایەوە، ئێمە کە سێ قوتابی هاوڕێی کۆمەڵە بووین، لەنێوان خۆمان وەک تاکتیک لەسەر ئەوە، بڕیارمان دابوو لەبەرچاوی ئەوانەی دیکە، هەریەکەمان خۆی بپالێوێ و دوایی و هەرسێکمان دەنگ بەبەندە بدەین. ئیتر کە ئێمە هەرسێکمان خۆمان پالاّوت، ئەوانیش وەک جاولێکەری سێ کەسیان خۆیان هەڵبژارد و دەنگدان دەستی پێکرد و دوای ژماردنی دەنگەکان لەبەرچاوی هەموان، دیسانەوە من دەنگی یەکەمم هێنا، کە سێ دەنگی خۆمان بوو، ئەوانەی دیکە هەریەکە دوو دەنگیان هێنا و هیچیان بۆ نەمایەوە، چونکە لە پێشەوە بەبڕیاری گشتی ئەوەمان، ساغکردبووەوە کە کێ دەنگی زۆرتری هێنا، ئەو دەبێتە بەرپرسی یەکەم و لیژنەکە بەرێوە دەبات و وەک ئەندامی ناوچەی بەغداد دەست بەکار دەبێت.. ئێستاش لەبیرمە جەلال خۆشناو لەگەڵ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی گەرمی خۆی، بە چرپە سەری لەبن گوێچکەم ناو گوتی، شەیتان دووبارە گۆڵی خۆت کردەوە. پاشان ئەوانەی دیکە زۆر بەناڵییەوە پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەکردم و لەناویاندا، چیا عەباس بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئیتر کەس حەقی پەلپ پێگرتن و بیانوو هێنانەوەی نییە و هیوادارم، هەمووتان هاوڕێیانە کارەکانتان سەرکەوتوانە ئەنجام بدەن.. ئەو ساڵەمان لەگەڵ دەیان چالاکی پیشەیی و ئەدەبی و سیاسی بەرێکرد و بۆ هاوینەکەی، هەریەکەمان گەڕایەوە ناو کەسوکاری..

*****

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ بوو بەهۆی نەخۆشی گوێچکەی سەباحی برامەوە، چوومەوە بەغداد، کە ئەو دەمە بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، چەند مانگێک بوو، هاوڕێی بەوەفا و کوڕی لێقەومان، یەکێک لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی خەباتی ژێرزەمینی کۆمەڵە، کە بەسادەیی هەڵسوکەوتەکانی، بەراستگۆیی پەیوەندی هاوڕێیانەی ژیانی رۆژانەی، بەئاکاری جوامێرانەی بەتەنگەوە هاتنی هەرکوردێک کاری پێبکەوتایە، بەهەڵوێستی چاونەترسانە و دەنگ هەڵبڕینی لەبەرانبەر هەر ملۆزمێک و هەر ناحەقییەکی بدیتایە، ببووە هاوڕێ گیانی بەگیانی هەموان و خۆشەویستترین برادەری ناو قوتابیان و هەتا کوردەکانی دەوروبەری.. کاکە یاسین ئەنوەر کەرکووکی لە رووداوێکی دڵتەزینی ترومبێل لە نێوان و بەغدادو کوت، جوانەمەرگ ببوو. دەتوانم بڵێم بەدوای خۆیەوە یەک بۆشایی گەورەی لە ژیانی هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی بەجێهێشتبوو.. بەندە هەم بەبیانووی براکەم و هەمیش بۆ ئاگاداربوون لە باسوخواسەکانی هاوڕێیانی نیشتەجێی بەغداد، تاکو بەدیداریان لەکۆستی گەورەی بزربوونی هاوڕێ یاسین، هەناسەیەکی دڵنەوایی نێوان هاوڕێیان وەرگرم و بای خەم و پەژارەیی لەدەستچوونی ئەو هاوڕێیە دڵسۆزە بگۆڕم.. ئەوە بوو کە گەیشتینە بەغداد، دوای جێگرتنمان لە هوتێلی سامان لە شەقامی ( الرشید ) بۆ نانخواردن بەئەنقەست چووینە لۆقلتەیەکی بچووکی گۆرەپانی (الرصافی)، کە ناسیاوێکی هاوڕێ عەزیز مەحموود بەرێوەی دەبرد، کە ئەو دەمە عەزیز سەرباز بوو لە قوتابخانەی مۆسیقای وەزارەتی بەرگری عێراق. زۆربەی برادەرەکانی لەو لۆقلتەیە نانیان دەخوارد، کە برنجی کوردی خۆماڵی لێدەنا و ناوی عەبدوللاّ بوو. بەدەم نانخواردنەوە، لە مامۆستا عەزیزم پرسی ؟ گوتی ها بزانە لەگەڵ جەماڵە رەش پەیدا بوون، کە یەکێک بوو لەهاوڕێ قارەمانەکانی کۆمەڵە و پشت و پەنای سەرلەنوێ هەستانەوەی کۆمەڵە لەسەردەستی کاک ئارامی نەمرو هاورێیەکانی بوو. ئیتر ئێمە لەو قسانە بووین، هەردووکیان پەیدا بوون. دوای چاکوچۆنییەکی گەرم، عەزیز هاوڕێ جەمالی پێمان ناساند و گوتیان تۆمان لەئاسمان دەویست و لەسەرئەرزی بۆمان پەیدا بووی. جەماڵە رەشی نەمر، کە دوایی لەبەرگی پێشمەرگایەتی لەشاری سلێمانی گیراو پاشان وەک پاڵەوانی هەیئەی خاصەی کەرکووک، بەوپەڕی سەربلندی لەسێدارە درا و داستانەکانی خۆڕاگری و رووبەڕووبوونەوەی ئەو کەڵە پیاوە دەنگی دایەوە و چەندان شایەدی زیندووی وەک هاوڕێیان کۆسرەت و تەلعەت خدرو قاسم عەزیز، قارەمانێتی کەم نموونەی ئەو پیاوە دەگێڕنەوە. تومەز هاوڕێ جەمال قەمارەیەکی مارسدیسی هەبوو، کە هێنابوویە بەغداد بۆ چاککردنەوەی کەموکوڕییەکانی، فیتەرەکان پێیان گوتبوو، ئەوە تەنیا لەلای فیتەرێکی هەولێر بەناوی عەبدۆکی فیتەر (داخەکەم لەدەمی ئەنفالەکان و لەتەقوتۆقی رەوە جاشێک لەبەردەم وەرشەکەی گوللەیەکی بەرکەوتووەو شەهیدبووە) چاردەکرێ. منیش پێمگوتن، ئەو فیتەرە ئەو کاتە دراوسێی ئێمە بوو لەگەڕەکی سەعدووناوە و مرۆڤێکی هێجگار جوامێرە. کە لەلۆقلتەکە هاتینە دەرەوە، مامۆستا عەزیزو جەمال هەردووکیان لەگەڵمان هاتنە هوتێلەکە و کەلوپەلەکانی خۆمان هەڵگرت، کە ئەو رۆژە کوڕێکی هەولێری رەوشت بەرزو یارمەتیدەر بەناوی ئیسماعیل کانەبی لە هوتێلەکە بوو، بەبێ ئەوەی پارەمان لێوەرگرێت ناومانی رەشکردەوە، لەگەڵ ئەو دوو برادەرە، بەرەو گەڕەکی (الكسرە) بەرێکەوتین، کە هاورێیان شاسوار جەلال و حەمە قەراخی شوقەیەکیان لەکۆلانێکەوە بەکرێ گرتبوو، گەڕەکەکە زۆر شەعبی و هەژار نشین بوو.. پاش سەرخەوێک، من لەگەڵ سەباحی برام بەهاورێیەتی کاک شاسوار چوینە لای پزیشکێک لە شەقامی (السعدون) وئەو بەجێهێشتین و دوای دیدەنی پزیشک و دەرمان کرین، بۆ خۆمان تا درەنگانی شەو لەو ناوە پیاسەمانکرد و بۆ شەو گەڕاینەوە ماڵەکەی ئەو برادەرانە، کە هەر کاک شاسوار بەتەنیا لەماڵ بوو، ئێمە خەومان دەهات و سەرو پێخەفمان هەڵگرت و لەسەر بانەکە لێی خەوتین، بەبێ ئەوەی ئاگامان لە هیچ هەبێت. بەیانی کە رابووین و خەریکی نانخواردن بووین کە هەمووی هاوڕێ شاسوار ئامادەی کردبوو . سەیرمانکرد مامۆستا عەزیزو جەماڵە رەش بە دەموچاوێکی گرژ و خەمبارانە هاتنە ژوورەوە.

ئەو زەمانە لە بەغداد ناوی ( ابو طبر ) کەوتبووە سەرزاری هەموو کەسێکەوە، کە زۆرتر لە سیناریۆیەکی بەعسییەکان دەچوو بۆ ترساندنی خەڵک و بەرێکردنی هەندێ مەبەستی پشکنینی تێکڕای بەغداد. گوایە ئەو ئەبو طەبەرە شەوانی درەنگ دەچووە سەرخەڵک، کەسەکانی ئەو ماڵی یەک بەیەک سەردەبڕی و پارچە پارچەی دەکردن. ئەو شەوەش عزیز و جەماڵەرەش فرسەت دەهێنن و دەچنە رەستورانێکی گەورە و قەشەنگ و هەتا دەوری سعات دوو بەسەرخۆشی بەرەوماڵ دەگەڕێنەوە، بۆ نەگبەتی خۆیان ئەو شەوەش عەزیز وەک سوخەتی هەمیشەیی، لەو رەستورانە، چی چەقۆ و چەنگالی بەردەست دەکەوێ وەک زیانگەیاندن بە بورژوازی، هەمووی لەگیرفانی خۆی دەنێ و هەتا جەمالیش چاو لەو دەکات. کە دەگەنەوە دەوروبەری ماڵەکەی هاورێیان، لێیان تێکدەچێ و لەدەرگای ماڵێکی دیکە دەدەن، کە هەردووکیان دەمانچەشیان پێبووە. زۆر لەدەرگا دەدەن، هەتا خەڵکی ئەو ماڵە و دەرودراوسێیەکانیان بەخەبەر دین و لەسەربانەوە، تەماشا دەکەن دوو کەسی نەناسراو لەدەرگا دەدەن و لێیان دەکەونە گومان و دەست بە هاوارهاواری ( ابو طبر.. ابو طبر ) و کۆلانیان لێ پڕ دەکەن و ئەوکەسەی لەسەربان راست دەبێتەوە، هەرچییەکی دەستییان دەکەوێت، تێیان دەگرن و چەندان خشت بەسەروگوێلاکیان دەکەوێ و بەپەلەپڕوسکێ ( هەڵێ خالە ماڵی خۆمان نییە ) دەکەونە راکردن هەتا لای ترومبێلەکەیان، کەلەسەرجادەی گشتی رایانگرتبوو..لەگەڵ گێڕانەوەکەیان من زۆر پێکەنیم. بەلاّم کاک شاسوار زۆر بەهێمنی رووی لە عەزیزکردو گوتی.. عەزە ئەوەشت کرد و لێرەش فرسەتی مانەوەت بۆ نەهێشتینەوە زووکەن جلەکانتان بگۆڕن، نەوەک بەو جلانەی خۆتان بتان ناسنەوە.. ئەوە بوو دوای تەواوکردنی نانخواردنەکەمان، من و سەباحی برام لەگەڵ هاوڕێ جەماڵە رەش بەرەو هەولێر گەڕاینەوە و ئەوانیش ئەو ماڵەیان بەجێهێشت.

**یاسین ئەنوەر کەرکووکی لە رووداوێکی دڵتەزینی ترومبێل لە نێوان بەغدادو کوت، جوانەمەرگ بوو. دەتوانم بڵێم بەدوای خۆیەوە یەک بۆشایی گەورەی لە ژیانی هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی بەجێهێشت**

**بەشی چل و هەشت**

# عەلی حەسەن مستەفا: گەل بڕیاری کۆچگەلی مەزنی دا و لەدژوارترین باری دەروونیدا، سەختترین ڕێگای گرتەبەر



عەلی حەسەن مستەفا

**کۆرەوەکە و وشیاربوونەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی**

لە پاش ڕاپەڕینە مەزن و مێژووییەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و شکستی بێ شەرم و ئابڕووەکەی سوپا کوردکوژەکەی عێراق.ئەو سوپا بەزیو و هەڵهاتووەی، کە زۆربەیان بەپێی پەتی و بێ چەک و تاقم لە بەهارێکی تەڕو تووش بەرەو کۆشی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکەیان ڕۆیشتنەوە و دوای پەندو وانە وەرگرتنێکی گورچکبڕی وەک چۆن پێشینان دەڵێن:(تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە).بۆ هەزاران جاری تر و بەفەرمانی دیکتاتۆرەکەیان دیسانەوە تانک و زریپۆش و تۆپەکانیان دەرگای ماڵی کوردیان گرتەوە و سیاسەتە گەندەڵەکەیان پیادە کردەوە و ژن و منداڵی کوردیان لە خوێندا گەوزاند و بەهەزارەها گەنج و پیر و ژن و منداڵ و پەککەوتە و بێ هێزی ئاوارەی چیاو چۆڵەکانی کوردستان کرد لە هەندێ شاری وەک کەرکووک و هەولێر و سلێمانی بەرگری مان و نەمان کرا، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک ئەمجارەیان سیاسەتی بیری کۆمەڵی (عقل الجماعی)یان بەکار هێناو گەل بڕیاری کۆچگەلی مەزنی داو لەدژوارترین باری دەروونیدا سەختترین ڕێگای گرتەبەرو کەوتەڕێ، دەست بەرداری ماڵ و سامان و گەورەترین دەست کەوتی ئازادی بوو. بۆئەوەی بیسەلمێنین کە گەلی ئێمەش دەنگ و ڕەنگ و بوونی هەیە، نەوەیەکی چەندین ملیۆن کەسییە و لە سادەترین مافی ژیان بێبەشە، کۆچە مەزنەکەی گەل دەروازەیەکی فراوانتری لەبەردەم ئاسۆی میلەتەکەماندا کردەوە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە سۆزی هەموو وڵاتانی بۆ خۆی ڕاکێشا، لە ڕووی سیاسیشەوە مەسەلەی کوردیان پڕ بەبایەختر وەرگرت. لەکۆچە گەلە و کۆڕەوە گەورەکەدا هەر یەک لە ئێمە ئەم دیمەنە ترازیدیانەی بەچاوی خۆی دەدی، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە سەریان و بۆ ساتەوەختێک ئاوڕیان لێ بداتەوە:-

دایکێکی ئازاو بەغیرەتم بینی منداڵێکی بەکۆڵییەوە بەست بوو، یەکێکی تر بەباوەشییەوە و تورەکەیەکی پڕ لە کەلوپەلی بەسەر سەرییەوە و کیژۆڵەیەکیش دامێنی کراسە شڕەکەی دایکی گرتبوو بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەڕێ کەوتبوون. هەروەها لەبەر گیرانی ڕێگای هەولێر مەسیف زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان لایان دابووە ناو بەستی (بەستۆڕە)، لەو کاتە فڕۆکەکانی ڕژێم گەیشتنە سەر ئاپۆڕەی خەڵکەکەو دەستیان کرد بەبۆمبارانی کوێرانەی خەڵکی ڕەش و ڕووتی کۆچکەر لەدەستی ئەم ڕژێمە، کەچی دەستی ڕەشی دیسانەوە گەیشت بەخەڵکەکەوە، بەهەڕەمەکی دەستڕێژی لێ کردن و هەر لەو کاتە ئۆتۆمبێلێک، کە لەدوای ئێمە وەستابوو پڕ لە ژن و منداڵی بێ دەسەڵات کەوتە بەر دەستڕێژی کوێرانە و لەکاتی هاتنی فڕۆکەکان زۆربەی خەڵکەکە رایان کردە ژێر دار و دەوەنی بەستەکە و پەنا گردەکانەوە، یەکێک لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە بەدەنگی بەرز و ترسناک و پڕلەسۆزەوە و قیژاندی (سالم تەیارە هات..تەیارە...) لەو هاوارەدابوو پارچەیەک لەناپاڵمە خوێن ڕێژەکەی بەعس بەری کەوت و برینداری کرد. هەروەها پیرەژنێکی خان و مانی ڕۆح سووکی زمان شیرین دەستی هاوسەرە ریش سپییەکەی گرتبوو گیانە پەپوولەییەکەی ڕێگای دووری سنووری پێنەبڕاو لەیەکەم قۆناغدا دڵی لەلێدان کەوت و چاوەکانی هەر کراوە بوو بەباڵای کوردستاندا نەئەترووکان و ئاوا نەدەبوو. داپیرەش بەدەستەکانی پێڵووی چاوەکانی دادایەوە، پڕ بەئۆقیانووسی چاوەکانی فرمێسکی سووری کڵۆڵی و دەربەدەری ساڵانێکی دوورو درێژی باراندە سەرلاشەیەکی بێگیان و بۆ هەتاهەتایە ماڵئاوایی لێکردو نامۆیانە ملی کۆچی گرتە بەر. هەروەها کیژێکی ترم بینی گالیسکەیەکی سێ چەرخی پاڵپێوەدەنا کە دایک و باوکە پیرو کەنەفتەی سەرجێگای لەسەردانا بوون، منیش پێمگووت: هەرچەندە سروشت تۆی بەئافرەت درووست کردووە، بەڵام کارەکانت پیاوانە و مەردانەن. شەقام و ڕێگاکان جمەیان دەهات، کەس بەزەیی بەکەسدا نەدەهات و کەس نە دەپرژایە سەر کەس هەر ڕۆیشتن بوو نەدەگەیشتینە سەر سنوور، خوێندەوارانی خۆشەویست هەرکەسێک لە ئێمە بە سەدان ڕووداو و کارەسات و دیمەنی ئا لەو جۆرانەی سەرەوە، کە نووسیم بەبەرچاوی تێپەڕیوە و لە لاپەڕەکانی بیری مێشکیدا بۆ کوردی تۆمار کردوە، بۆیە پێویستە هەموومان وەک پێویست لەبەردەم ئەو بیرەوەرییانەدا هەمیشە لەیادمان بێت و خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی کوردمان لەبیر نەچێتەوە و ببێتە پەند و وانە بۆ خۆمان و ڕۆڵەکانی داهاتوومان. توانیمان لە ڕۆژانی تاڵ و شەوانی پڕ کرێوە و تۆفاندا کە لە برساندا ناوسکمان هەڵدەگوشی لە خەبەرداریدا بە وەنەوز ڕۆژمان دەکردەوە، لەلایەکی تریش شیرینیش بوو وەک ئەوەی توانیمان گەڕەکێکی چراخان لەناو مەملەکەتی تاریکستانی سەر سنووردا دروست بکەین و لە ڕۆژێکی زۆر ڕووناک و پڕشنگداردا توانیمان بگەینەوە سەر ماڵ و حاڵ و شارو گوندەکانمان، بەکۆمەڵێ دەستکەوتی جیهانی و شانازییەکی گەورەی گەلی کورد، چونکە گەل سەلماندی کە زوڵم و زۆرداری و جەور و ستەمی پێ قبوڵ نییە و کۆچ گەل دەکاو دەستبەرداری ماڵ و سامان دەبێ لەپێناوی ئازادیدا. لەئەنجامدا و لە ١٩/مایسی/١٩٩٢دا و لە مێژووی خەباتی سیاسی کورددا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەپشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک و بەیەک ئیرادەی پۆلاینی هاوبەش بەشداری پرۆسەیەکی چارەنووسساز و هەڵبژاردنێکی ئازاد و فراوانی لەبەرچاوی هەموو دڵسۆزان و دوژمنان کرد، پەرلەمانێکیان هەڵبژارد و ئەنجومەنی وەزیرانیان دروست کرد، گەلی کورد دەنگی بڵند بووەوەو شێوازی شارستانی بەخۆیەوە بینی، بۆ یەکەمجار تاکی کورد بۆ بەردەم سندوقی دەنگدان کەوتنە ڕێ. سەلماندمان ئێمەش وەکو هەموو گەلان ژیانی شارستانی و ئازادیمان قبوڵە و هەموو پیاوی جوامێر و شارەزای سیاسی و پێشکەوتووین.

**وەفاداری بۆ تێکۆشەرە بێ ناوەکان**

١- نورەدین سەعید حوسێن لە دایکبووی ١٩٥٣یە، کوڕی ئامۆزای باوکمە، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لای من پێشمەرگە بووە تا هەرەسی ساڵی ١٩٧٥. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا نموونەی ئازایەتی بوو، لە هەموو ئەو شەڕانەی کردوومانە (نورەدین) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لە ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە کاری ڕێکخستنی ناو شاریش ئەوپەڕی چالاک و دڵسۆز بووە، بەردەوام خەمی پێشمەرگەو میللەتەکەی بووە، بێ سڵەمینەوە هەر ئەرکێکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە بەوپەڕی چاونەترسییەوە جێبەجێی کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەگیرێ و لە زیندانیش خۆڕاگری ئەم ڕۆڵە نەبەردەی گەلەکەمان جەللادە ترسنۆکەکانی سەرسام کردبوو، ئەوە بوو سێ مانگ دوای گرتنی لەسێدارە درا. شەهید نورەدین لە ڕاپەڕاندنی کاری ڕێکخستن گوێی بەوە نەدەدا ئەمە ئەرکی ئەوە یان نا، خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانکۆ دەستی پێ کرد، ئەو لە ریزی پێشەوە بوو، پێشمەرگە جلوبەرگو خۆراکی پێویست بوایە بە پەلەو بێ دواکەوتن دەست بەکار دەبوو تا هەموو پێویستییەکانی دەگەیاندە دەست پێشمەرگە. لە هاتنەوەشدا دەیان بلاوکراوەو نامیلکەی ناو شۆڕشی دەهێنایەوەو بڵاوی دەکردەوە. ڕۆڵەیەکی ورە بەرزو چاونەترس و ماندوونەناس بوو، بەردەوام ورەی دەوروبەرەکەی بەرزدەکردەوەو هانی دەدان لە شۆڕش و پێشمەرگە نزیک ببنەوە. هەرکاتێک گەنجێکی کوردبیویستایە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکات، ئەوا (شەهید نورەدین) دەست بەجێ سواری ئۆتۆمبیلی دەکردو بەرەو سەنگەری مەردایەتی دەبرد و تەسلیمی هەڤاڵانی دەکرد. سەد حەیف خوێنڕێژەکان ماوەیان نەدا، بەڵام لە گۆڕیشدا بێ ئاواتەکانی هاتۆتە دی.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی..

٢- سەباح پیرداود کەئامۆزام بوو لە ساڵی ١٩٦٤، تەمەنی چواردە ساڵ بوو کە پەیوەندی بە ریزکانی پارتییەوە کرد، منیش لە ناوچەی جوتیاران بووم لەلای خۆم کردمە نووسەر، تاقانەی باوکی بوو، منیش زۆرم خۆشدەویست هەتا پۆلی سێی ناوەندی خوێند بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو تەمەنەو کەم خوێندەوارییە زۆر زیرەک بوو، لەگەڵ یاسین حاجی حوسێنی ئامۆزام و (عەبدولکەریم عومەر)ی کوڕی خاڵم هەرسێکیان لە بارەگای ناوچە ئیش و کارەکانی حزبییان زۆر سەربەرزانەو قارەمانانە بەڕێوەدەبردو بەرگرییان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکرد لە دەشتی هەولێر، بەتایبەتی هێرشە گەورەکەی سەر چیای سەفین لە ساڵی ١٩٦٥ ئەرک و خەرجی هەموو شەڕەکە کەوتبووە سەرشانی لیژنەکەی ئێمە، شەو هەتا بەیانی نان و شەکرو چاو ماست و ئاردمان کۆدەکردەوەو لەگەڵ هەموو کادرەکانی ناوچە رەوانەی لقی دووی حزبمان دەکرد لە ناحیەی هیران.

شەڕەکە سی و پێنج ڕۆژ درێژەی هەبوو، بە درێژایی شەڕەکەش پێشمەرگەکانمان هیچ کەم و کورییەکیان نەبوو، ناوبانگی ئێمە لە ناو شۆڕش و سەرکردایەتیدا دەنگی دایەوە بە هۆی سەرکەوتنی پێشمەرگەکانمان لە چیای سەفین، کە ئێمە دەوری بەرچاوو باڵامان بینی.

پاش کۆتایی شەڕەکە سەردانی مەکتەبی سیاسیم کرد لە گوندی (ناوپردان)، سەباح-ی ئامۆزاشم لەگەڵدا بوو، بەڕێز دکتۆر مەحموود عوسمان پێی گوتین: پیرۆزباییتان لێ دەکەم و پێی ڕاگەیاندم مانگی سوور (صليب الاحمر) دەورەیان بۆ کردووینەتەوە بۆ فێربوونی خولی برین پێچی، ئەگەر کەست هەیە با بینووسین و بەشدار بێت لەو خولەدا، منیش پێمگوت: ئەوە سەباحی ئامۆزامە بۆم بنووسە هەر ئەو ڕۆژەش پسوڵەی مەکتەبی سیاسی وەرگرت و لە خولەکە وەرگیراو لە ئەنجامدا بە یەکەم دەرچوو.

ئەو سێ کەسەی سەرەوە، کە ناوم هێنان هەر سێ خزمی خۆم بوون و لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول تا کۆتایی لەگەڵمدا بوون، بەش بەحاڵی خۆم شانازییان پێوە دەکەم، بە تایبەتی سەباح کەوا خزمەتێکی زۆری پێشمەرگەی برینداری لە شاخدا کردووە.

٣- هەروەها لە پیاوە ماقوڵەکانی دەشتی کۆیە کە لە خەباتدا لەگەڵ هەڤاڵ مەلا عومەر زۆر یارمەتییان داینو لەڕێی ئەوانەوە توانیمان پەیوەندی بەزۆر پیاوی ناوداری ناوچەی کۆیە بکەین لەوانەش:

-کێخوا عەبدەی سماقوڵی.

-حاجی کاکولی پیرەر.

-حاجی حەمرەزی کوڕی کوێخا حەوێزی شاخە پیسکەیی. کوێخاحەوێز پیاوێکی دانا بوو لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئاغاو شێخەکانی دەشتی کۆیەدا بەشداربووەو پیاوێکی قسەزان و ناودار بوو، هاوڕێی مەلا محەمەدی جەلیل زادەبووە، کە بە مەلای گەورە مەشهور بوو.

- ئەسعەد ئاغای مەنتک، پیاوێکی لەسەرخۆو سەنگین بوو، لایەنگیری شۆڕشەکانی کورد بوو.

- عەبدوڵلای فەقێ خدر لەگەڵ مەلا جەلالی سێ گرتکان و حاجی عوسمانی ئیلینجاخ، هەموو ئەو پیاوانە پەیوەندی بەهێزیان بەئێمەوە هەبوو، پشتگیری تەواوی ئێمەو شۆڕشیان دەکردو خەڵکێکی زۆری برامەسیحییەکانی هەرمۆتە، کە پیاوی دڵسۆزو ئازان، پشتگیریان لێدەکردین و هەروەها هاوڕێ (عەلی مەولود) داربەسەری، کە جووتیارێکی گوندی داربەسەر بوو و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بوو، پیاوێکی زیرەکو لەسەرخۆ، بەسەدان کوڕە کوردی هۆشیارکردەوە، لەساڵی ١٩٧٤دا کە حزبی شیوعی بەتایبەتی کوردە شیوعییەکان کە چەکیان لە دژی جوڵانەوەی بزووتنەوەی کورد هەڵگرت کاک عەلی بڕیاری دا دەست لە کار بکێشێتەوەو ببێتە پێشمەرگەیەکی پارتی لە جوڵانەوەی شۆڕشی کورددا، بە داخەوە لە ئەنجامی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە شاری چۆمان شەهید کراو فاروقی کوڕی لەگەڵ خزمەکانیدا ئێستا لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا خزمەت بە گەل و نیشتیمان دەکەن.

دەشتی کۆیە لانکەی پێگەیاندنی زۆر لە ڕۆڵەکانی سەربەرزی گەلەکەمان و لە ڕۆژەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا ناوبانگی بالایان هەبوو، ئێستاش بە شارەکەی حاجی قادر بە ناوبانگە.

شەهیدکردنی مامۆستا عەبدولخالق مەعروف پیاوی زانای زانستخوازو زیرەک و بلیمەت و ڕۆشنبیری گەلەکەمان لە بواری ئاین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیان و باشترین تەکنیککار بووە، سەرقافڵەی وشیاری ئەو کاروانە پێشکەوتووە بووەو هەردەم ڕۆڵەکانی گەلی وشیارکردۆتەوەو دڵسۆزی نەتەوەی کورد بوو، هەمیشە نووسینەکانی نوێخواز بوو بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک لەسەر ڕێگای ڕاستو یەکێ لە پەرتوکەکانی لە ژێر ناوی (ئادەمیزاد لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا) کە ئەم پەرتووکە بەرەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوکاتی ڕژێم بە چاپ گەیاندراو بلاوکرایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هەندێ مەلای نامەلا کەوتنە پڕوپاگەندەی نارەواو بوختان هەڵبەستن، کە گوایە پەرتووکەکەی دژی دەستوورەکانی ئایینی ئیسلامەو ڕژێمی بەعسیش زۆر حەزی بە لەناوچوونی دەکرد، بۆیە دەیویست ئیفادەو فتوای ئەو نامەلایانە وەربگرێ، کە کوشتنی حەقەو ڕێ و شوێنی هەلی کوشتن بەرجەستە بکەن، بەڵام بەداخەوە کە ئەو پیاوە ناودارەی ئایینناسو ڕۆڵەیەکی ڕۆشنبیری گەلەکەمان بەنامەردانە لەنزیک ماڵی خۆیدا شەهیدیان کرد.

**بەشی سی و هەشت**

## ڕۆژانێ بوو ٤٨

لە ساڵانی هەفتاکان لە هەولێر جگە لە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سەرەتایی و ئامادەیی و پیشەسازی هەتا پەیمانگەیەکیش نەبوو نەک زانکۆ، جا خوێندکارە دەرچووەکانی ئامادەیی بە تایبەتی ئەو خێزانانەی لە رووی داراییەوە وەزعیان باش بوو، منداڵەکانیان رەوانەی بەغدا و موسڵ دەکرد بۆ تەواوکردنی خوێندنییان لە زانکۆ و پەیمانگاکان زیاتر بەلای رەگەزی نێرینە دەشکایەوە، بەڵام ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش لەو قوتابییانەی خانەوادەکانیان هەژار بوون یان موحافزکار ڕێگایان بە کچەکانیان نەدەدا بچن لە بەغدا و شارانی تر بخوێنن، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەو هەولێرەدا مابوونەوە و گیریان خوارد بوو... ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ ژمارەیەک لەو کچانەی دەرچووانی ئامادەیی پەیوەندیان بە منەوە کرد، کە وادەیەکیان لە هەڤاڵ عەزیز ئاکرەیی وەربگرم، کە ئەوکات هەڤاڵی ناوبراو سەرپەرشتی لقی"٢ پ. د. ک" سنووری هەرێمی هەولێری دەکرد بۆ ئەوەی یاداشتێکی بدەنێ و داواکەیان ئەوە بوو پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر بکرێتەوە، ئەوکات منیش "متفرغ" بووم بۆ کاروباری حزب "پ.د.ک" لە ناوچەی هەولێر، ئەوە بوو وادەم بۆ وەرگرتن، هەندێک لەو کچانە خزمی من بوون و هەندێکیشیان نەمدەناسین ژمارەیان "١٢" کەس دەبوون، وەکو نوێنەری هەموو ئەو کچانەی هەمان مەسەلەیان هەبوو، پاش ئەوەی خوالێخۆشبوو عەزیز ئاکرەیی و هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر و خورشید شێرە گوێیان لە داواکانییان گرت و یاداشتنامەکەیان خوێندەوە بەڵێنیان پێدان کە کارەکانییان جێبەجێ دەکەن... جا کچەکان چوونەوە ماڵی خۆیان و من مامەوە و نووسراوێکیان بۆ مەکتەبی سیاسی کرد و کارەکەیان بە من سپارد نووسراوەکە ببەمە "م. س" بۆ هەمان مەبەست، دوای ئەوەی کە چوومە ناوپردان و لەوێ چاوم بە نووسەر و ڕۆشنبیر "جەرجیس فەتحوڵلا" کەوت بە خۆی و گۆچانەکەی، بەردەوام کوڕە خوشکێکی هەراشی لەگەڵ دابوو دوای ئەوەی سڵاوم لێ کرد بە زمانی عەرەبی چاک و چۆنیمان کرد، پێم گوت نووسراوێکم لە لقی٢ پ. د. ک هێناوە، گووتی زوو برۆ ئەو ژوورەی تەنیشتمەوە هەتا دکتۆر مەحموود عوسمان لەوێیە تا ئیشەکەت بۆ بکات، کە چوومە ئەوێ بەو پێیەی دکتۆر مەحموود عوسمان بۆ ماوەی چەند مانگێک مامۆستام بوو لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول دەیناسیم، سڵاوم لێکرد، نووسراوەکەم دایێ و خوێندییەوە، گووتی ئێوارە وەرە ئەو ژوورەی قەڵەم وەڵامەکەی وەرگرەوە، ئەوەبوو ئێوارە وەڵامی نووسراوەکەم وەرگرتەوە ئاراستەی خوالێخۆشبوو سەیدا ساڵح یوسفی کرابوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای لیژنەی ئاشتی یان وەزارەتی پەروەردە ئەو کارە جێبەجێ بکات، پێی گووتم هەرخۆت کارەکە تەواوکە، نووسراوەکە ببە بۆ بەغدا بۆلای سەیدا ساڵح یوسفی، منیش گووتم:"خاڵ" ئەو کچانەی هاتبوونە ئێرە حەز دەکەن هەر هەموویان بە کۆستەرێک بچن بۆ بەغدا و نووسراوەکەش لەگەڵ خۆیاندا ببەن تا داواکەیان جێبەجێ نەکرێ نەگەڕێنەوە.. بەدەم بزەو خەندەیەکەوە تەماشای منی کرد و هەڤاڵ مەلا قادر لەوێ دانیشتبوو ڕووی لەویش وەرگێڕا.. پاشان گووتی باشە بەڵام تۆ خۆت لەگەڵیاندا برۆ و مەسرەفێکیشتان بۆ سەرف دەکەین، نووسراوێکیش بۆ "لقی٥ پ. د. ک" کرا، کە لەو مەوزوعە هاوکاریمان بکەن بۆ دیدەنی سەیدا ساڵح یوسفی تا بتوانین چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەین، ئەوە بوو مەسرەفێکم بۆ ئەو سەفەرە وەرگرت و بۆ بەیانی بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتین، شەو لە ئوتێل هەولێر لە بەغدا خەوتین، بەیانی چووینە لقی٥ پ. د. ک، لەوێ چاوم بە هاوڕێی دێرینم خوالێخۆشبوو نەوزاد محەمەد عەلی موختار کەوت ئەندامی لقی٥ بوو ئەوکات ئەویش لەگەڵ ئێمە هاتە لای خوالێخۆشبوو هەڤاڵ عەبدولرەحمان گۆمەشینی، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک لە هیران بووم وەک مامۆستای شۆڕش هەڤاڵی ناوبراویش ئەندامی لقی٢ پ. د. ک بوو هەر لە هیراندا یەکترمان دەناسی و منی خۆش دەویست، دوای چاک وچۆنی نووسراوەکەم دایێ گووتی زۆرباشە با تەلەفونێک لەگەڵ سکرتێری سەیدا ساڵح بکەم، کە ئەوکات وەزیری دەوڵەت بوو لە وەزارەتی پلاندانان دادەنیشت، وادەی هەمان ڕۆژی بۆ وەرگرتین ئەگەر لەیادم مابێ "مونزر" ناوێکی لەگەڵ داین چووینە وەزارەتی پلاندانان، ئەوکات سکرتێری هەڤاڵ سەیدا ساڵح یوسفی کاک حەمید ئەتروشی برای عەبدولوەهاب ئەتروشی بوو، کاک حەمید ئەتروشی ئێمەی بەخێر هێناو نووسراوی م. س و یاداشتنامەکەی بردە لای هەڤاڵ سەیدا ساڵح یوسفی، دواتر گەڕایەوە گووتی لەم ژمارەیەی لێرەن "٤" کچیان بێن، لەگەڵ بەندە چووینە ژوورەوە، من خۆم پێناساند، کە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردم، چونکە سەیدا ساڵح ئەویش نووسەر و شاعیر و ئەندام بوو لە یەکێتی نووسەران، زۆر بەهێرهاتنی کردین، کچەکان باسی خۆیان و هەواڵانی خۆیان کرد، کە هەندێکیان چەند ساڵە دانیشتوون دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی و توانای خوێندیان نییە بێن بۆ بەغدا، بۆیە ئەو داوایە دەکەن، سەیدا ساڵح دەستی دایە تەلەفون و دیار بوو لەگەڵ وەزیری پەروەردە "سوعاد" ناوێک بوو قسەی کرد، دوای تەلەفۆنەکە گووتی ئێوە دەڕۆنەوە هەولێر بە سەلامەتی، دڵنیاتان دەکەمەوە وا بەڵێنم لە وەزیری پەروەردە وەرگرت کە داواکانتان جێبەجێ دەکرێ... ئیتر بەسەر و دڵێکی خۆشەوە لەگەڵ نوێنەری لقی٥ مونزر ناو گەڕاینەوە لقی٥پ.د.ک، وەزعەکەمان بۆ هەڤاڵ عەبدولرەحمان گۆمەشینی گێڕایەوە دواتر گۆمەشینی بەجیا بانگی کردم، گووتی ئەمڕۆ نیوەڕۆ لە چێشتخانەیەک لەگەڵ ئەو کچانە داوەتتان دەکەین، منیش پێم گووت، کارێکی ترمان لەگەڵدا بکەن باشترە، زۆربەی ئەو کچانە لە خێزانانی هەژارو لێقەوماون، لە جیاتی داوەت مەسرەفێکیان بۆ سەرف بکەن بۆخۆیان لەو بەغدایە جل و دیاری و شت دەکڕن، گووتی باشە، ئیتر برە پارەیەکی باشم بۆ وەرگرتن و بە دڵخۆشییەوە چووینە بازاڕ، دواتر بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین، ماوەیەکی زۆری نەبرد لە وەزارەتی پەروەردە لە بەغدا بڕیارێک دەرچوو بە کردنەوەی ئەو پەیمانگایە، بۆ بەدواداچوونیش ڕۆڵی جوامێرانەی "شێخ خالس بەرزنجی" نکۆڵی لێ ناکرێ کە هەیبوو، ئەوە بوو بەبۆنەی "١٨" شوباتی یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٧٤ ئاهەنگێکی گەورە لەو پەیمانگەیە ساز درا و یەکێک لەوانەی کە شیعرمان خوێندەوە بەندە بوو، بەچەند کۆپلە شیعرێک کە ئێستاش لە یادی گوێگرانی ئامادەبووانی ئەوسا دەرناچێ و دەیلێنەوە بەتایبەتی هۆنراوەکەی "حی الاندلس و عەگالێکی حی الاندلس" و.... هتد

ئەوە بوو چیرۆکی دامەزراندنی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر.



موحسین ئاوارە



## میوانانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن ٢٩-٢٠١٠/٦/٣٠
## لە بەردەم نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا - واشنتۆن دی سی


بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
■ بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
■ راوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
■ راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور
■ راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
■ راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +